# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی

(زانستی و وێژەیی)

ڕێبەری مامۆستا

سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
تایپکردن : شڤان سابیر عولا
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆک: شڤان سابیر عولا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی
(زانستی و وێژەیی)

رێبەری مامۆستا

ئامادەکردنی
م. خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس
پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن
د.  شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح
د. قادر محەمەد محەمەد

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٦ |
| پێشکار | ٧ |
| گەشەی هونەری قوتابی لەم قۆناخەدا (١٦) ساڵ | ٧ |
| قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد) | ٧ |
| تایبەتمەندییەکانی خوێندکار لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا | ٩ |
| ئەرکی مامۆستا | ١٤ |
| ڕەفتاری مامۆستا لەگەڵ خوێندکاراندا | ١٤ |
| ئەرکی مامۆستا لەناو پۆلدا | ١٧ |
| ڕێنمایی لەکاتی وانەگوتنەوەدا | ٢٠ |
| ڕۆڵی زانیاری لە گەشەپێدانی خوێندکار لەم پرۆگرامەدا | ٢٣ |
| تاقیکردنەوە | ٢٤ |
| خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٢٩ |
| **تەوەری یەکەم – مێژووی هونەر** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| هونەری بیزەنتینی | ٣٤ |
| **وانەی دووەم** | |
| هونەری گووتی | ٤٩ |
| **وانەی سێیەم** | |
| جوان و جوانی | ٦٧ |
| **تەوەری دووەم – نەخشەسازی** | |
| **وانەی یەکەم** | |
| پێکهاتەکانی نەخشەسازی | ٧٦ |
| **وانەی دووەم** | |
| بنەماکانی نەخشەسازی | ٩٤ |
| **وانەی سێیەم** | |
| ڕوانگەی ڕەنگی | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| تەوەری سێیەم – هونەری کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| هونەری پەیکەرسازی | ١٢٤ |
| وانەی دووەم – لکاندن و لێبەستن | |
| دروستکردنی کارتی پیرۆزبایی | ١٣٥ |
| وانەی سێیەم – لکاندن و لێبەستن | |
| تێکەڵکردنی ڕەنگ و کەرەستەی جیاواز Mix | ١٣٧ |
| وانەی چوارەم – لکاندن و لێکبەستن | |
| مۆزائیک | ١٤٢ |
| تەوەری چوارەم – هونەری ئەبرو | |
| هونەری ئەبرو | ١٤٩ |
| فەرهەنگۆک | ١٦٣ |
| سەرچاوەکان | ١٨٣ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز... پێویستە ئەوە بگوترێت بەپێی ئەو زنجیرە پرۆگرامەی دانراوە بۆ وانەی پەروەردەی هونەر – ڕێبەری مامۆستا سەرجەم پرۆگرامەکان تەواوکەری یەکترین و تا تەمەنی منداڵەکانیش بەرەو هەرزەکاری بەرزتردەبنەوە ئاستی خوێندن و چالاکییەکانیش بالاتر دەبن. ئیدی هەرلەو سۆنگەیەشەوە ئەم پرۆگرامە پێکهاتووە لە چوار تەوەرو پێشکارێک، کە پێویستە مامۆستا سەرەتا پێشکارەکە بخوێنێتەوە، تا بزانێت خوێندکار لەم تەمەنەدا چۆن بیردەکاتەوەو ئاستی خەیاڵبازی چەندە؟

ئیدی لێرەوە تەوەری یەکەم دەستپێدەکات، کە تایبەتە بە مێژووی هونەرو بابەتی هونەری بیزەنتینی و گووتی و بابەتێکی فەلسەفەش لەخۆدەگرێت لەبارەی جوان و جوانییەوە، بەلام ئەوەی جیاوازە لە پرۆگرامەکانی تر ئەوەیە، کە ئەمساڵ خوێندکار تاقیکردنەوەی لەسەر کاخەز تێدا ئەنجام دەدات.

هەروەها بۆ تەوەری دووەمیش بابەتی نەخشەسازی دانراوەتەوە، بەلام ئەمساڵ لە سێ وانەدا بەچڕی دەخوێندرێت و هەموو وردەکارییەکی ئەم بوارە بۆ خوێندکار لەلایەن مامۆستاوە شیدەکرێتەوە، تا لەبەهاو کاریگەری نەخشەسازی بزانێت و بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ هێڵ و شێوەو ڕەنگدا بکات.

بەلام لە تەوەری سێیەمدا بابەتی هونەری کاردەستی بە شێوەیەکی ئاست بەرزتر لە چوار وانەدا خراوەتەڕوو، کە لەهەموو وانەکانیشدا ڕەچاوی پاکی و پوختی و خاوێنی کراوە، تا کارە بەرهەمهاتووەکە بەشێوەیەکی هونەری جوان پیشان بدرێت و لە ئاستێکی بالادا خۆی دەربخات. هەروەها لە دوا تەوەریشدا، کە تەوەری چوارەمەو تایبەت کراوە بۆ هونەری ئەبرو. ئیدی ئەم هونەرەش لەوانەیە بۆ مامۆستا کەمێک تازەبێت، بەلام لەکۆتاییشدا بەهۆی خۆماندووکردن و تاقیکردنەوەوە دەتوانرێت بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵبێت و بە ئەزموونکردن لێی تاقیکردنەوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش بە خۆی و خوێندکارەکان دەبەخشێت.

**م. خەلیل عەلی**

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... ئەم پرۆگرامە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە پەیوەستە بە ئاستی گەشەی جەستەیی و ئەقڵی خوێندکار لە قۆناخی ئامادەییدا. هەروەها بەرچاوڕوونی مامۆستای پەروەردەی هونەر کراوە، تا بە ئاستێکی باڵاو ئەکادیمی تر مامەڵە لەگەڵ بابەتە هونەرییەکاندا بکات و کەرەستەو شمەکی هونەریش بە شێوەیەکی زانستی تر بەکاربهێنێت لە وانەکەدا، چونکە ئەگەر لە ڕابردوودا چاوپۆشی لە هەندێک کەموکوڕیدا کاربێت بەهۆی ئاست و تەمەنی منداڵەکان، ئەوا بێگومان پێویست دەکات مامۆستا لە قۆناخی ئامادەییدا باشتر خوێندکارەکانی ئامادە بکات و چالاکییە هونەرییەکانیش لە ئاستێکی باڵاتردا ئەنجام بدەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و ڕێکی.

## گەشەی هونەری خوێندکار لەم قۆناخەدا (١٦) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری هەرزەکار پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری «ڤیکتۆر لۆنفیلد»، کە تیایدا گەشەی توانای هونەری لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەن مرۆڤ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەربۆیە تا گەورەتربێت، کارە هونەرییەکانی جوانترو باشتر دەبێت. هەروەها ناسینەوەی هێمای ناو کارەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١. قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دوای بوون، تا ٢ ساڵی.
٢. قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.
٣. قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.
٤. قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ٩) ساڵی.
٥. قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ١١) ساڵی.
٦. قۆناخی گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ١٣) ساڵی.

## ٧. قۆناخی باڵقبوون (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ١٨) ساڵی.

شایانی باسە، لەم هەنگاوەی ئێستادا، خاڵی حەوتەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە تەمەنی هەرزەکاری (١٣-١٨) ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی خوێندکارەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی خوێندکارەکان بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردنی وانە کردارییەکاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر، کە بریتییە لەقۆناخی هەرزەکاری تەمەن (١٦) ساڵ.

## تایبەتمەندییەکانی خوێندکار لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا

بۆ ئەوەی مامۆستای وانەکە باشتر لەم خوێندکارانە تێبگات پێویست دەکات هەندێک تایبەتمەندی خوێندکاری ئامادەیی بخەینە بەرچاو، لەوانەش:

**یەکەم: گەشەی جەستەیی و جووڵەیی**

١. بەشێوەیەکی گشتی و بەرچاو جەستەی گەشە دەکات (باڵای بەرز دەبێت، کێشی زۆر دەبێت، باشتر پێدەگات و باشتر کۆنترۆڵی توانا جیاوازەکانی دەکات).



هەرزەکار لەتەمەنی شازدە ساڵیدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەست بەجوڵەو گەشەی دەکرێت

٢. دەرکەوتنی دیاردەی نەگونجان لە نێوان بەشەکانی تری جەستەیدا،



گەشەی لەناکاو هەرزەکار تووشی سەرسووڕمان دەکات

ئەمەش بەهۆی ئەم گەشە لەناکاوە قەڵەمبازییەی ڕوویداوە.

٣. جەستە بەلای خوێندکارەوە جێگەی بایەخەو کاریگەری دەروونی لەسەر خوێندکار بەجێدەهێڵێت. ئیدی هەرلەبەر ئەوەش زۆر بایەخ بە



خۆتەماشاکردن لەلای هەرزەکاران هەستی بەخۆزانیان زۆرتر دەکات

وەرزش و هونەرە کردارەکییەکان دەدات، بەتایبەت ئەم چالاکییانەی لەنێو دەوروبەریدا جێگەی تێڕامان و بایەخپێدانە.

٤. زۆر دەخوات، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆر بایەخ بە خواردن بدات.

٥. لەم قۆناخەدا جووڵەی هاوسەنگ و گونجاو دەبێت، هەر ئەمەشە وادەکات زیاتر هانا چالاکییە پڕچووڵەکان بەرێت.

دووەم: گەشەی تاوگیری

هەندێک دیاردەی تاوگیری لە هەرزەکاراندا دەردەکەون و ئەمەش لەڕێگەی چالاکییە بەگوڕو تینییەکانیدا هەستیان پێدەکرێن و هەستی خۆشەویستی باشتر گەشە دەکات و هەستەوەری تاوگیریشی زیاتر دەبێت، کە زۆرجار پەرچەکردارەکانی لەگەڵ تاوگیرییەکانیدا یەکناگرنەوەو زیادەڕەوی دەکات (لە خۆشی، یان ناخۆشییەکانیدا).

هەرلەبەر ئەوەشە پێویست دەکات مامۆستا نەچێتە ململانێوەو لەگەڵیدا پێدا نەڕوات و دەخوازێت کێشەکان بە نەرمونیانی و دوور لە تاوگیری و



خوێندکاری ئامادەییش وەك هەرتاکێکی کۆمەڵگە خاوەن کێشەیە

بەشێوەیەکی پەروەروەردەیی چارەسەر بکرێن. جا هەر لەبەر ئەوەشە خوێندکار لەم دۆخەدا ئارەزوو دەکات سەربەخۆبێت و زۆرجاریش سەرکێشی دەکات و لە هەندێک دیاردەش هەڵدەگەڕێتەوە و زۆر تورە دەبێت. هەندێکجاریش ناوناوە خەمۆکی دایدەگرێت و دڵتەنگ دەبێت، بەوەش دوو هەستی جیاواز لەبەرانبەر یەک کەسدا دەردەبڕێت و هەرئەمەشە وایلێ دەکات زۆر جار هەست بە شەرمەزاری و چەمانەوە بکات. جا لە بەر ئەوە پێویستە هانبدرێن، تا متمانە بەخۆیان بکەن و بەنموونەی باش پشتگیریان بکرێت و ڕاو سەرنجە باشەکانیان لێوەربگیرێت و حساب بۆ بۆچوونەکانیان

بکرێت و بەشداریان پێبکرێت لە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی ناو پۆلدا. لە هەمانکاتیشدا ڕێگەیان پێبدرێت بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە گفتوگۆ بکەن و پێشنیارەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

## سێیەم: گەشەی کۆمەڵایەتی

دەتوانرێت گرنگترین دیاردەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لەم قۆناخەدا بەم شێوەیە کورت بکرێنەوەو بخرێنە ڕوو:

١. لەم قۆناخەدا بوارە کۆمەڵایەتییەکەی بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت، کە ئەمەش وا دەکات پێوەرە ڕەفتارییەکانی بەرەو هاوسەنگی بچن.



گەشەی کۆمەڵایەتی هەمیشە پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکان پێش دەخات

٢. خوێندکار ئارەزوو دەکات بەشداری چالاکییە جۆراوجۆرەکان بکات.
٣. خوێندکار ئارەزوو دەکات بایەخ بە ڕێکپۆشی و جوانکاری ڕووخساری خۆی بدات.
٤. خوێندکار ئارەزوو دەکات لەنێو خێزانەکیدا بە سەربەخۆییانە ڕەفتار بکات.
٥. لەگەڵ کۆمەڵ دەڕوات و دەیهەوێت ئارەزووەکانی بەدەستبهێنێت.
٦. دەیهەوێت ڕێبەرایەتی بکات و خۆی بدۆزێتەوە.
٧. دەیهەوێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێبگات.
٨. هەستیارە لە ڕەخنەگرتن و هەڵپە دەکات لەکاتی گفتوگۆکردندا.

٩. هەست بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی دەکات.
١٠ ئارەزوو دەکات هاوکاری ئەوانی تر بکات.
١١ حەز ناکات لەبەرچاوی کەسانی تردا ئەرکی بەسەردا بدرێت، یان ئەمری بەسەردا بکرێت.

## چوارەم: گەشەی ئەقڵی

١. زیرەکی بەشێوەیەکی گشتی گەشە دەکات و توانا ئەقڵییەکان هەست بە جیاکاری دەکەن، بۆیە توانا زیرەکییەکانی خوێندکار دەگەنە ئاستێکی باڵای بیرکردنەوە.
٢. دیاردەی زوو بەدەستهێنان ڕوودەدات و ئارەزووی بیەدەستهێنانی زانیاری دەکات.
٣. توانا کارامەییەکانی بۆ فێربوون گەشە دەکات و زانیاری بەدەستدەهێنێت.


خوێندکاری ئامادەیی باشتر توانا ئەقڵییەکانی بەکاردەهێنێت

٤. توانا هەستپێکردنەکانی لە هەستییەوە دەگۆڕێن بۆ تێگەیشتن.
٥. توانای سەرنجدان و تێبینیکردنی درێژەدەکێشێت.
٦. هەوڵدەدات لەڕێگەی بەڵگەهێنانەوەوە تێبگات و بیربکاتەوە، نەک هەوڵدانی بەهەڵە و تێگەیشتنی ڕووتەڵەکی.

٧. بیرکردنـەوەی گەشـە دەکـات و توانـای چـارەسـەرکردنی کێشـەکانی دەبێـت و بەڵگـە دەهێنێتـەوەو ئـەنجامیش بەدەسـت دەهێنێـت. بڕیـاڕ لەسەر شتەکان دەدات و توانای شیکردنەوەو ڕاڤەکردن و لێکبەستنی باش دەبێت و توانای دەبێت پلان دابنێت و نەخشەسازی دابڕێژێت.

٨. توانای گشتاندن و دامالّینی زۆردەبێت.

٩. باشتر لە دەستەواژە مینۆکییەکان تێدەگات، وەک خێرو شەڕ، ڕاست و هەڵە، زۆرداری و دادپەروەری.

١٠ توانا کارامەیی و داهێنانەکانی باشتر لێبەدەردەکەوێت.

١١ باشـترو ڕوونتـر لـەجاران دەتوانێت گوزارشـت لـە خـۆی بکـات و چاکتر دەتوانێت بەڵگە بهێنێتەوەو قسەیان لەسەر بکات.



خوێندکاری ئامادەیی توانای بەڵگەهێنانەوەی پێشکەوتووترە لە جاران

## ئەرکی مامۆستا

وەک ئاشکرایە خوێندکار لەم تەمەنەدا لە نێوان «خۆناسین و خۆسەپاندن و خۆسەلماندن» دایەو ململانێ دەکات لەنێوان ژیانی رابردووی و ئێستەیدا، چونکە بە گەشەیەکی تەواو جیاوازدا تێدەپەڕێت و ژینگەی گەشەی ئێستەشی زۆر جیاوازە لەو ژینگەیەی لەرابردوودا تێیدا ژیاوە.


مامۆستای وانەی هونەر کاری هونەری لەگەڵ خوێندکارەکاندا ئەنجام دەدات

هەروەها کەسایەتی خوێندکار لەم قۆناخەدا بەستراوەتەوە بەو کەشە کۆمەلایەتییەی تێیدا دەژیت و بێئارامی و هەستنەکردن بە جێگیرنەبوون، بەتایبەت لە سەرەتای ئەم قۆناخەدا لە گرنگترین ئەو دیاردانەن، کە لێی بەدەردەکەون و هەروا بەئاسانی مامۆستا ناتوانێت لێیان تێبگات.

کەواتە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر کۆمەڵێک ئەرکی قورس و هەستیاری دەکەوێتە سەرشان و پێویستە رەچاویان بکات، هەروەک لە تایبەتمەندییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

## ڕەفتاری مامۆستا لەگەڵ خوێندکاراندا

هەروەک دەزانرێت پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر کۆمەڵێک ڕێوشوێنی پەروەردەیی بگرێتەبەر لەکاتی وانەگوتنەوەدا، چونکە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەندێک ڕووداو، یان مامەڵەی جیاواز ببێتەوە، کە پێویست بکات لەڕێگەی ڕەفتاری پەروەردەییەوە لەگەڵ خوێندکاراندا هەڵبکرێت. جا

بۆ ئەوەی مامۆستای وانەکە تووشی دۆخێکی نەخوازراو نەبێتەوە لە دەرەوەو ناوەوەی پۆلدا، پێویستە ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانە بکات:


مامۆستا لە ئامادەییدا ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت

١. ڕەچاوی دۆخی تەندروستی خوێندکار بکات، چونکە خوێندکار بە زنجیرەیەک گۆڕانکاری جەستەییدا تێدەپەڕێت.
٢. ڕەچاوی دۆخی تاوگیری بکات، چونکە پێویست دەکات لە ئاست دووربینییە تاوگیرییەکاندا خوێندکار زانیاری پێبدرێت و بۆی شیبکرێتەوە، تا دەگاتە ئاستی جێگیربوونی دەروونی لە نێوان خۆی و کێشە کەڵەکەبووەکانیدا (ترس، دوودڵی، ڕاڕایی).
٣. ڕەچاوی دۆخی کۆمەڵایەتی خوێندکار بکات، تا هاوسەنگی دروست ببێت لەنێوان ڕەفتاری قوتابخانەو ماڵدا. لەهەمانکاتیشدا پێویست دەکات دایی و بابی خوێندکاران ئاگادار بکرێنەوە لەو کێشەو گرفتانەی خوێندکار تێی دەکەوێت، یان پێیدا تێدەپەڕێت لەو قۆناخەدا. هەروەها پێویست دەکات هەروەک منداڵەکەی جاران سۆزو خۆشەویستیان پێبدرێت و ڕێز لە خواست و بۆچوونەکانیان بگیرێت، تا هەست بە خۆیان بکەن و بزانن ئێستە لە قۆناخێکی تری ژیانکردندان، ئەمەش هاوکاردەبێت بۆئەوەی خوێندکار بیر لە هەڵنەگەڕانەوە نەکاتەوە لە قوتابخانەو لەماڵدا.

ئیدی ئەم پرۆگرامەش هاوکار دەبێت بۆ خوێندکاران، تا بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی باشتر لەجاران ڕەفتار بکەن و ئاستی لێکتێگەیشتن لەگەڵ یەکتریدا بەرزتر بکەنەوە. هەروەها ئەم چالاکییە هونەریانەی لەم پرۆگرامەدا دانراون دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە ئارەزووەکانیان تێربکات و هاوکارییان بکات جگە لە بابەتە ئەکادیمی و زانستییەکان دەرفەتێکی لەباریشیان بۆ برەخسێنێت، تا بتوانن گەشە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن و هەست بەخۆشی و

ئاسوودەیی زیاتر بکەن و باوەڕیان زیاتر بەخۆیان، ئنجا بەکارەکەیان هەبێت. ئیدی ئەمەش وا دەکات زیاتر بڕوا بەخۆیان بکەن و گیانی هاوکارییان زۆرتربێت و هەست بەپرسیارییەتی زیاتر بکەن.

شایانی باسە، خوێندکار لەم قۆناخەدا ئەو هاوڕێیانە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵیاندا دەگونجێت و لەڕووی ڕەفتارو باری کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵیاندا دێتەوە. لەهەمانکاتیشدا زۆرجار خۆیان دورەپەرێز دەگرن و بەتەنیا دەمێننەوە، تا جیهانێکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و گوێبیستی کێشەو گرفتەکانی خۆیان دەبن و زۆرجار خۆیان دەدوێنن و لەگەڵ ناخی خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن، ئەمەش بۆ زاڵبوونە بەسەر هەستەکانیاندا.



هاوڕێگرتن یەکێکە لەو دیاردانەی لەم قۆناخەدا گەشە دەکات

٤. ڕەچاوی ئارەزوو و تواناکانی خوێندکاران بکرێت، تا بتوانن لەڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە ئاراستە بکرێن بۆ فێربوون و ڕاهێنان و ڕاهێزانی زۆرتر. ئیدی دوای ئەوەی توانا و کارامەییەکانی خۆیان دەزانن و دەناسن، پاشان دەتوانرێت بەگەربخرێن، وەک سەرمایەیەکی پڕ بەرهەم و بەبایەخ. بێگومان، ئەمەش هاوکاری توانا خۆییەکانی خوێندکار دەکات، تا بە خۆشی و حەزەوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات و دڵسۆزی لەکارکردندا پیشان بدات.

## ئەرکی مامۆستا لەناو پۆلدا

گومـانی تێدانییـە بـەڕێوەبردنی پـۆل لەلایـەن مامۆسـتاوە پێویسـتی بـە کارامــەیی و لێزانــی هەیــە، ئەمــەش تــا مامۆســتا بتوانێــت بەڕێوەبــەرێکی دادپەروەرو پەروەردەیی بێت لەناو پۆلداو ئەو ئامانجانەش بهێنێتە دی، کە بــۆی چۆتــە پۆلــەوە. کەواتــە ئــەرکی مامۆســتایە کۆمــەڵێک ڕێوشــوێنی پەروەردەیی و بەڕێوەبردن بگرێتە بەر لەناو پۆلدا، وەک:

١. پابەندبێت بەوکاتەی بۆی دانراوە. واتە لە کات و ساتی خۆیدا وانەکە بڵێتــەوەو زیــادەڕەوی نــەکات لــە وانەگوتنــەوەدا. (پێشــوەخت پلانــی دانابێت، یان خۆی بۆ ئامادەکردبێت).
٢. شـێوەی دانیشـتنی خوێنـدکارەکان ڕێکبخـات بەشـێوەی بازنـەیی، یـان نیوە بازنەیی، ئەگەر ژمارەی خوێندکارەکانیش زۆربوو، یان شـوێنەکە تەنگ بوو، ئەوا مامۆستا دەتوانێت بابەتی گروپکاری جێبەجێ بکات.
٣. سازدانی کەشـێکی هونـەری و دەروونـی بـاش لـەناو پۆلـدا، چونکە بە ڕەخسـاندنی کەشـێکی لـەمجۆرە خوێنـدکار باشـتر دەتوانێت چێژ لـە وانەکە ببینێت.
٤. کەرەستەوشـمەکی پێویسـتی تایبـەت بەوانـەی پـەروەردەی هونـەر لـە پۆلدا ئامادە بکات.
٥. وروژاندنی ئەو پاڵنەرانەی وا لە خوێندکار دەکات ئـارەزووی زیـاتری بۆ وانەکە هەبێت.
٦. بـەکارهێنانی پلانێکی تۆکمـەو لەکۆتاییشـدا مامۆسـتا هەڵسـەنگاندن بۆ خۆی، ئنجا بۆ خوێندکارەکانی بکات.

شـایانی باسـە، لـەم وانەیـەدا کۆمـەڵێک ئامـانج دیاریکراوە، کە بێگومـان مامۆسـتا دەتوانێـت هـەوڵیان بـۆ بـدات و لـە پۆلـدا بەدەسـتیان بهێنێـت. لـە هەمانکاتیشـدا خوێنـدکار دەتوانێت لەڕێگـەی ئـەم وانەیـەوە کۆمـەڵێک ئـەنجام بەدەسـتبهێنێت، کـە جیادەکرێتـەوە بـە گشـتگیری و جۆراوجـۆری لـەڕووی «کارامـەیی و زانیـاری و ئاراسـتەکان»دا و ئەمـەش دەبێتـە سـەرچاوەیەکی باش بۆ مامۆستا، چونکە نـاوەرۆکی وانەکەی لەسـەر هەڵدەچنرێت و دەبێتە کۆڵەکەیـەکی پتـەویش بـۆ پرۆگرامەکـەو هاوکـاریش دەبێـت بـۆ چێکردنـی

نموونەیەکی جوانی پەروەردەیی ئەوتۆ، کە شایستەی خوێندکارەکان بێت لەڕووی زانستی، ئنجا فێرکارییەوە. هەر لەبەر ئەوەشە پێویستە مامۆستا کەرەستەو شمەکی پێویست بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی وانەکەی و لەهەمانکاتیشدا لە کۆتایی وانەکەدا هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی پرۆسەکە ئەنجام بدات، چونکە بێ هەڵسەنگان وانەکە هیچ بەهایەکی نابێت لەڕووی زانستی و پەروەردەییەوە. ئیدی ئەو هەڵسەنگاندنە مامۆستا دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بڕواو متمانەی بە پرۆگرامەکە، ئنجا خوێندکارەکانی، لەدواییشدا بەخۆی زیاتر دەکات و خاڵە لاوازو بەهێزەکانیش دەستنیشان دەکات و دواتریش پلانی خۆی لەسەر هەڵدەچنێ.

**هەر لە سۆنگەی ئەم باوەڕەوە پێویست دەکات لەوانەکەدا مامۆستا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکات:**

**یەکەم: وەک مامۆستا**

لەبەر ئەوەی توانای زانستی خوێندکارەکان بەرزەو ئاستی تێگەیشتنیشیان خێراترە، پێویست دەکات مامۆستا بایەخ بەم تەوەرانە بدات، کە پەیوەستە بەخۆی، کە لە خوارەوە بۆی دیاریکراوە، وەک:

**١. لەڕووی زانیارییەوە:**

ئەرکی مامۆستایە لەڕووی زانیارییەوە تواناکانی خۆی پێشبخات و زانیاری زۆر لەبارەی وانەکەوە کۆبکاتەوە. لەهەمانکاتیشدا بگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامەکانی پەروەردەی هونەر – ڕێبەری مامۆستا لە باخچەی منداڵانەوە، تا پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چونکە ئەم پرۆگرامە تەواوکەری پرۆگرامەکانی پێش خۆیەتی و هێزو وزەی لەوانەوە وەرگرتووە، جا ئەگەر مامۆستای بابەتەکە زانیاری لەسەر بابەتەکانی پێشووتر نەبێت ئەوا بێگومان تووشی هەڵەی زانستی و زانیاری دەبێت لەڕووی گەیاندنی پەیامەکەی لەگەڵ خوێندکارەکاندا. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مامۆستای وانەکە ئاگاداری هەنگاو بەهەنگاوەکانی پرۆسەکەبێت.

لەهەمانکاتیشدا پێویست دەکات مامۆستا لەڕووی زانیارییەوە خۆی ئامادەکردبێت و ئەم پرۆگرامەش بەتەواوی بخوێنێتەوە، لەڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و لەتەواوی

برگەو بابەتەکانی دڵنیابێتەوە، ئنجا بچێتە پۆلەوە، چونکە لێرەدا نابێت مامۆستا ئەوە فەرامۆش بکات، کە ئەم خوێندکارانە لەڕووی زانیاری و ئەزموونەوە پاشینەیەکی باشیان هەیەو دەتوانن پەی بەهەڵەو کەموکورتییەکان بەرن. جا بۆ ئەوەی مامۆستا تووشی ئەم دۆخە شەرمهێنە نەبێت پێویست دەکات بەباشی خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە ئامادە بکات و لەهەمانکاتیشدا زیادەڕەوی نەکات لە وانەگوتنەوەکەدا.

### ٢. لەڕووی فێرکارییەوە

ئەم پرۆگرامە کۆمەڵێک بابەتی هەستیار لەخۆدەگرێت لەڕووی کردارەکییەوە، چونکە لە ئایندەدا خوێندکار دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت لەڕووی «پزیشکی، ئەندازیاری، تەلارسازی، هونەری، نەخشەسازی، و چەندانی تر...»، بۆیە پێویست دەکات تەواوی بابەتی وانەکە بەهەند وەربگیرێت و بە بایەخەوە لەتەواوی پرۆگرامەکە بڕوانێت. ئیدی خوێندکاریش چاوی لەدەستی مامۆستایەو ئەرکی مامۆستاشە ئەم پرۆسەیە بە دڵسۆزییەوە بگەیەنێتە خوێندکارەکان.

### ٣. زانیاری نوێ

ئەرکی مامۆستایە جگە لەو زانیارییەی لەنێو پرۆگرامەکەدا هەیە بیر لە خۆدەوڵەمەندکردن بە زانیاری زیاترو دەرەکی بکاتەوە، چونکە گومانی تێدانیە ئەم بابەتانەی لەم پرۆگرامەدان تەنها ڕێنیشاندەرێکی سادەو ساکارن و تەنها هێڵە گشتییەکانی وانەگوتنەوەو زانیاری پوختی تێدا جێکراوەتەوە. ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە پێویست دەکات مامۆستا بەدوای زانیاری نوێ و تەواوکەردا بگەڕێت.

## دووەم: وەک پرۆگرام

### ١. هۆکارەکانی فێرکردن و کارکردن

یەکێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستای پەروەردەی هونەر دابینکردن و دەستەبەرکردنی کەرەستەو شمەکی وانەکەیە. جا ئەم کەرەستانە هەرچییەک بن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خوێندکار سوود لە بابەتەکە وەربگرێت و بەئاسانترین شێوە لە مەبەستی وانەکە، ئنجا مامۆستا تێبگات.

### ٢. سەرچاوەی فێرکاری

دابینکردن و گەڕان بەدوای سەرچاوەی زانیاری و فێرکاری یەکەم ئەرکی مامۆستایە، دووەمیش ئەرکی خوێندکارە، بۆیە پێویستە مامۆستای وانەکە خوێندکاران لەسەر گەڕان بەدوای سەرچاوەی فێرکاریدا ڕابهێنێت و ڕێنیشاندەریان بێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم سەرچاوانە، وەک «کتێب، گۆڤار، پەیوەندی گرتن بە هونەرمەندان، پێگەی ئەلکترۆنی، سیدی، گفتوگۆ...». هەروەها پێویست دەکات تەواوی زانیاری و بابەتە کردارەکییەکان لەڕێگەی داتاشۆوە وێنە ڕوونکارییەکان پیشانی خوێندکاران بدرێن.

### ٣. هەڵسەنگاندن

یەکێک لەو بنەما سەرەکیانەی ئەم پرۆگرامە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە هەڵسەنگاندن، چونکە ئەرکی مامۆستایە لەڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی لەنێو پۆل و دەرەوەی پۆلدا لەگەڵ خوێندکاران گرێی دەدات باری دەرەکی و ناوەکی خوێندکار هەڵسەنگێنێت، تا بزانێت ئاستی زانستی و هونەری لەچ ئاستێک دایە؟ (لەڕووی دەروونی و ڕەفتاری و هونەرییەوە)، کە ئەمەش پێویستی بە لێوردبونەوەو سەرنجدان هەیە لەکاتی وانەگوتنەوەکەدا.


## ڕێنمایی لەکاتی وانەگوتنەوەدا

شایانی باسە، یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی پێویست دەکات بەبایەخەوە مامۆستای وانەکە لێی بڕوانێت جیاوازی تاکایەتییە، کە لەنێوان خوێندکاراندا بەدەردەکەوێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست دەکات مامۆستای وانەکە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە:

### ١. خوێندکاری زیرەک و چەلەنگ

پێویست دەکات مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەدا گۆڕانکاری لەسەر شێوازو گەیاندنی زانیارییە تیۆری و کردارەکییەکاندا بکات، تا خوێندکاری ئاست بەرز هەست بەنامۆیی و دابڕان نەکات لە خوێندکارەکانی تر، چونکە گومانی تێدانییە لە پۆلدا ئاستی ژیری و

گەشەی ئەقڵی و جەستەیی خوێندکارەکان جیاوازن. جا ئەگەر ماموٚستا پشت بە یەک شێوازی وانەگوتنەوە ببەستێت ئەوا بێگومان شکست دەهێنێت و ئاستی خوێندکارەکانیشی بەرەو لاوازی دەچن، بەتایبەتیش ئەو خوێندکارانەی ئاستی تێگەیشتنیان باڵایە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە



خوێندکاری چالاک هەمیشە بەدوای بیرۆکی نوێدا دەگەڕێت

گرنگە ماموٚستا بایەخ بە تەواوی وردو درشتی نێو پرۆگرامەکە بدات و لەکاتی وانەگوتنەوەشدا چاوی لەسەر سەرجەم خوێندکارەکانیش بێت.

## ٢. خوێندکاری کێشەدار (تایبەت)

مەبەست لەو خوێندکارانەیە، کە «سست فێردەبن، زمانیان دەیگرێت، کاردانەوەیان لاوازە، وەڵامدانەوەیان لاوازە، درەنگ تێدەگەن، هەستی بیستنیان تەواو نییە، هەستی بینینیان لاوازە، شەلەلن...» ئەرکی ماموٚستایە هەندێک ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لەبەرانبەریاندا، وەک:

- پشوودرێژو ئارامگربێت لەبەرانبەریاندا.
- چۆن بایەخ بە خوێندکارە زیرەکەکان دەدات، پێویست دەکات بەهەمان شێوە بایەخی تایبەت بەم خوێندکارانەش بدرێت و ڕەچاوی دۆخی تایبەتیان بکرێت و لە نزیکەوە هاوکاریان پێشکەش بکرێت.

- مامۆستا پشت بە دووبارەکردنەوە ببەستێت، چونکە ئاستی تێگەیشتی هەمووان وەک یەک نییە.
- هانی خوێندکارە ئاساییەکان بدرێت، تا نەبنە سەرئێشە بۆ خوێندکارە تایبەتییەکان، بەڵکو لەکاتی پێویستدا هاوکارییان پێشکەش بکەن.
- هانی خوێندکارە کێشەدارەکان بدرێت، تا بتوانن بەشداری چالاک بکەن لە پرۆسەی وانەکەدا.
- کات و شوێنی گونجاو دیاریبکرێت بۆ بەشدارییپێکردنی ئەم جۆرە خوێندکارانە.
- خۆبەدووربگیرێت لە سەپاندنی بەزۆر بەشدارییپێکردن.
- ئەم جۆرە خوێندکارانە کاتی زۆرتریان پێبدرێت، تا ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن.
- هەوڵبدرێت لەڕووی دەروونییەوە پشتگیری بکرێن و هانبدرێن.
- مامۆستا هەوڵبدات پشت بە هەموو هۆکارێکی فێرکاری ببەستێت، تا ئاستی فێرکارییان بەرز بکاتەوە.
- مامۆستا لە پەیوەندی بەردەوامدابێت لەگەڵ ئەم جۆرە خوێندکارانەدا.
- فرەجۆری لە فێرکردندا بەکاربهێنێت، وەک فێرکردنی تاکی، فێرکردنی گروپکاری.
- ڕەچاوی شوێنی دانیشتنیان بکرێت لە پۆل، یان لە هۆڵی فرەمەبەستدا.
- نابێت ئەم خوێندکارانە جیابکرێنەوە لە خوێندکارەکانی تر.


خوێندکارەکانیش هاوشانی مامۆستا یارمەتی خوێندکارە تایبەتەکان دەدەن

- دەستنیشانکردنی خاڵی لاوازی ئەم خوێندکارانەو دواتر کارکردن لەسەریان، ئنجا خاڵە بەهێزەکانیان کاریان لەسەر بکرێت و بەهێزتر بکرێن.

## ڕۆڵی زانیاری لە گەشەپێدانی خوێندکار لەم پرۆگرامەدا

١. ئـەم پرۆگرامــە بــەدوای زانیاریـدا دەگــەڕێت و ڕێکیــان دەخاتــەوەو شـیپاندەکاتەوەو بۆیـان زیـاد دەکـات و دواتـریش دووبـارە بـەکاریان دەهێنێتەوە.

٢. بـە ڕێگـەو شـێوازی جۆراوجـۆر خوێنـدکاران پەیوەنـدی بـە یەکـەوە دەگرن و ڕەچاوی ڕەوشتی کارکردن دەکەن و ڕێز لەیەکتر دەگرن و گفتوگۆی زانستی و ئەکادیمی لەگەڵ یەکتردا ساز دەکەن، کە ئەمـەش پەیوەسـتە بـە شـێوازی ئاسـتی گـوێگرتن و گۆڕینـەوەی زانیـاری و پێگەیشتن لە شێوازی ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمیدا.

٣. خوێندکار هەوڵدەدات لـە ڕێگـەی بیرکردنـەوەی ئاقڵانـەو ڕەخنەگرانـەو داهێنەرانـەوە کێشـەکانی بەشـێوەیەکی کردارەکـی چـارەسـەر بکـات و ژیری لە بڕیارداندا بەکاربهێنێت.

٤. لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە خوێندکار دەتوانێت بە کورترین ماوەو کەمترین تێچوو بە زانیاری نوێ بگـات و دواتـر لـە توێژینـەوەو لێکۆڵینــەوەو کارەکانیـدا بــەکاریان بهێنێتــەوە. ئیـدی بــەم ڕێگەیــەش خوێنـدکار دەتوانێـت چـارەی گرفتـەکـانی بدۆزێتـەوەو لـە ماوەیـەکی کورتدا چارەسەریان بکات.




کاری هونەری توانای خوێندکاران یەکدەخات

## تاقیکردنەوە

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، بریتییە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە تاقیکردنەوەی سەرکاخەز تەنها لە کۆرسی یەکەمدا ئەنجام دەدرێت، ئەویش لە تەوەری مێژووی هونەردا و نمرەی ئەم تەوەرەش یەک لەسەرچواری تەواوی تاقیکردنەوەکەدەبێت. بۆ نموونە هەروەک ئەم شێوازەی بۆی دانراوە سێ جۆر تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، وەک:

١. **تاقیکردنەوەی تیۆری:** ئەم تاقیکردنەوەیە تەنها تایبەتە بە وەرزی یەکەم و لە تەوەری مێژووی هونەردا خوێندکار تاقیکردنەوە لەسەر کاخەز ئەنجام دەدات. وەک خشتەی ژمارە (١).

٢. **تاقیکردنەوەی گرووپکاری:** کاتێک مامۆستا ڕۆژانە ئەرک بە کۆمەڵەکان دەسپێرێت و دواتر لێیان وەردەگرێتەوە، ئنجا پێویستە بەپێی خشتەی ژمارە (٢) نمرە بۆ کۆمەڵەکە دابنێت.

٣. **تاقیکردنەوەی تاککاری:** لێرەدا مامۆستا بەپێی خشتەی ژمارە (٣) قوتابییەکان ڕۆژانە تاقیدەکاتەوەو تاقیکردنەوەکەش ئەنجامی ئەو چالاکییەیە، کە قوتابی لەپۆلدا، یان لە چالاکی ئەرکی ماڵەوەدا ئەنجامی دەدات. دواتر وەک لە خشتەی (٤)ەمدا دەرخراوە دوو نمرە کۆدەکرێتەوەو نمرەی کۆتایی قوتابی دەردەچێت (جگە لە وەرزی یەکەم): بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام پێویستە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ئەو ئامادەکاریانە دابنرێت، کە قوتابییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. واتە مامۆستا ئەم ماندووبوون و ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان تاک، تاک کاری قوتابییەکان هەڵدەسەنگێنێت و نمرەی خۆیان بۆ دادەنێت، کە ئەوەش بەیەکێک لە هەڵسەنگاندنە دادپەروەرەکان دادەنرێت و ئەرک و ماندووبوونی قوتابیش لەبەرچاودەگیرێت و هەمووان بەپێی توانای خۆیان نمرە وەردەگرن، بەڵام پێویستە مامۆستا دادپەروەربێت و کارێک نەکات قوتابی لەئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەو هونەریانە پاشگەز بکاتەوە.

# خشتەی ژمارە (١)

پۆلی:          لقی:          ئامادەیی:

| ژ | ناوی خوێندکاران | نمرەی تیۆری | نمرەی گرووپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجامی وەرزی یەکەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |
| ٥ | | | | | |
| ٦ | | | | | |
| ٧ | | | | | |
| ٨ | | | | | |
| ٩ | | | | | |
| ١٠ | | | | | |
| ١١ | | | | | |
| ١٢ | | | | | |
| ١٣ | | | | | |
| ١٤ | | | | | |
| ١٥ | | | | | |
| ١٦ | | | | | |
| ١٧ | | | | | |
| ١٨ | | | | | |
| ١٩ | | | | | |
| ٢٠ | | | | | |
| ٢١ | | | | | |
| ٢٢ | | | | | |
| ٢٣ | | | | | |
| ٢٤ | | | | | |
| ٢٥ | | | | | |

## خشتەی ژمارە (٢)

تاقیکردنەوەی گروپکاری

پۆلی:　　　　　　لقی:　　　　ئامادەیی:

| ناوی گروپەکان | نمرەی چالاکییەکانی وەرزی: | | | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |

مامۆستای وانە

## خشتەی ژمارە (٣)

پۆلی: لقی: ئامادەیی:

| ژ | ناوی خوێندکاران | نمرەی ڕۆژانەی وەرزی: | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | | | | | | | | | | |

## خشتەی ژمارە (٤)

پۆلی:　　　　　　　　لقی:　　　　　　　　ئامادەیی:

| ژ | ناوی خوێندکاران | نمرەی گرووپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجامی وەرزی: |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |
| ١٣ | | | | |
| ١٤ | | | | |
| ١٥ | | | | |
| ١٦ | | | | |
| ١٧ | | | | |
| ١٨ | | | | |
| ١٩ | | | | |
| ٢٠ | | | | |
| ٢١ | | | | |
| ٢٢ | | | | |
| ٢٣ | | | | |
| ٢٤ | | | | |
| ٢٥ | | | | |

# خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل: وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم




# مێژووی هونەر

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... ئەمساڵ سێ بابەت دیاریکراوە بۆ ئەوەی لە تەوەری یەکەمدا، کە تایبەتە بە مێژووی هونەر بخوێندرێت. لەم وانەیەشدا سەردێڕی بابەتەکان بەشێوەیەکی گشتی دیاریکراون و ئەرکی مامۆستایە بە سادەو ساکاری لەسەر زانیارییەکان ڕابوەستێت و بابەتەکانیش بریتین لە «هونەری بیزەنتینی» و «هونەری گووتی» و «جوان و جوانی». ئیدی ئەم دوو شێوازەی یەکەم، وەک مێژوو لەکاری هونەری لە قۆناخێکی دیاریکراوی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا سەریانهەڵداوەو تا ئێستەش پاشماوەکانیان جێگەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەن، چونکە بەشێوەیەکی زۆر جوان کاریان لەسەر بواری «نیگارکێشان، تەلارسازی، نەخشەسازی، مۆزائیک، فریسکۆ، گلێنەکاری، پەیکەرسازی»دا کردووەو نموونەیەکی جوانی کارسازی ئەو سەردەمەیان گێڕاوەتەوە، کە خۆی لە هونەری ئایینی و ماڵە خانەدانەکاندا دۆزیوەتەوەو هەموو شتێکیان لە پێناو خزمەتی خوداو بیروباوەڕەکەیاندا بووە.

جا لەبەر ئەوە کارەکان دیدێکی مەزنی کاری هونەری لە شێوەی شاکاردا و لە بەرگێکی تەواو ئایینیدا خراونەتەڕوو. هەروەها مرۆڤ دەخاتە ئاستی حەپەسان و لێوردبوونەوەوە. ئیدی لێرەشدا ئەرکی مامۆستایە ئەم بیرۆکەیە لە شێوازی کاری هونەری بگەیەنێتە خوێندکارەکان و لەسەربابەتەکانیش بەپێی کاتی دیاریکراو لەسەریان ڕابوەستێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ مامۆستا ئەوەیە بایەخ بە بابەتەکان بدات، چونکە ئەم خوێندکارانە دواتر دەچنە قۆناخێکی تری خوێندن، کە زانکۆیە، زانکۆش پێویستی بە خوێندکاری بەئاگایە لە بارەی زانیارییەکانەوەو لەناویشیاندا «ئەندازیاری، نەخشەسازی، پزیشکی، هونەر، ژمێریاری، تەلارسازی، مێژوو، جوگرافیاو ئایینی و چەندانی تر...»، کە دواتر جێپەنجە لەسەر بیری خوێندکار بەجێدەهێڵێت و دونیابینی ئەوان بۆ ئایندە ڕوون و گەشاوە دەبێت، کە ئەمەش مەبەستی ئەم وانەیەیەو پێویست دەکات مامۆستاش بە بەباشی خۆی بۆ ئەم وانەیە ئامادە بکات و خۆی لەسەر زانیارییەکان یەکلاکردبێتەوە، تا دواتر بیگەیەنێتە خوێندکارەکان.

# وانەی یەکەم



# هونەری بیزەنتینی

## وانەی یەکەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: هونەری بیزەنتینی

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

پێشەکی

بەپێی ئەو کەرەستەو پاشماوە هونەرییانەی لە مۆزەخانەکاندا بەجێماون دەتوانرێت هونەری بیزەنتینی، وەک هونەرێکی مامناوەند پۆلێن بکرێت، تا ماوەیەکی نێزیکیش ئەم هونەرە بە هونەری چەرخە تاریکەکان ناوزەند دەکرا. شایانی باسە، ئیمپڕاتۆر «قوستەنتین» لە سالّی (٣٣٠ز) یەکەم بەردی بناخەی پایتەختەکەی لە «بەسفۆر» دانا. ئیدی لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بە یەکەم هەنگاوی هونەری بیزەنتینی دابنرێت. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئیمپڕاتۆر «قوستەنتین» توانی لەسالّی (٣١٣ز) ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ مەسیحییەت و ڕاپبگەیەنێت، کە بۆ لەمەودوا مەسیحییەت ئایینی فەرمی ئیمپڕاتۆرییەکەیەتی، تا کەوتنی ئەم ئیمپڕاتۆرییەتە لەسەر دەستی عوسمانییەکان لە سالّی (١٤٥٣ز)دا.

جێگەی ئاماژەپێدانە شارستانییەتی بیزەنتی، زیاتر شارستانییەتێکی تێکەڵەیە لە شارستانی ڕۆژهەلاّتی و ڕۆژئاوایی، چونکە دەکەوێتە سنووری نێوان هەردوو شارستانییەتەوە، کە هەر ئەم کاریگەریەشە وایکردووە ئەم شارستانییەتە بە تایبەتمەندی و تام و بۆی خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم شارستانییەتە میراتگری هونەری کلاسیکی ڕۆمانی بووە.

بیزەنتینییەکان کۆمەڵێک جەنگی یەک لەدوای یەکیان لەگەڵ هاوسێ فارس و عەرەب و بەڕبەڕو موسوڵمانەکان ئەنجام داوە، ئەمە جگە لەو بومەلەرزە یەک لەدوا یەکانەی لە شارستانییەتەکەیانی داوە، کە ئەمانەش هەمووی هۆکاربوون بۆ لاوازبوون و ڕاوەستانی پێشکەوتن لەم شارستانییەتەدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هونەری بیزەنتی پێگەو ڕێزێکی مەزنی هەیەو بەیەکێک لە پاکترین و ڕاستگۆترین ئەو هونەرانە دادەنرێت، کە لەژێر سێبەری مەسیحییەتدا بەرهەمهاتبێت. ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە هونەری بیزەنتی بە ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی هونەری ڕۆژهەلاّتیش دادەنرێت.

## هونەری بیزەنتینی Byzantine Art

ئەم هونەرە لە سەدەی چوارەمی زایینی لە ژێر کاریگەری هونەری هێلنستی و ڕۆمانی و ئاسیای بچووک و سوریەو میسر و هونەری ساسانیدا لەدایکبوو. هەروەها بە گومەزی لەمەڕمەڕ دروستکراوی کوزداری ڕەنگاوڕەنگ ناوی دەرکردبوو. بۆ نموونە گومەزە بەناوبانگەکەی کەنیسەی «ئایا سۆفیا»، کە لەساڵی (٥٣٢ز) دروستکرا.



کەنیسەی ئایا سۆفیا لە ئەستەنبوڵ – تورکیا

زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە هونەری بیزەنتینی بە ڕاستگۆترین ئاوێتەی هونەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی دادەنرێت، چونکە توانیویەتی تێکەڵەیەک لە هونەری یۆنانی و ڕۆمانی و میسری و سوری و ساسانی پێکبهێنێت و هەرئەمەشە وایکردووە پێگەی هونەری خۆی لەدەست نەدات و بەجوانی و پاکی بیهێڵێتەوە، کە ئەمەش بە کرۆکی جوانی هونەری ئایینی دادەنرێت.

شایانی باسە، هونەری یۆنانی سەرەتای دەستپێکردنی لەژێر کاریگەری هونەری میسری کۆندا بووەو هونەری ڕۆمانیش درێژکراوەی هونەری

یۆنانییە. دواتر هونەری مەسیحی پشتیان بە هێماکانی ڕۆمان دەبەست لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیدا، تا ئەوکاتەی بەیاننامەی «میلانۆ» دەرچوو لەسەردەمی ئیمپڕاتۆر «سیۆدۆسیۆس»، کە ئایینی مەسیحی کردە ئایینی فەرمی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی. ئیدی لێرە بەدواوە مەسیحییەکان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی کرد لەژێر کاریگەری هونەری ڕۆمانی لە ئیتاڵیادا.

پێگەی جوگرافی بیزەنتینییەکان هاوکاربوو بۆ ئەوەی ببنە ناوەندێکی گرنگ لەبواری بازرگانی و سیاسی و پیشەسازی هونەریدا و گەشەی باش بکەن و بتوانن بە ئاسانی دەستیان بە ڕۆژهەڵات بگات، ئەمەش وایکرد پێگەی سیاسی و ئایینیان بەهێز بکەن، کە هاوشانی پێگەی «ڕۆما» بوو، کە بارەگای پاپاو پایتەختی ئیمپڕاتۆرییەتی «ڕۆما»ی ڕۆژئاوای لێبوو.


شێوازی بیزەنتینی سروشی لە تێکەڵەی هونەری ڕۆمانی وەرگرتووە، کە ڕووپۆشکرابوو بە بەرگێکی مەسیحیدا، لەنێو هەرێمەکانی کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا بڵاوبووبۆوە، کە خۆی لە دروستکردنی گومەزو تاقی کەوانەیی و بەکاری مۆزائیکی و قەیتانی مەرمەڕی ڕازێنرابوونەوە.




سنووری فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتینی


# هونەر، وەک یەکەیەکی ئایینی دەربڕینخوازی

بـەڕوونی کاریگـەری ئـایینی مەسـیحی بەسـەر هونـەری بیزەنتینیـدا دەبینرێـت، هـەر لـە وێنـەو دیواربەنـد و کۆشـک و تـەلارەکان، ئەمـەش وەک یەکەیەکی ئایینی پیرۆز گوزارشتی پێدەکرا. هـەر ئەمەش بووە هۆی ئـەوەی هونەرمەندە بیزەنتینییەکان زۆر کات لـەژێر کاریگـەری و دەسـەڵاتی ناوەنـدە ئایینییەکانـدا بـوون و زۆربەشـیان تێیـدا ئەنـدامبوون. هـەروەک چـۆن لـە ئیسـلامدا نەدەبوو بت بۆ پەرستن بتاشرێت و ئـەم دیدەش لە قوستەنتینییەدا دووبارە بۆوەو نـەدەبوو هونەرمەنـد بـۆ پەرسـتن بـت دابتاشـێت. جا ئەگـەر سـەیرێکی وێنـەکانی ئەو سەردەمە بکرێت بەڕوونی هەست بە شـێوازی هێماگـەرایی دەکرێـت لـە وێنەکێشـراوەکاندا، چونکـە جەسـتەی مرۆڤـەکان بـە قوماشـی چـرچ و لۆچـدار داپۆشـراون و پاشـینەی وێنـەکانیش بـە ڕەنگـی ئـاڵتونی ڕووپۆشـکراون، ئەمـەش بەهۆکاری ئەوەی هونەر بۆ گەیاندنی موعجیزەو باڵادەستی خوداو خێزانە پیرۆزەکانە.



دیمەنێکی پاشینە زەرد (ئاڵتوونی)

هـەروەها ئـەو هێمایانـەی لـە نێو تابلۆکانـدا جێگیـر دەکران، یـان ببوونـە جێگـەی بایـەخ و گرنگـی پێـدانی هونەرمەنـدان بریتـی بـوون لـە: کلیـل، وەک نیشـانەی دەسـەڵاتی کەنیسـە، بـادەی پیـرۆز، وەک سـیمبۆلی کۆبوونەوەی ئایینی و بەخشینی تاوان. هـەروەها خـاچیش، وەک هێمایـەکی سەرەکی مەسیحییەت ئاماژەیە بۆ ئەو خاچەی مەسیحی لەسەر مرد.



دەرخستنی سومبولی ئایینی لەناو تابلۆکاندا

شایانی باسە، مەبەستی سەرەکی هونەری بیزەنتینی بریتی بوو لە کارکردن لەسەر مەزنی خوداو خانەوادە پیرۆزەکان. لە ئەنجامیشدا وێنەی بێشوماری خوداو مەسیح و مریەمی پاکیزەو پیاوچاک و شەهیدەکان بەرهەمهێنران، کە بە «ئایکۆنەکان»[١] ناسراوە و هاوشانی ئەمانەش هونەرمەندە بیزەنتینییەکان شێوازێکی نوێی نەخشاندنیان داهێنا.



نموونەی ئایکۆنێکی بیزەنتینی

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی هونەری بیزەنتینی

١. لەکارەکانیاندا هەوڵیاندەدا شێوازی ڕووتەڵەک و لوولپێچکردن لە بابەتەکانیاندا پەیرەو بکەن.

٢. لە بواری مۆزائیک و ڕازاندنەوەو ڕەنگکردندا شێوازێکی نوێ و جیاوازیان داهێنا، لەوانەش «فریسکۆ»[٢] و «مۆم»[٣] و چەندانی تر...

---

(١) ئایکۆنەکان، گرنگترین یەکە لە هونەری بیزەنتینیدا بریتی بوو لە ئایکۆن، وێنەی کەسایەتییە پیرۆزەکان، لە نموونەیان «مەسیح» و «پاکیزە»، یاخود «ئەولیاکان». خستنەڕووی ئەوانە لە پێناو ڕاکێشانی شوێنکەوتووان بووە بۆ ڕازونیاز، ئایکۆنەکان بە پێوانەی جیاواز لەناو کەنیسەو ماڵەکاندا جێگیر دەکران. لەسەر شێوازی ڕاستەقینە نەبوون، بەڵام بەرز ڕادەگیران.


بڕوانە: هۆچ، سوزی، مێژووی هونەری شێوەکاری، و: هەڵگورد ئەحمەد، چ١، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٢-٤٣

(٢) فریسکۆ، لە ڕووی زاراوەسازییەوە بە سپانی واتە تازە ساردبووەوە، یان شتێکی تازە، یان نوێ، یان شتێک تازە ڕوویدابێت. بەڵام لەڕووی هونەرییەوە بە هونەری نیگارکێشانی سەر قسڵ دەگوترێت، یان دیوارێک گەچکاری کراوی ئامادەکراو بۆ نیگارکێشان بە بۆیە. ئەمەش لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت، کە قسڵەکە شێداربێت.

(قسڵ) مادەیەکە لە گەچ ڕەقترەو لە چیمەنتۆش نەرمترە. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Fresco

(٣) مۆم، یان ڕەنگی مۆمی، نیگارکێشان بە مۆم جۆرێکی گەلێک کۆنە لە نیگارکێشان، ڕەگ و ڕیشەی بەکارهێنانی سەرەتایی دەگەڕێتەوە بۆ میسرییە کۆنەکان. لێرەدا مۆم وەک نێوەندێک بەکاردێت ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە مێوی هەنگوین تاکە مادەیە، کە لە میسری کۆندا بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتبێت لەڕێگەی گەرمی و گەرمکردنەوە، وەک جێگیرکەرێکیش سوودی لێوەرگیراوە، وێڕای سوود لێوەرگرتنی بۆ نیگارکێشان و بەدیهێنانی ڕووی ڕەنگین.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بڕوانە: وەهبی ڕەسوڵ، هونەری نیگارکێشان لە مێژووی لە کورددا و لە جیهاندا، تەکتەلۆجیا، تەکنیک، وەزارەتی پەروەردە، چ١، ٢٠٠٥، ل٢٢٦



نموونەی کارێکی فریسکۆی بیزەنتینی

٣. لەسەر تەختەو بەردو ئێسقان کۆڵینیان ئەنجام داوە.

٤. داهێنانیان لە کاری ڕستن و چنیندا کردووە، بەتایبەت شێوازی هێڵەگی (کون کون) و شێوازی تەقەڵکاری. هەروەها لەبواری کانزاو زێڕنگری و پێستەشدا کاری داهێنەرانەی جوانیان ئەنجام داوە.

٥. هەروەها لەبواری ڕەنگیشدا توانیویانە داهێنان لە سێبەرو ڕووناکیدا بکەن و بایەخ بە پلەی ڕەنگی بدەن.



بەکارهێنانی ڕەنگی مۆمی، وەك یەکەیەکی نیگارکێشان لە هونەری بیزەنتینیدا

## هونەری تەلارسازی بیزەنتینی

بریتییە لە هونەری تەلارسازی بیزەنتینی لە سەرەتای هەڵاتنی خۆری مەسیحییەتدا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ لە قوستەنتینییەدا بەدەرکەوت. هەرچەندە لە بەری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە دروستکردنی کەنیسەدا پشتیان بە شێوازی هونەری تەلارسازی «بازیلیک»ی[٤] دەبەست، بەڵام لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵاتدا پشتیان بە شێوازی دروستکردنی گومەز دەبەست لە هونەری تەلارسازی دروستکردنی کەنیسەدا، کە ئەمەش لە ژێرکاریگەری هونەری تەلارسازی فارس و میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدابوون.





نموونەی هونەری تەلارسازی بازیلیکی لە دروستکردنی کەنیسەدا


[٤] بازیلیک، یان بازیلیکی، یان باسیلیکا، بە یەکێک لە تەلارە گرنگ و پڕبایەخەکانی سەردەمی ڕۆمانی دادەنرێت و ڕۆمانەکانیش ئەم هونەری تەلارسازییەیان لە یۆنانەکانەوە وەرگرتووەو یەکەم تەلاری بازیلیکاش، کە لەڕۆما دروستکرابێت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری، بەڵام دەستەواژەی «بازیلیکا» لەلای یۆنانییەکان بەواتای هۆڵی پاشا، یان هۆڵی شاهانە دێت. هەرچەندە ئەم بازیلیکایانە لە سەردەمی ڕۆمانییەکان لە نزیک بازاڕەکان، یان ڕێگە گشتییەکان دروستدەکرا، وەک دادگا بەکاردەهێنراو کاری دادگایی تێدا ئەنجام دەدراو بەڵێننامەی بازرگانی و دادنووسی تێدا دەبەسترا، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بەهۆی فراوانی و گەورەیی شوێنەکەی ئەم شوێنە بەکارهێنرا بۆ خواپەرستی. بازیلیکا لە ڕووی شێوەشەوە لاکێشەیی هەڵکەوتووەو لە سێ بەش پێکدێت، شوێنی مینبەرو دوولای ڕاست و چەپ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Basilica


## تایبەتمەندییەکانی هونەری تەلارسازی بیزەنتینی

هونەری تەلارسازی ئاینی بیزەنتینی بەو لایەنە باشانە دەناسرێتەوە، کە لەسەر شێوەی خاچ دروستکراون و کەوانەی یەکتربڕی زۆر بۆکراوەو گومەزی سەرەکی دەکەوێتە ناوەڕاستی تەلارەکەو نێوان کەوانە یەکتربڕەکان. بۆ نموونە دروستکردنی کەنیسە لەسەر شێوازی بازیلیکی.



چەند نموونەیەك لە هونەری نەخشەسازی تەلارسازی بیزەنتینی

# هونەری پەیکەرسازی بیزەنتینی


١. هونـەری پەیکەرسـازی بیزەنتینـی کاریگـەربووە بـە بیروبـاوەڕی ڕۆژهـەڵاتی و گرنگییانـداوە بـە نـەخش و ڕازاندنـەوەی گیـایی و دیمەنی ئاژەڵ و باڵنـدەو ئاسـک و ماڵات.



نموونەیەك لە نەخشی ڕازاوەی گیایی و باڵندە لە پەیکەری بیزەنتینیدا

٢. هـەروەها دیمەنـەکانی جلوبەرگـەکانیان ڕازاندۆتـەوە بـە نەخشـونیگاری جۆراوجۆر، بەتایبەت دامێنی جلەکان. ئیدی هەمان ئەو نەخشانەشیان بۆ کەمەری تابلۆکانیش بەکارهێناوە.

٣. کۆمەڵێک کاری ناوازەی پەیکەرسازی لەسەر عاج بەردەستن، کە بە نەخشونیگاری ڕازاوەی گەورەو شێوە وردی هەستیار ئەنجام دراوە.



نموونەی پەیکەری بیزەنتینی (جەستەیان داپۆشراوە بە قوماش)

هەمیشە هونەرمەندی نیگارکێشی بیزەنتی ئارەزووی کردووە وێنەکانی بریقەدارو درەوشاوەبن و بۆ ئەومەبەستەش کاری مۆزائیکی بە هۆکارێک زانیوە، تا هونەرەکەی خۆی پێ دەربخات. بۆ نموونە ناوپۆشی هۆڵ و ڕاڕەوەکانیان بە پارچە مەرمەڕی بچووکی چوارگۆشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆش کردووە، هەروەکچۆن میسری و یۆنانی و ڕۆمانەکان پێشتر ئەم کارەیان ئەنجام داوە. بەڵام ڕووگە جیاوازەکانی تر بە شووشە، یان میانی چوارگۆشەی قەبارە جیاوازی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێنرایەوەو هەندێکجاریش بەردی گرانبەهایان لەگەڵدا تێکەڵ دەکرد. جا ئەم شێوازی کارکردنە بە مۆزائیک بەکاریش دەهێنرا بۆ دروستکردنی وێنەو دیمەنی ئایینی و دواتر لە ماڵ و کەنیسەکاندا هەڵدەواسرا، یان خاوەن ماڵ لە تاقەکاندا ئەم وێنانەی هەڵدەواسی، ئەمەش بەمەبەستی پیشاندانی ملکەچی و لەخواترسان بوو.




نموونەی دیواربەندێکی گەورەی مۆزائیکی بیزەنتینی


هەروەها هونەرمەندی نیگارکێش هەوڵیدەدا بایەخ بە نیگارە قەبارە بچووکەکان بدات، تا بتوانرێت لەسەر دیواری ماڵ و کەنیسەکاندا هەڵبواسرێت. سەرەتا پارچە چوارگۆشەکانی لەسەر گونییە دادەناو دواتر بە

بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ و پلەی ڕەنگی جیاواز ڕەنگی دەکردن، تا هێزی جوانتریان پێ ببەخشێت. ئیدی بەم کارەشی سیحری جوانی پلە ڕەنگییەکانی جوانتر دەردەخست و تا لێشی دوورتر کەوتبایەوە جوانتر دیمەنەکە دەردەکەوت. هەرچەندە لە سەدەی پێنجەمدا ئەم جۆرە شووشانە




نموونەی کارێکی هونەری لە شووشە دروستکراوی ڕەنگاوڕەنگی بیزەنتینی

بەکارهاتوون، بەڵام بەداخەوە نموونەیان لێنەماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندی بیزەنتینی لەڕێگەی جۆشدانەوە هەوڵیداوە لە هەویری شووشە پلەی ڕەنگی دروست بکات. واتە لەپلەیەکی گەرمی دیاریکراودا ڕەنگێک دەردەچێت و ئیدی تا پلەکەش بەرزتر بکرێتەوە ڕەنگی شووشەکەش دەگۆڕێت و ئەم پیشەسازییەش، تا ئێستە لە «فینیسیا»دا[٥] هەرماوەو چەند خێزانێک کار لەسەر ئەم شێوازە دەکەن.



نموونەی پەنجەرەیەکی لە شووشە دروستکراوی ڕەنگاوڕەنگی بیزەنتینی

(٥) لە سەدەکانی ناوڕاستدا شاری «ڤینیسیا» سەربە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای ڕۆژئاوا بوو.

هـەروەها لـە ڕووی کـۆڵین لەسـەر کـانزای گرانبـەهاو بـەردی جـوان هونەرمەندی بیزەنتی توانیویـەتی کار لەسـەر دروسـتکردنی ئـاڵتون و دراوو مۆر بکات، بـەڵام زۆر وردو لێهاتوو نـەبوون (شـێوەی کارەکـان خـواروخێچ بـوون)، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پیشـەگەرەکان بەرهەمـەکانیان بـە هـەموو چینـەکانی کۆمەڵگـە دەفرۆشـت، چونکـە بیزەنتینییەکان زۆر هۆگرو ئاشقی ملوانکە بوون. ئیدی هەرئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی دیاری نـاوازەی لـە ئـاڵتون و زیـو دروسـتکراو لـە بازاڕەکانـدا زۆربێـت و بفرۆشـرێت، لەوانـەش قاپۆلکەو چەرخ و باوڵی قەبارە بچووک. هەروەها ئەو کەرەستەو شمەکانەی بـۆ کەنیسـە پێویسـتبوون، وەک خـاچ، جامۆلکـە، مۆمـدان، دۆلاب، مەسـینە، پەرداخ و چەندانی تر...


ملوانکەیەکی لە ئاڵتون دروستکراوی بیزەنتینی


کۆمەڵە شمەکێکی لە کانزا دروستکراوی بیزەنتینی

# هونەری گڵێنەکاری

هونەری گڵێنەکاری لەسەردەمی یۆنان و هێلنستیدا گەشەی کردو بایەخیان زیاتر بە قاپی جۆراوجۆر دەدا و بۆ هەرشێوەیەکیش ناوێکی یۆنانی لێنرابوو (وەک لە کوردەواریدا پێی دەڵێین قاپی شلە، قاپی ساردکردنەوە، بەلەم...) ناوپۆشی ئەم قاپانەش بە دیمەنی جۆراو ڕازێنرابوونەوە، وەک دیمەنی نواندنی ئەفسانەیی، یان مێژوویی، یان کۆمەڵایەتی. هونەری گڵێنەکاری ڕۆمانی و بیزەنتینیش لەژێر کاریگەری هونەری گڵێنەکاری یۆنانیدا گەشەیکردووە.

هەروەها بیزەنتینییەکان خشتیان سوورکردۆتەوەو بۆ دروستکردنی دیوار لەگەڵ چیمەنتۆدا بەکاریانهێناوەو هەمان ئەو خشتانەشیان بەهۆی سوکییەکەیەوە بۆ دروستکردنی گومەز بەکارهێناوە.



## خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە تیشک دەخاتە سەر هەندێک بابەتی هەستیارو لەسەریان دەوەستێت، وەک:

١. لایەنی تەلارسازی و پێشخستنی بواری نەخشەسازی تەلارسازی بیزەنتیی لەگەڵ نمایشکردنی هەندێک دیمەنی تایبەت بەو بوارە.
٢. بایەخدان بە هونەری مۆزائیک و پەیکەرسازی و گڵێنەکاری.
٣. بیزەنتییەکان سوودیان لە هونەری میللەتانی ڕۆژهەلات و کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست وەرگرتووە، ئەمەش بۆ خوێندکارەکان بسەلمێنە.

### هۆکاری فێرکاری

پێویستە مامۆستای وانەکە بە بایەخەوە گرنگی بە هۆکاری ڕوونکاری و فێرکاری بدات و زۆرترین نموونەی وێنەی ڕوونکاری بۆ خوێندکارەکان لەرێگەی داتاشۆوە نمایش بکات.

### گفتوگۆ

یەکێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستای وانەکە سازدانی گفتوگۆی هونەرییە لەنێوان مامۆستا و خوێندکاران و خوێندکارو خوێندکاردا، ئەمەش بە دروستکردنی کەشێکی لەباری گونجاو لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەر بیروبۆچوونێکی جیاواز. لێرەدا مامۆستا بەڕێوەبەری گفتوگۆکانەو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوەی دەبات.

### تاقیکردنەوە

مامۆستا خوێندکاران تاقیدەکاتەوە بە شێوەیەک پرسیارەکان دادەنێت، خوێندکار زۆرتر پشت بە نووسین ببەستێت لە وەڵامدانەوەدا. بۆ نموونە:

١. باسی هونەری تەلارسازی بیزەنتینی بکە.
٢. باسی هونەری گڵێنەکاری بیزەنتینی بکە.
٣. بۆچی زۆربەی دیمەنی مرۆڤەکان لە نێو پەیکەری بیزەنتینیدا جلوبەرگیان پۆشیووە؟ ئەمە ڕوون بکەوە.

ئیدی مامۆستا سەرپشکە چۆن پرسیارەکان دادەنێت بەومەرجەی خوێندکار هەراسان نەکات، یان ئازار نەدات.

# وانەی دووەم




# هونەری گوتی Gothic art

## وانەی دووەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: هونەری گووتی (غووتی)

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---


پێشەکی

ناوی «گووتی»، یان «غووتی»، یان «قووتی» لە هونەرێک نراوە، کە لەسەرەتای سەدەی دوازدەیەمەوە سەری هەڵداوەو تا ساڵی (١٤٠٠ز) درێژەی کێشاوە. ئیدی ئەم ناوەش لەگەڵ ڕۆشنبیرو بیریارانی سەردەمی بوژانەی ئیتاڵیدا (ڕێنسانسی ئیتاڵی)، کە بە مرۆڤدۆستەکان ناسرابوون، ئەمەش بۆ تیرەیەکی «گووتی» جێرمانی دەگەڕێتەوە، کە لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا «ئیتاڵیا»یان داگیرکردبوو.

هەرچەندە سەرەتای دەرکەوتنی هونەری گووتیک دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدە لە «فەرەنسا» و زۆربەخێرایی بە هەموو ئەورووپادا بڵاوبۆوەو بۆ زیاتر لە (٢٠٠) ساڵ درێژەی کێشا. هەروەها یەکێک لە بابەتە دەگمەنەکانی هونەری گووتی هونەری تەلارسازی و نیگارکێشان و چاپگەری و مۆزائیک و پەیکەرسازی بووە.



تابلۆی ئاگرپەرست – هونەرمەند جانتیل داڤابریانۆ – 1423



مەسیحی لەخاچ دراو – گۆنتا پیزانۆ

لەدوای سەدەی سیێزدەیەمەوە خۆشگوزەرانی و بەرزبوونەوەی بەهای جوانی و زەوقی خەڵک وایکرد «ئیتاڵیا» ببێتە پێگەیەکی باش بۆ گەشەپێکردنی هونەرێکی ئاست بەرزی چێژبەخش، چونکە لەگەڵ ئارەزووی خەڵکە خانەدان و پایەبەرزەکەدا دەهاتەوەو ئەم چینەش بەهۆی گەشەی بازرگانی و ئابوورییەوە بەرەو پێشکەوتن دەچوو. ئیدی لێرەوە توانا مەزن و گەورەکانی هونەرمەندان بەدەرکەوتن و لەنێویشیاندا هونەرمەندانی ئیتاڵی، وەک «گۆنتا پیزانۆ»[٦] Giunta Pisano لە پیزا و «لاپۆ» Lapo لە بستۆیا و «گویدۆ» Guido لە سینا و «پیترۆ کاڤالینی»[٧] Pietro Cavallini لە ڕۆما.

[٦] «گۆنتا پیزانۆ» Giunta Pisano لە ساڵی (١١٨٠) لە ئیتاڵیا لە شاری ‹پیزا› لەدایکبووەو لە ساڵی (١٢٥٠) کۆچی دوایی کردووە. بە یەکەم هونەرمەندی نیگارکێشی ئیتاڵی دادەنرێت، کە ناوی لەسەر نیگاری مەسیحی لەخاچدراو دۆزرابێتەوە. لە نێوان ساڵانی (١٢٠٢) و تا ساڵی (١٢٣٦) کاری هونەری کردووە. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Giunta_Pisano

[٧] «پیترۆ کاڤالینی» Pietro Cavallini (١٢٥٩– ١٣٣٠) نیگارکێش و نەخشەسازی مۆزائیکی ئیتاڵییە. زۆربەی ژیانی لە ڕۆما بەسەربردووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری هونەری ڕۆمانی. لە گرنگترین کارەکانی کارێکی خڕ بوو، کە بۆ کەنیسەی

ئیدی لێرەوە ئەم هونەرمەندانە توانیان هونەری خەیاڵبازی بیزەنتینی بەجێبهێڵن و لەکارەکانیشیاندا ڕەنگی تۆخ و گەشاوەو سۆزو خۆشەویستی ئیتاڵیان تێکەڵ بە هونەری نیگارکێشان کرد. ئەم هونەرمەندانە شێوەیەکی جیاوازیان لە نیگارکێشان هێنایە ناو کاری هونەرییەوە، کە کارەکانیان




کارێکی مۆزائیکی لە کەنیسەی (سنتا ماریا) – ڕۆما – پیترۆ کاڤالینی – 1291

پڕبوون لە سمبولی ڕۆحی و ئامانجی ئەمەش بۆ هاندانی بینەربوو، تا بەرەو خوای باڵادەست بچن. هەرچەندە هونەری بیزەنتیش هەمان ڕێچکەی هەبوو، بەڵام شێوازی دەروورین و گوزارشتکردنی گووتی جیاواز لەجاران دەردەکەون، چونکە هونەری گووتی لە هەناوی هونەری تەلارسازی سەرچاوەی گرتووە لەکاتێکدا کەنیسەکان، تا ئەوپەڕی بە ئاسماندا بران و جوانکاری ناوەوەشیان پڕکران لەو ڕووناکییەی، کە لە پەنجەرە ڕەنگکراوەکانەوە دەهاتن. هەروەها نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت هونەری ئایینگەرایی گەیەنرایە لوتکەو شێوازێک لە جوانکاری پێبەخشرا.

---

«سان پاولۆ فۆری لۆ مورا» ئەنجامی دابوو بەناوی ‹لەگەڵ چیرۆکەکانی سەردەمی کۆن و نوێدا› (١٢٧٧– ١٢٨٥)، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی (١٨٢٣) بە ئاگر وێرانکرا.

هەر لەم سۆنگەیەوە هونەرمەند «دۆتشیۆ بۆنینسیگنا» [٨] Duccio di Bouninsegna (١٢٦٠ – ١٣١٩) تــوانی لــە کەنیســەی شــاری «ســینا» وێنەیەک بەناوی «شکۆمەندی» Maesta بکێشێت و وێنەکەش گوزارشتی لـە «مریـەم»ـی پـاکیزە لـەژێر ساباتەکەی دەکرد. لەدواییشدا «جیۆتۆ»ی Giotto نیگارکێش تــوانی ئاســتی ئــەم دیمەنــە تێپـەڕێنێنیت و تابلۆیـەکی کـەم وێنـە بکێشـێت لـەو بارەیـەوە. گومـــــانی تێدانییــــــە، لـــــەو سەردەمەدا زیاتر هونەرمەندان هاندەدران، تا دڵی بینەر بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن، ئەمـەش بـە ڕازاندنــــەوەو نەخشــــاندنی دیـوارو بنمـیچ و بـن سـەربانی کەنیســەکان بــوو، زۆربــەی نیگارەکــانیش گوزارشــتی لــە مەسـیح و مەریـەم و فریشـتەو جۆرێــک لـــە جوانکــاری و ڕازاندنـەوەی زیـاد لەپێویسـت دەکرد، کە لە هونەری بیزەنتینیدا بەم شێوەیە بوونی نەبووە.



تابلۆی خاچ – دۆتشیۆ بۆنینسیگنا

هــەروەها هونەرمەنـدی گــووتی زیــاتر کاریــان لەســەر بەوێنــەکردنی ئایدیاکان دەکرد، وەک لەوەی لەسەر شێوەی ڕاستەقینەو سروشتی شتەکان

---

[٨] «دۆتشیۆ بۆنینسیگنا» Duccio di Bouninsegna لە ئیتاڵیا لەدایکبووە. بە یەکێک لە نیگارکێشە چالاکەکانی شاری سینای توسکانا دادەنرێت. ئەم هونەرمەندە لە کۆتایی سەدەی سێزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەم نەخشی جوانی خۆی لە بواری نیگارکێشاندا لە ئیتاڵیا بەجێهێشتووە، بەتایبەت دامەزرابوو، تا بەشێوەیەکی بەردەوام کاری هونەری لەناو تەلارە فەرمییەکانی دەوڵەت و تەلارە ئایینییەکان لە سەرتاسەری ئیتاڵیادا بکات. هۆکاری پێشکەوتنی هونەرمەند ‹دۆتشیۆ›ش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانی شێوازی نیگارکێشانی ئاوزێڕی ‹ترسینتۆ›و Trecento ‹قوتابخانەی سینیس› Sienese school بەرەو پێشەوە بەرێت. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Duccio

خۆیان هەوڵی وێنەکردن بدەن. لێرەدا هونەر بۆ خزمەتکردنی ئایین و گوزارشتکردنە لە دەسەلاتی بێسنووری خودا نەک ئەوەی، وەک کایەیەک سەرسامی خودی هونەربێت. لە سەرەتای سەردەمی گووتیکدا توانای تەکنیکی لە توانای داهێنانی هونەری بە بەهاتر هەڵدەسەنگێنرا، هەربۆیە هونەرمەندان بە ئەندازەی پیشەگەرەکانیش بە گرنگ نەدەزانران.



تابلۆیەکی هونەرمەند جیۆڤانی شیمابوی

ئیدی بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندانی گووتیک زیاتر جەختیان لەسەر ڕزگاربوون و پاکبوونەوە دەکرد، وەک لە نەفرەتکردن و لە شوێنی دیمەنە ئاشووبهێنەرو تۆقێنەرەکان، بۆیە لەم سەردەمەدا خواپەرستان لەناو کەنیسەکاندا ڕووبەڕووی وێنەی مەسیح لەکاتی ژیانداو مریەمی پاکیزە و ڕێبەرە ئایینییەکان دەبوونەوە، ئەم فیگەرە پیرۆزانەش بە شێوەیەک وێنەکرابوون پڕبوون لە بەزەیی. بە دڵنیاییەوە هونەرمەندی گووتی ویستویەتی لە نزیکەوە لەڕێگەی نیگارەکانەوە پەیامەکانی خودا بڵاوبکاتەوە.

لێرەدا نابێت نەخشی هونەری «جیۆڤانی شیمابوی»[٩] Giovanni Cimabue (١٢٤٠- ١٣٠٢) لەیاد بکرێت ولە خێزانێکی مامناوەندی فلۆرەنسیش لەدایکبووە. ئەوکاتە زۆر دڵتەنگبوو کاتێک بەشی یاسای بەجێهێشت و ڕووی لە بەشی هونەر کرد، بەڵام لە کاری هونەریشدا ڕوحێکی داهێنەرانەی هەبوو لە ماوەیەکی کورتدا توانی نەخشی جوانی خۆی بەسەر هونەری ئیتاڵیادا بەجێبهێڵێت و بتوانێ بەهونەرەکەی پێش «دۆتشیۆ» بکەوێتەوە.

---

[٩] «جیۆڤانی شیمابوی» Giovanni Cimabue بە یەکێک لە هونەرمەندە مەزنەکانی بواری نیگارکێشان و مۆزائیک دادەنرێت لە فلۆرەنسا. ڕەخنەگران ئەم هونەرمەندە مەزنە بە دواهەمین هونەرمەندی نیگارکێشی لاسایی کەرەوەی شێوازی بیزەنتی دادەنێن. هەروەها ئەم هونەرمەندە بەهۆی «جیۆتۆ»ی قوتابییەکەیەوە هێندەی تر ناسرا و ناوبانگی دەرکرد، کە شۆڕشێکی هونەری مەزنی لە ئیتاڵیادا بەرپاکردبوو. «شیمابوی» لە کارە هونەرییەکانیدا زیاتر ڕووی لە سروشتگەرایی کردبوو. هەروەها «شیمابوی» لە سەدەی سێزدەیەمدا بە شێخی نیگارکێشان دادەنرا.
بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Cimabue


لـە هونـەری گووتیـدا بایـەخی زۆر دراوە بـە ڕازاندنـەوەو نەخشـاندنی کەمـەری لاپـەڕەی کتێـب و نیگارکێشـان لـەناو پەڕەکانـدا، کـە زۆرجـار ئـەم ڕازاندنەوانــە بــە «ئـــــاوزێر» و «ئاوزیو» ئەنجام دەدران و هەنـــــدێکجاریش مرەکـــــــــەبی ڕەنگـــاوڕەنگیش بەکاردەهێنرا. ئەم جــۆرە هونــەرە لــەنێو کەنیســەو پیــاوانی ئــایینی جێگــەی بایــەخ بــــوو، چونکــــە هونــــــــەرێکی خۆشەویست بوو لـــەلایان. ئـــەم هونەرە لە سەدەی سێزدەیەمی زایینیدا لە ڕۆژئاوا گەیشتە لوتکەو بایـەخی زۆری پێـــدراو داهێنـــانی زۆری تێـــدا کـــرا. لــــە نێــــو نــــەخش و نیگارەکانیشدا دیمەنی «مریەمی پاکیزە» دەکێشرا. دواتر ئەم دیمەنانە بوون بە نەخش و ڕازاندنەوەی جۆراوجۆری ئایینی و جۆرێک لـە پیرۆزی و زیـاد لـە پێویسـت بایـەخ بـە کتێبـەکان دەدرا، چونکـە ئـەو کتێبانـەی دەڕازێنرانـەوە ئایینی بوون، وەک «ئینجیل».



دیمەنی ڕازاوەی ناو دەستنووسێکی ئایینی سەردەمی گووتی

شایانی باسە، لەو سەردەمەدا کەمتر گرنگی بە لایەنی «ڕوانگە» دەدرا، بەڵکو هونەرمەند زیاتر بایەخی بە بەهاو پلـەی ڕەنگی دەداو لەهەمانکاتیشدا دیمەنەکانیشـــی بـــەچڕی دەکێشـــایەوە (دیمەنـــەکانی قـــەرەباڵغ دەکـــرد)و زۆرکاتیش بابەتی وێنەکانیان لە کتێبی پیرۆز وەردەگرت.

هەروەها کەنیسە ڕێگەی دابوو هونەرمەند وردەکاری لە کاری نەخشاندن و ڕازاندنەوەی گیایی و ئاژەڵی و ئەندازەییدا بکات و هەندێک وێنەشیان دەکێشا، کە جیاوازبوو لەوانی تر، وەک کەللەسەر مرۆڤیان بە لاشەی ئاژەڵەوە دەناو کەللەسەری ئاژەڵیشیان دەخستە سەر جەستەی مرۆڤ. بۆنموونە کەللەسەری شێوە مەیمونیان دەخستە سەر جەستەی مرۆڤ. (لە پەیکەرەکانیشدا ئەمجۆرە دیمەنانە دووبارە دەبوونەوە) جۆرێک لە دیمەنی ئەفسانەیی پیشان دەدا.


دیمەنی ڕازاندنەوەی خەیاڵی و ڕاستی لە دەستنووسێکی گووتی شێوە ڕۆمانیدا

هەروەها بایەخی زۆردرا بە ڕازاندنەوەی پەنجەرەی کەنیسەکان و لەو ڕازاندنەوەیەشدا شووشەی ڕەنگاوڕەنگ بەکارهێنرا، کە بەشێوازێک ڕەنگەکان دەگونجێنران کاتێک تیشکی خۆر لە شووشەکەی دەدا یەکپارچە ناو کەنیسەکەی دەکرد بە ڕەنگباران. لێرەدا هونەرمەند مەبەستی بوو جۆرێک لە کەشێکی بەهەشتی پیشانی میوانانی کەنیسە بدات، ئەمەش بە دروستکردنی دیمەنێکی یەکجار جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ ئیمانداران.


نموونەی پەنجەرەیەکی هونەری شووشەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر شێوازی گووتی لە نۆتردام

## هونەری فریسکۆ Fresques و مۆزائیک

دوای ئەوەی هونەرمەندی گووتی بەبایەخەوە لە هونەری چاپگەری و ڕازاندنەوەی کتێبی ڕوانی، ئنجا کاری زۆری لە نیگارکێشانی سەردیوارو ڕازاندنەوەی تاق و کەمەربەندو بن سەربانەکان دەداو لەڕێگەی هونەری فریسکۆوە بەشێوازێک نەخشکاری و نیگاریان ساز کردووە بۆتە جێگەی تێرامانی بینەر.




دیمەنە فریسکۆکانی سەر دیواری کەنیسەی مارك لە ڤێنیسیا – سەدەی دوازدەو سێزدە

بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووبێت کاری مۆزائیک بووە، هەرچەندە مێژووی ئەم هونەرە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام هونەرمەندی گووتی جارێکی تر بەبایەخەوە کاری لەم هونەرەدا کردووەو جۆرێک لە وردەکاری خستە نێو بابەتەکانەوەو بەهەستیارییەوە نیگارەکانی دەنەخشاند. لەهەمانکاتیشدا هونەرمەندی ئەو سەردەمە زۆر بایەخی بە پاشینەی ڕەنگ ئاڵتوونی دەداو زۆرجاریش لە شووشە مۆزائیکییەکاندا پەڕەی تەنکی ئاڵتوونیان دادەنا بەجۆرێک کەش و هەوا کاریگەری لەسەر ڕەنگەکە دروست نەکات.

هەروەها هونەری مۆزائیکی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ سنوورەکانی ئیتاڵیای بەزاندو بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەباکوریشەوە بەرەو فەرەنسا پەلی هاویشت و ئەمەش ڕاستەوخۆ لە کارە هونەرییە دیواربەندییەکاندا ڕەنگی پێدرایەوەو بووە جێگەی بایەخی هونەرمەندان.

## هونەری پەیکەرسازی گووتی

هونەری پەیکەرسازی گووتی خاوەن تایبەتمەندی و هەستێکی قووڵی پڕ چالاکی و ژیانکردنە و جۆراوجۆرە لە بابەتەکانیداو هاوسۆزیشە لەگەڵ جیهانی گژوگیاو ئاژەڵاندا. هەرچەندە پەیکەرساز هەوڵیداوە مامەڵە لەگەڵ جەستەی شتەکاندا نەکات، هێندەی مەبەستی بووە ڕۆح بە بەر شێوەکاندا بکات و شێوەکانیشی تەنها شتێکی ڕەق و تەقی بێگیان نەبن و جۆرێک لە هەستی ڕۆحیان تێدابێت لە ئاست بینەردا. ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە پەیکەرە بەردینەکان زیاتر هەستێکی ڕۆحی دەبەخشن و ڕێکپۆش و بالاپۆش و قیت و قنجن. جا لەبەر ئەوە ئەم کارانەش دەمانگێڕنەوە بۆ کارە نایابەکانی پەیکەرسازە یۆنانییەکان، کە پڕبوون لە وردی و هەستی بەخۆزانی پەیکەرسازییان پیشان دەدا لە وردی و لێهاتوویی کاری کۆڵین و داتاشیندا.



پەیکەری قەشە سیۆدۆر لە کەنیسەی شارتەر – 1230



پەیکەری مریەمی پاکیزە – کەنیسەی شارتەر لە فەڕەنسا

بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت، کە هونەری پەیکەرسازی گووتیش لە ڕووی

هونەرییەوە بێ کەم و کورتی نەبووەو زیاتریش بایەخیان بە لایەنی ئایینی و ڕۆحی داوە، ئەمەش بەڕوونی لە کەنیسەکاندا هەستی پێدەکرێت، جا لە ڕووی دەرەوە، یان ناوەوەی تەلارەکاندا بووبێت.


پەیکەرە ئایینییەکان زۆربەی کایە هونەرییەکانی گووتی داگیر کردبوو

بێگومان، هونەرمەندی پەیکەرسازی سەدەکانی ناوەڕاست هەمیشە هەوڵیداوە خۆی لە هونەری پەیکەرسازی ڕووت دەرباز بکات و کارە هونەرییەکانیشی زیاتر بابەتی ئایینی لەخۆ بگرن، نەک دنیایی. جا ئەم بۆچوونەش بۆ کارە پەیکەرەکانیشیان هەر ڕاستە، چونکە ئەوروپا بە ڕاگوزەری بازرگانی و گەشەی بازاڕو ئابووریدا تێدەپەڕی و وردە ماڵە خانەدان و خاوەن سەرمایەکان دەردەکەوتن، ئەمەش وایکردبوو هونەرمەند ئارەزووی دنیایی تێکەڵ بە کارەکانی بکات و چێژ بەخشیش بن.


نموونەی پەیکەرێکی ئەفسانەیی گووتی لە ناو باخچەدا – سەدەکانی ناوەڕاست

هەروەها، پەیکەرسازەکان زیاتر لە هەر هونەرمەندێکی سەدەکانی ناوەڕاست بە تەنگ بە بینگەکردنی هەستە دەروونییەکانەوە بوون و لە کۆتایی سەدەی دوازدەشدا دەستیانکرد بەگەڕان بەدوای ئەو پەیکەرانەی بۆ ڕۆمان و یۆنان دەگەڕانەوە، ئەوەش بۆ لاساییکردنەوەی هەندێک لە

هەوڵەکانیان، بەڵام لەو جێیەی هونەرمەندە یۆنانییەکان فیگەرەکانیان لەسەر جوانترین شێوە بەرجەستە کردبێت، ئەوا ئامانجی هونەرمەندانی گووتی ئەوەندەی توانیبێتیان بۆ خستنەڕووی چیرۆکە پیرۆزەکان بووە. ئیدی هونەرمەندو تەلارسازو پیشەگەرەکان هەموویان پێکەوە ئەوەندەی لەتوانایاندابووە و ڕێی تێچووە، هەوڵیانداوە گوزارشت لە وشەکانی خوا بکەن. هەروەها ئەو مادانەی پەیکەریان لێ دەتاشی بریتی بوون لە «مەڕمەڕ، بەردی حەللان، گرانیت، تەختە، عاج، کانزا».


پەیکەرێکی لە عاج دروستکراو - لۆڤەر- 1200-1230

شایانی باسە، وێڕای داتاشینی پەیکەری ئایینی، جۆرێک لە بابەتی ئەفسانەش تێکەڵ بە هونەری پەیکەرسازی کرا. بۆ نموونە دروستکردنی ئاوەڕۆی بارانی سەر کەنیسەکان (پروسکە) بەشێوەیەک دروست دەکرا، وەک گیاندارێکی ئەفسانەیی پیشان دەدرا (شێوەی شەیتانی). ئیدی ئەمەش ببوو بە نەریت و دواتر لەگۆشەی تەلارە بەرزەکانیشدا هەمان نموونە دووبارە دەکرایەوە. واتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری پەیکەرسازی گووتی بریتی بوو لە تێکەڵکردنی هونەری پەیکەرسازی بە هونەری تەلارسازی، کە ئەمەش وایکردبوو هێزێکی جوان بە هەردوولا بدات (پەیکەر- تەلار).


نموونەی چەند کارێکی ئەفسانەیی لە هونەری پەیکەرسازی گووتیدا

## هونەری تەلارسازی گووتی

هونەری تەلارسازی گووتی درێژکراوەی هونەری تەلارسازی ئەورووپییەو لە سەدەی دوازدەوە دەستپێدەکات، تا نزیکەی سالانی (١٤٠٠ز).



کەنیسەی کۆڵۆنیا لەسەر شێوازی گووتی – ئەڵمانیا – 1248

لەو سەردەمەدا هونەری دروستکردنی کەنیسە لە باکوری ئەورووپا گەشەی کرد، بەجۆرێک تەلارەکان بە ئاسماندا دەچوون و دەبوونە جێگەی تێرامانی بینەر، چونکە یەکێک لەو بنەمایانەی لە هونەری تەلارسازی گووتیدا پەیڕەو دەکرا بریتی بوو لە ئاڵۆزی و چڕی و قیتی لە بەئاسمان چووندا.

هەروەها ئەم تەلارانە دەڕازێنرانەوە بە کەوانەی جۆراوجۆر و پڕدەکران لە تاقی جوانی سەر خڕ، کۆڵەکەکان سەرشانەکانیان هەڵگرتبوو، هەرچەندە ئەم جۆرە کەوانانە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانسکی[١٠] سەدەکانی سەدەی یازدە، بەڵام لەدوای سەدەی دوازدەوە نەخشونیگارەکانی سەر تاق و سەرشان و کەوانەکان پڕکران لە نەخشی رووبەرز. هەروەها جیاوازی نێوان شێوازی «ڕۆمانسکی» و «گووتی» تەنها ئەو دوورییە بوو،

---

[١٠] هونەری ڕۆمانسکی، گوزارشت لە هونەری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەکات، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی (١٠٠٠ز)، تا سەرەتاکانی دەرکەوتنی هونەری گووتی لە سەدەی سێزدەیەمەوە بەرەو سەرتر. ئیدی مێژووی ئەم قۆناخەی پێشتر بە قۆناخی پێش ڕۆمانسکی دەناسرێت. هەروەها ئەم دەستەواژەیەش (ڕۆمانسکی) لەلایەن مێژوونووسانی سەدەی نۆزدەیەمەوە داهێنراوە، بەتایبەت بۆ «هونەری تەلارسازی ڕۆمانسکی» داتاشراوە، ئەمەش بەهۆی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی هونەری تەلارسازی ڕۆمانی لە نێو هەناویدا. بۆ دەستخستنی زانیاری زۆرتر بڕوانە ئەم پێگەیە:
https://en.wikipedia.org/wiki/Romanesque_art

کە لەنێوان کۆڵەکەکاندا هەبوو، بۆیە لە شێوازی ڕۆمانسکیدا پشت دەبەسترا بە کۆکردنەوەی کۆڵەکەکان لە دەوری یەکترداو دواتر وەک یەکەی جیاواز جیاواز لە نزیک یەکتر کۆدەکرانەوە. واتە هەر کۆڵەکەیەک، وەک یەکەیەکی سەربەخۆ نمایش دەکرا، بەڵام لە شێوازی گووتیدا پانتایی لە یەکەیەکی جوانکاری گشتیداو لە یەکەیەکی دابەشکراودا پیشان دەدرا.

لێرەدا دەتوانرێت هونەری تەلارسازی گووتی بۆ دوو شێواز دابەش بکرێت:

**شێوازی یەکەم:** شێوازی تەلارسازی گووتی فەرەنسی (١١٣٣- ١٣٠٠)




کەنیسەی نۆتردام لە فەرەنسا – 1220– 1288

شایانی باسە، هونەری تەلارسازی گووتی فەرەنسی بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زۆر گرنگی تەلارسازی بەستبوو، کە ئەم سەرچاوانەش بوونە هەوێنی دروستکردنی شێوازێکی جوانی تەلارسازی زۆر مەزن و سەرنج ڕاکێش، (وەک کەنیسەی نۆتردام لە ئامیان) بەتایبەت سوود وەرگیرا لە شێوازی باسیلکای ڕۆمانی هەر لە دەرگا و

پەنجەرەو تاق و گومەزە بەرزەکانی، ئنجا ڕازاندنەوەی بیزەنتینی، تاقە ئەرمەنی و سوری و فارسی و میسری و عەرەبییەکان.

هەروەها گومەزە گۆشەدارەکان و بەستە کۆڵەکەو شێوازی ڕۆژئاوایی و نەخشی عەرەبی و گومەزە چوکڵەدارەکان و تاوەرە بەرزەکانی ڕووی دەرەوەی تەلارەکان. ئیدی ئەوانە هەموو بوونە بوخچەیەکی کاری باش بۆ هونەری تەلارسازی گووتی لە فەڕەنسادا، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە: ئایا بۆچی فەڕەنسا توانی بۆ هونەرەکەی سوود لەم هەموو شارستانییەتانەی تر وەربگرێت؟ بەڵام لەهەمانکاتدا ئیتاڵیاش دەیتوانی زۆر بەئاسانی



کەنیسەی نۆتردام دو باری لە پاریس

ببێتە پێشەنگی ئەم پێشکەوتنە تەلارسازییە مەزن و جوانە؟ بێگومان هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە ئیتاڵییەکان هەروا بە ئاسانی نەیانتوانی دەستبەرداری هونەری تەلارسازی ڕۆمانی ببن و لە ڕابردوودا مانەوە. ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە فەڕەنسا لەدوای ئیتاڵیا بە دەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەنرێت لە سەدەی دوازدەیەمدا. نموونەیەک لە جوانترین تەلارەکانی سەردەمی گووتی لە فەڕەنسا: کەنیسەی ئامیان[١١]، کەنیسەی نۆتردام دو باری[١٢].

---

[١١] کەنیسەی نۆتردام لە ئامیان Cathédrale Notre-Dame, Amiens، لە ساڵی (١٢٢٠) دەست بە دروستکردنی کراو لە ساڵی (١٢٨٨) تەواوکرا. ئەم کەنیسەیە بە یەکێک لە کەنیسە جوان و مەزنەکانی سەردەمی گووتی لە فەڕەنسا دادەنرێت و ڕووبەڕەکەشی (٧٧٠٠) مەتر چوارگۆشەیە.

[١٢] کەنیسەی نۆتردام دو باری، یان نۆتردام دو باریس، Notre Dame de Paris، لە ساڵی (١١٦٣) دەست بە دروستکردنی کراوەو لە ساڵی (١٣٤٥) کراوەتەوە. لەلایەن ئەندازیاری تەلارساز «پییر دی مۆنتریۆڵ» دروستکراوە.

**شێوازی دووەم:** شێوازی تەلارسازی گووتی ئینگلیزی (١١٧٥- ١٢٨٠)

دوای ئەوەی هونەری گووتی لە دوورگەکانی چارتەری فەرەنسییەوە گواسترایەوە بۆ هەرێمەکانی تری فەرەنسا، ئیتر ئەم هونەری تەلارسازییە هەربەوە نەوەستاو سنوورەکانی فەرەنسای تێپەڕاندو پەڕییەوە بەرەو سنوورەکانی ئینگلتەراو سویدو ئەڵمانیاو سپانیاو لە کۆتاییشدا لە ئیتاڵیا گیرسایەوە. شایانی باسە، ئەندازیارو پیشەگەرەکانی فەرەنسا بەنێو وڵاتانی تردا بڵاوبونەوەو جۆرێک کارسازی فەرەنسیان بەرهەمهێنا. ئیدی هەر لەبەر ئەوەشە زۆرێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە ئینگلتەرا لە سەدەی هەژدەیەمدا نیوەی بوو بە فەرەنسی، چونکە تەلارەکانی جۆرێک لە هونەری تەلارسازی گووتی فەرەنسی پێوەدیاربوو، هەرچەندە لەنێوان فەرەنساو ئینگلتەرادا تەنها ئاوێک هەبوو، ئەمەش نەبوو بە بەربەستێک، کە نەتوانرێت ببڕدرێت.


کەنیسەی وێلز – بەریتانیا نموونەی هونەری تەلارسازی گووتی – 1239


لێرەدا گومەزی بن چوارگۆشەی ئینگلیزی بەدەرکەوتن، بەتایبەت لە کەنیسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا، کە بە شێوازی ئینگلۆسەکسۆنی بەناوبانگ بوو. هەرچەندە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری تەلارسازی گووتی بریتی بوو لە هاوسەنگکردنی ئەو بارستاییەی لە سەرەوەیە، کە ئەمەش لەڕێگەی دابەشکردن و هاوسەنگکردنی ئەم قورساییە بەسەر کۆڵەکەو سەرشانەکانەوە ئەنجام دەدرا، کە دواتر شێوازێکی ئاڵۆزی ئەندازەیی دروست دەکردو ئەم شێوازەش لەلای ئینگلیزەکان جێگەی پەسند

نەبوو. ئەندازیارە ئینگلیزەکان پێیان وابوو پێویست دەکات بارستایی سەرەوەی تەلارەکە ڕاستەوخۆ بچێتە سەر کۆڵەکەکان، تا شێوازێکی سادەو بەهێزو جوان پیشان بدات (دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی و پێچ و پەنا).



کەنیسەی لینکۆڵن – بەریتانیا – 1311

هەروەها ئەندازیاری تەلارسازی ئینگلیزی پێی وابووە، کە ئەرکی کۆڵەکە بەهێزکردن و توندوتۆڵکردنی بەدەن و سەربانی تەلارەکەیە، کە ئەمەش وادەکات تەلارەکە بە مەزنی بمێنێتەوە، بەڵام ڕێکپۆش نەبووە، وەک ئەوەی لە هونەری تەلارسازی فەرەنسیدا هەبووە. نموونەی هەندێک لە تەلارەکانی سەردەمی گووتی لە بەریتانیا: کەنیسەی وێلز[١٣]، کەنیسەی لینکۆڵن[١٤]، کەنیسەی سالیسبۆری[١٥].



کەنیسەی سالیسبوری – بەریتانیا – 1220

---

[١٣] کەنیسەی وێڵز wells cathedral، لەساڵی (١٣١١) کراوەتەوە. بەرزییەکەی (٤٩) مەترەو لەسەر شێوازی گووتی دروستکراوە. ئەندازیارە تەلارسازەکانی بریتین لە: ویلیام جۆی، ویلیام وینفۆرد، ئەنسۆنی سالڤین.

[١٤] کەنیسەی لینکۆڵن lincoln cathedral، لە ساڵی (١١٨٥) دەستکرا بە دروستکردنی و لە ساڵی (١٣١١) کرایەوە. بەرزییەکەی (٨٣) مەترەو لەسەر شێوازی گووتی دروستکراوە.

[١٥] کەنیسەی سالیسبۆری salisbury cathedral، لە ساڵی (١٢٢٠) دەست بە دروستکردنی کراوە، بەرزییەکەی (١٢٣) مەترە و لەسەر شێوازی گووتی دروستکراوە. ئەندازیارەکانی: جۆرج گیلبەرت سکۆت، ڕیتشارد بۆرن، جیمس ویات.

## خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە تیشک دەخاتە سەر هەندێک بابەتی هەستیارو لەسەریان دەوەستێت، وەک:

١. هونەری نیگارکێشان و شێوازی بەکارهێنانی ڕەنگ و ئەو کەرەستەو شمەکانەی لەو بوارەدا بەکارهاتووە لەگەڵ شوێنی هەڵواسین و کێشانەکان، بەتایبەت فریسکۆ، ڕەنگی مۆمی، مۆزائیک.

٢. چۆن بایەخیان بە هونەری مۆزائیک و پەیکەرسازی و گڵێنەکاری داوە؟

٣. گووتییەکان سوودیان لە هونەری میللەتانی ڕۆژهەڵات و بیزەنتینی و ڕۆمانی وەرگرتووە، ئەمەش بۆ خوێندکارەکان بسەلمێنە.

### هۆکاری فێرکاری

پێویستە مامۆستای وانەکە بە بایەخەوە گرنگی بە هۆکاری ڕوونکاری و فێرکاری بدات و زۆرترین نموونەی وێنەی ڕوونکاری بۆ خوێندکارەکان لەڕێگەی داتاشۆوە نمایش بکات و دیمەنەکان لەڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بەدەست بهێنێت.

### گفتوگۆ

یەکێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستای وانەکە سازدانی گفتوگۆی هونەرییە لەنێوان مامۆستا و خوێندکاران – خوێندکار و خوێندکاردا، ئەمەش بە دروستکردنی کەشێکی لەبارو گونجاو لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەر بیروبۆچوونێکی جیاواز. لێرەدا مامۆستا بەڕێوەبەری گفتوگۆکانەو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوەی دەبات.

### تاقیکردنەوە

مامۆستا خوێندکاران تاقیدەکاتەوە بە شێوەیەک پرسیارەکان دادەنێت، خوێندکار زۆرتر پشت بە نووسین ببەستێت لە وەڵامدانەوەدا، ئەمەش هاوکاری خوێندکار دەکات زۆرترین کاتی بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە تەرخان بکات. لە هەمانکاتیشدا پێویستە مامۆستا چەند ناونیشانێکی پێگە ئەلکترۆنییەکان بۆ خوێندکارەکان لەسەر وایتبۆردەکە بنووسێت، تا خۆیان بەدوو زانیارییەکاندا بگەڕێن.

## وانەی سێیەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: هونەر و جوانی

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

### جوان و جوانی

هەر لە بەرایی دروستبوونی ئەم بوونەوەرە هەستیارە (مرۆڤ)وە، هەست و چێژ و پەی بە جوانی براوە، جا بەڕێژەیەکی کەم بێت، یان زۆر ئەوا قۆناخ بە قۆناخ تێڕوانینەکان بەرانبەر بە جوانی گەشەی کردووەو هەمیشە هەوڵدراوە «جوان» لە «ناجوان» جیابکرێتەوە. ئەنجام توانرا هێڵکارییەکی گشتی بۆ بکێشرێت و پتری لەبارەوە بگوترێت و بکرێت بە لقێک لە نێو لقە فەلسەفییەکان و بە شێوازی جیا جیا شیکردنەوەو لێکدانەوەی چڕی بۆ بکرێت، چونکە هونەر هێڵی سەرەکی جوانییەو بە نمرەیەک ئەم بوارە زۆرترین جوانی لەئامێز دەگرێت و لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت بەجوانی ڕاستەقینە بگەین. ئیدی جوانی ڕاستەقینەش لە ناوەرۆکی کارە هونەرییەکان و شتەکانی تری ژیانەوە، نەک شێوە، ئنجا لەگەڵ ئەوەشدا شێوە (Form) و ناوەرۆک (Content) پێشچاو دەخات.

شایانی باسە، «جوان و جوانی» خۆیان لە خۆیاندا واتایەکی نادیارو بەربڵاویان هەیە... ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە تێگەیشتن لە واتای هونەر پێویستی بە دەرخستنی «چییەتیی هونەر»ەوە[١٦] هەیە. بۆ دەرخستنی چییەتییەکەش دەبێت ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییە دیاری بکرێت، کە بەرهەمێک دەکات بە «هونەری» و یەکێکی دی بە «ناهونەری». هەڵبەتە چالاکی هونەری لە مێژوودا پێش چالاکی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەو تەنانەت بیرکردنەوە لە هونەریش دەکەوێت. هەر وەکو دەزانرێت مرۆڤ

[١٦] بۆ تێگەیشتن لە ‹چییەتی هونەر›، دەبێت سەودای دوو بابەتی زۆر گرنگ بکرێت، کە بریتین لە سروش (Revelation) و هزر (Thought)، چونکە هەموو ئەوانەی لێکدانەوەیان بۆ چییەتی هونەر کردووە مشتومڕیان لەوەدا کۆکردۆتەوە، کە ئاخۆ هونەر بەرهەمی هزری مرۆڤە، یان بەرهەمی هێزی سروشە؟ دەمێکیشە تیۆریزانە هونەرییەکان لەسەر هێزی سروشی هونەری ڕاوەستاون، بەوەی هونەرمەند سەرچاوەی هونەرەکەی لە هێزێکی نادیارەوە وەردەگرێت و بەبێ سروش هیچ کارێکی هونەری لەدایک نابێت. ئیدی هونەرمەند لەساتەوەختی بەرهەمهێنانی کارێکی هونەریدا ژان دەیگرێت و بەشێوەیەکی نابەرجەستە پەیامی بۆدێت. بۆ زانیاری زۆرتر بگەڕێوە بۆ کتێبی: هونەرو هونەرەکانی هونەر، سەنگەر قوباد.

پێش دامەزراندنی شارستانییەت و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی ئاژەڵی کێشاوە، بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە لەواتای ئەو چالاکییە تێبگات و ڕاڤەی بۆ بکات.[١٧] ئیدی لەگەڵ پەیدابوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بەتایبەت لەسەردەمی «ئەفلاتون»ـەوە، واتای ئەو چالاکییە بە هونەر دادەنرێت و بوو بە بابەتی توێژینەوە.

هەرلەوبارەیەوە ‹ئەفلاتون› باوەڕی وایە، کە بیر (ئایدیا) هۆی بوون و پەیدابوونی شتەکانە. ئەوشتانەی، کە دەتوانرێت هەستیان پێبکرێت و دەستیان لێبدرێت و ئەمانەش تیشکدانەوەی بیرن (ئایدیا). ئایدیاش «هەستی پێناکرێ» و «دەستی لێنادرێ». هەروەها بەلای ‹ئەفلاتون›ـەوە «گۆڕان»، یانی مردن و لەناوچوونەو «تەواو»یش (کاملبوون) واتای نەمانی پەرەسەندنە... مادام هەموو شتێکی ماتریاڵیش لە گۆڕان و هەڵگەڕانەوەدایە، ئەوا بێگومان شتی ماتریاڵیش نوێنەری بوون نییە. ڕاستەقینەی بوون تەنها لە بوونی ڕۆحیداو لە جیهانی ئایدیاو ئایدیاڵدا حەشاردراوە. بۆ نموونە گوڵ، کە دەپشکوێ لە سەرەتادا جوانی زیاد دەکات، بەڵام لەماوەی ئەم گۆڕانەدا (کە پشکوتنی گوڵەکەیە) ئەو جوانییە وردە وردە کەم دەبێتەوە، تا لەناودەچێت. کەواتە ئەو جوانییە کاتییەو دێ و تێدەپەڕێ، جا لەبەر ئەوە جوانییەکی ڕاستەقینە نییە.

ئەی ئەم جوانییە ڕاستەقینەیە لەکوێدایە؟

ئەوە لەم جیهانە زەمینییەدا نییە، بەڵکو لە جیهانی بیردایە، جیهانی «ئایدیاڵ»، ئەو جیهانە ئەبەدییەی، کە هەرگیز ناگۆڕێت(نامرێت و لەناوناچێت و کەم و زیاد ناکات، هەموو کاتێک و لەهەموو دۆخێکدا هەر ڕەنگینە). کەواتە جوانی لەلای ‹ئەفلاتون› تایبەتمەندییەکی جیهانی ئایدیالییەو هەرگیز نەگۆڕو نەمرە.

کەواتە بەهۆی نزیکایەتییەکەیان هەمیشە جوانی و هونەر تێکەڵ دەکرێن، کەچی جوانی لەڕووی مەسەلە ویژدانی و هەستییەکانەوە جیاوازە لە هونەر، جوانی پتر پەیوەندی بە هەست و ویژدانەوە هەیە، هەرچی هونەریشە ئەوا یان خوڵقاندنە، یان دووبارەکردنەوەی مادەیەکی (مەتریاڵ)

---

[١٧] بۆ دەستکەوتنی زانیاری زۆرتر بگەڕێوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەی هونەر – ڕێبەری مامۆستا بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، تەوەری یەکەم، مێژووی هونەر.

هەستیاری خولقێنراوە، جا لە ڕێگەی تابلۆوە بێت، یان پەیکەر و سیرامیک و مۆسیقاو... جا هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤ لەهەر شوێن و لەهەر ڕەنگ و ڕەگەزێک بوو بێت لە شارستانیترین میللەتەوە بۆ سەرەتاییترین هۆزەکان پێویستی و نیازێکی دەروونی بە جوانی و شتە جوانەکان هەبووە.

هەروەها جوانی و هەستکردن و چێژبینین لە شتە جوانەکان لە قوڵایی مرۆڤبوونی ئێمەوە سەرچاوەی گرتووە. بەم واتایەش دەکرێت بگوترێت: مرۆڤ هەرتەنها بونەوەرێکی سیاسی و قسەکەر نییە، «ئەرستۆ»[١٨] دەڵێت: «تەنها بونەوەرێکی ئیشکەر نییە». «مارکس»یش پێی وایە «مرۆڤ بونەوەرێکی یاریکەرو جوانپەرستە». مرۆڤ لە بەراییدا یاریکەربووەو پاشان شەڕ فێربووە، بەڵام هەمیشە بە جوانپەرست و جواندۆست ماوەتەوە.

جا بۆ تێگەیشتن لەهونەرو کاری هونەری پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت، کە هونەر تەوژمێکە لە تاوگیری و هەڵهێنان و کاریگەری بە یارمەتی هێڵ و جووڵەو دەنگ و ڕەنگ دەردەکەوێت. هاوکات هونەر جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاگایی کۆمەڵایەتی و چالاکیی مرۆیی و کەتوار لە وێنەی جێگیرو جووڵاو و دەنگی هونەریدا پێچەوانە دەکاتەوە، ئەمەش گرنگترین ئامرازی گەیاندنی جوانییە بە جیهان. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت: بەرهەمهێنانی جوانی لەڕێگەی کۆششی مرۆڤی هۆشیارەوەیەو لە نێوەرۆکیشدا هونەر دەرخستنی شتی جوان نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی جوانییە بۆ دەرخستنی شت، چونکە کاری هونەری ئامانجە بەبێ ئامانج.

**هەرلەو سۆنگەیەوە پێویستە مامۆستا لەپۆلدا ئەم پرسیارانە بۆ خوێندکارەکانی بوروژێنێت:**

١. چۆن لەجوانی تێگەیشتووی؟
٢. مەرجە ئەوەی من پێم جوانە تۆش پێت جوانبێت؟
٣. جیاوازی چییە لەنێوان جوانی کاتی و جوانی هەمیشەییدا؟
٤. جیاوازی ئایدیاڵ و مەتریاڵ چییە؟
٥. مرۆڤ چۆن دەتوانێت داهێنان بکات؟ خودی داهێنان چییە؟
٦. مەبەست لە گۆڕان و نەمری چییە؟

---

[١٨] ئەرستۆ، یان ئەرستۆتالیس، Aristotle فەیلەسوفێکی یۆنانیەو خوێندکاری «ئەفلاتون» بووەو مامۆستای «ئەسکەندەری مەکدۆنی» بووە. لەساڵی (٣٨٤پ.ز) لە یۆنان لەدایکبووەو لە ساڵی (٣٢٢پ.ز) کۆچی دوایی کردووە.

# سەرچاوەکانی تەوەری یەکەم

## سەرچاوە کوردییەکان


١. قوباد، سەنگەر، هونەرو هونەرەکانی هونەر، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژ:٢٧١، چ١، سلێمانی، ٢٠١٩.
٢. کەمال، محمد، فەلسەفەی هونەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ:٨١٦، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧.
٣. مەرزبان، پەرویز، پوختەی مێژووی هونەر، و: ستار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ژ:٩٠٢، چ١، سلێمانی، ٢٠١٩.
٤. میراودەلی، کەمال مەمەند، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی ئاداب- بەشی زمانی کوردی، چ١، سلێمانی، ١٩٧٩.
٥. هۆچ، سوزی، مێژووی هونەری شێوەکاری، و: هەڵگورد ئەحمەد، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٧.
٦. وەهبی ڕەسوڵ، هونەری نیگارکێشان لە مێژووی لە کورددا و لە جیهاندا، تەکنەلۆجیا، تەکنیک، وەزارەتی پەروەردە، چ١، ٢٠٠٥.


## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١. بينز، نورمان، الامبراطورية البيزنطية، ت: حسين مؤنث و محمود يوسف زايد، ط١، مطبعة الجنة للتأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٥٠.
٢. الزهراني، سماء علي، الفن البيزنطي، دراسة منشورة على الموقع انترنيت.
٣. عبدالله، محمد زايد، مصادر تاريخ العصور الوسطى - التاريخ البيزنطي، كلية الاداب، جامعة الفيوم، مصر.
٤. عكاشة، ثروت، فن البيزنطي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ٢٠١٣.
٥. عمران، محمود سعيد، الإمبراطورية البيزنطية وحضارتها، دار النهضة العربية.
٦. غومبرتش، إرنست، قصة الفن، ط١، هيئة البحرين للثقافة والآثار، البحرين، ٢٠١٢.
٧. اليسوعي، سامي حلاق، صورة المسيح في الفن البيزنطي، دار المشرق، بيروت، ٢٠١٨.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


1. Almagro-Gorbea, M., ed. (2000). El Disco de Teodosio. Madrid: Real Academia de la Historia.
2. Bony, Jean (1983). French Gothic Architecture of the Twelfth and Thirteenth Centuries. Berkeley: University of California Press.
3. Brubaker, Leslie; Haldon, John (2001). Byzantium in the Iconoclast Era (ca. 680-850): The Sources. Birmingham: Ashgate.
4. Calkins, Robert G.; Monuments of Medieval Art, Dutton, 1979.
5. Clifton-Taylor, Alec (1967). The Cathedrals of England. Thames and Hudson.
6. Cormack, Robin (1985). Writing in Gold, Byzantine Society and its Icons. London: George Philip.
7. Cormack, Robin (2000). Byzantine Art. Oxford: Oxford University Press.
8. Günther Binding: Was ist Gotik. S. 15 ff, Primusverlag, Darmstadt 2006.
9. Günther Binding: Was ist Gotik? Eine Analyse der gotischen Kirchen in Frankreich, England und Deutschland 1140–1350. Wissenschaftliche Buchgesellschaft, Darmstadt 2000.
10. Harvey, John (1950). The Gothic World, 1100–1600. Batsford.
11. Henderson, George. Gothic, 1967, Penguin.
12. Huyghe, Rene (ed.) (1963). Larousse Encyclopedia of Byzantine and Medieval Art. Paul Hamlyn.

13. Karahan, Anne (2015). "Chapter 10: The Impact of Cappadocian Theology on Byzantine Aesthetics: Gregory of Nazianzus on the Unity and Singularity of Christ". In Dumitraşcu, N. The Ecumenical Legacy of the Cappadocians. New York, NY: Palgrave Macmillan.
14. Karahan, Anne (2015). "Patristics and Byzantine Meta-Images. Molding Belief in the Divine from Written to Painted Theology". In Harrison, Carol; Bitton-Ashkelony, Brouria; De Bruyn, Théodore. Patristic Studies in the Twenty-First Century. Turnhout: Brepols Publishers.
15. Maas, M., ed. (2005). The Cambridge Companion to the Age of Justinian. Cambridge: Cambridge University Press.
16. Rudolph, Conrad, ed., A Companion to Medieval Art: Romanesque and Gothic in Northern Europe, 2006.
17. Runciman, Steven (1987) [1954]. A History of the Crusades: The Kingdom of Acre and the Later Crusades. Cambridge: Cambridge University Press.
18. Summerson, John (1983). Pelican History of Art, ed. Architecture in Britain, 1530–1830.
19. Von Simson, Otto Georg (1988). The Gothic cathedral: origins of Gothic architecture and the medieval concept of order.
20. Spencer mosley and others (Crafts design). Forttuna fine Arts Limited. (2002) glsses of Anti Quity.

# تەوەری دووەم



# نەخشەسازی Design

تەوەر: نەخشەسازی
بابەت: نەخشەسازی هونەری
کاتی دیاریکراو: بەشەوانەکان بەپێی وانەکان دیاریکراون

پێشکار

هەنگاوی یەکەمی مامۆستای پەروەردەی هونەر بریتییە لە بەبیرهێنانەوەی بابەتی نەخشەسازی، کە خوێندکار لە قۆناخەکانی پێشوویدا خوێندوویەتی. بۆ نموونە مامۆستا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی- تەوەری چوارەم، بابەتی نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری، کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت، وەک:

١. **پێکهاتەکانی نەخشەسازی.**
٢. **بنەماکانی نەخشەسازی.**

لێرەدا پێویستە مامۆستا ئەوەی لەلا ڕوون بێت، کە خوێندکار لە پۆلی چوارەمدا ئەم بابەتەی زۆر بەسادەیی خوێندووەو مامۆستاش زانیاری زۆری پێنەبەخشیوە. ئیدی هەر لەبەر ئەوەشە ئەم بابەتە جارێکی دی خراوەتەوە نێو ئەم پڕۆگرامە، تا خوێندکاریش باشتر بەرچاوی ڕوونبێت، کە گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە چەند پێویستە بۆ خوێندکارێک، کە ئامادە دەکرێت بۆ ئاستێکی باڵاتری زانستی، کە زانکۆو پەیمانگاکانە.
کەواتە لێرەدا ئەرکی مامۆستا قورستر دەبێت و پێویستیش دەکات بابەتەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بۆ خوێندکارەکان ڕوونبکاتەوەو لە بەهاو پێکهاتەکان ئاگاداریان بکاتەوە، چونکە لەم تەمەنەدا خوێندکارەکان ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتنیان باڵاترە لە جاران و لەڕووی گەشەی جەستیی و ئەقڵیشەوە باشتر ئامادەن بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن. هەروەها خوێندکار باشتر دەتوانێت ڕاڤەو لێکۆڵینەوەو شیکار بۆ دەستەواژەکان بکات و بەشێوەیەکی زانستی تر لەجاران دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستادا بکات، کە ئەمەش خاڵێکی پڕبایەخ و گرنگە بۆ ئەم قۆناخەی خوێندکارەکان.

## خستنەڕووی بابەت

### ئامانجی تایبەت

١. شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو دەستەواژە هونەریانەی لەنێو وانەکەدا هەن.
٢. پیشاندانی گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاراندا.

### چەمک و دەستەواژەکان

١. پێکهاتەکانی نەخشەسازی.
٢. بنەماکانی نەخشەسازی.
٣. نەخشەسازی هونەری.
٤. ڕووتەڵەک.
٥. گۆڕین.

### خستنەڕووی وانەکە لەلایەن مامۆستاوە

ئەرکی مامۆستایە پێشتر خۆی بۆ وانەکە ئامادەکردبێت و ئامانج و بیرۆکەی وانەکەی نووسیبێتەوەو پلانێکی پێشوەختەشی ئامادەکردبێت، تا بزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ بەچی دەیکات؟ سەرەتا مامۆستا چەمک و دەستەواژە هونەرییەکان لەسەر وایتبۆردەکە دەنووسێتەوەو دواتر هەندێک پرسیار لە خوێندکارەکان دەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. مەبەست لە نەخشەسازی چییە؟
٢. ئەو هۆکارە کاریگەرانە چین، کە لەنێو نەخشەسازی هونەریدا هەن؟
٣. چۆن دەتوانرێت لە ژیانی کردارەکیماندا سوود لە نەخشەسازی هونەری وەربگرین؟

- داوا لە خوێندکارەکان بکە هەرکەسەو بەتەنیا وەڵامی پرسیارەکان لەسەر کاخەز بنووسنەوە و لەسەر وایتبۆردەکە هەڵی بواسن (بەتێپ لە وایتبۆردەکە بدرێت).
- داوا لە خوێندکارەکان بکە بە شێوەیەکی سادە نەخشەسازی بۆ لۆگۆی یانەیەک، یان تیپێکی هونەری بکەن.

## وانەی یەکەم

تەوەر: نەخشەسازی
بابەت: نەخشەسازی هونەری
وانە: پێکهاتەکانی نەخشەسازی
کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

### ئامانجی بەدەستهاتوو

١. بیرۆکەو دەستەواژەو بیردۆزە نەخشەسازییە هونەرییەکان دەزانێت و لێیان تێدەگات.
٢. شێوەی جیاواز دەکێشێت و ڕەنگیان دەکات.
٣. لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەزمانی هونەری ڕاست و دروست گفتوگۆ دەکات.
٤. گیانی هاوکاری لەنێوانیاندا گەشە دەکات.

### یەکە و دەستەواژەی بەکارهاتوو

خاڵ، هێڵ، ڕەنگ، ڕووگە، پانتایی، ئەگەر بەکورتی باسی «خاڵی ونبون»یش بکرێت زۆرباشە.

### یاسای کار

١. پێویستە خوێندکار ڕەچاوی کاتی وانەکە بکات و کات بەهەدەر نەدات لەکاتی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی مامۆستا بۆ بابەتەکە (مامۆستا پێشوەخت لەوبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات).
٢. پاکوخاوێن ڕاگرتنی شوێنکارەکەو لەهەمانکاتیشدا لەکاتی کارکردندا خوێندکار ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕێکی دەکات.

### خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە پێشوەخت پلان دادەڕێژێت بۆ بابەتەکەو لەهەمانکاتیشدا زانیارییەکانی ڕێکدەخات و پوختەیان دەکات بۆ کاتی پێشکەشکردن. هەروەها لە «خاڵ»ەوە دەستپێدەکات، کە چۆن ئەم خاڵە دەبێتە کارێکی هونەری، بەڵام پێویستە مامۆستا زیاتر تیشک بخاتەسەر «هێڵ» و «پلەی ڕەنگی» لە وانەکەدا. مامۆستاش وایتبۆردو داتاشۆ بۆ خستنەڕووی بابەتی وانەکە بەکاردەهێنێت.

## پێکهاتەکانی نەخشەسازی


پێکهاتەکانی نەخشەسازی بریتییە لەو یەکانەی، کە هونەرمەند پشتی پێدەبەستێ بۆ کاری هونەری و نەخشەکێشان. کەواتە پێکهاتەکانی نەخشەکێشان، یان شێوەکاری پێکەوە بە شێوەیەکی هارمۆنی تێکگیردەبن و پاشان شێوەیەکی هونەری تەواو جوان پێشکەش دەکەن، لەڕێگەی ئەم یەکانەی لای خوارەوە:

## یەکەم: خاڵ Dot

خاڵ لە ڕووی ئەندازەییەوە ڕووتکراوەتەوە لە درێژی و پانی و قەبارە و بنەمایەکی سەرەکیشە بۆ بنیاتنانی هێڵ، یان کێشانی شێوەیەک.

دەتوانرێت سوود لە خاڵ وەربگیرێت بۆ دروستکردن و کێشانی شێوەی هونەری و نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە ڕێگەی ڕیزکردنی یەک لەدوای یەکی هاوشێوەدا. هەروەها بەکارهێنانی خاڵ بۆ کاری نەخشەسازی و ڕازاندنەوە ئاستێکی جوانکاری بەرز دەردەخات و دەتوانرێت بەو ئاستەش بگەیەنرێت لە ڕێگەی:

- جیاواز دەرکەون لە یەک نەخشەسازیدا.
- لە قەبارەدا جیاوازبن.
- لە ڕەنگدا جیاوازبن.
- دووری نێوان خاڵەکان جیاوازبن.
- باکگراوندی ڕووگە کاریگەری دەبێت لەسەر خاڵەکان.




لەڕێگەی یەکەی خاڵەوە شێوەکان دروست دەبن

## خاڵ و پێکهاتەکانی

ڕاستە خاڵ پێکهاتەی سەرەکییە لە کاری هونەریدا، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ بێت ئەوەیە، کە خاڵ پێکهاتەی سەرەکی (هێڵ، ڕەنگ، ڕووگە، پانتایی، شێوە، بۆشایی)ـە. ئیدی هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێکهاتانەشەوە دەتوانرێت یەکەی کاری هونەری دابەش بکرێن بۆ ئەم پێکهاتە هونەرییانەی لای خوارەوە، وەک:

١. خاڵ
٢. هێڵ
٣. شێوە
٤. قەبارە
٥. سێبەرو ڕووناکی
٦. ڕووگە
٧. بۆشایی
٨. ڕەنگ

لەڕێگەی ئەم دیمەنەوە دەتوانرێت بەهای هەریەک لەم پێکهاتانە بزانرێت.



## دووەم: هێڵ Lines

هێڵ بە هۆی گەیاندنی دووخاڵ، یان زیاتر دروست دەبێت، جا ئەو خاڵانە یەک لەدوای یەکبن، یان پێکەوەنووساوبن. کەواتە ئەگەر خاڵەکان بەرەو کوێ بڕۆن؟ ئەوا هێڵەکانیش ئاڕاستەیان بەرەو ئەو ڕووە دەبێت. واتە هێڵ لە ژێر کاریگەری خاڵدایە، ئەوە خاڵە ئاییندەی هێڵ دیاری دەکات.



هێڵەکان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

**١- هێڵە سادەکان**

**أ- هێڵە ڕێکەکان:** هێڵی ئاسۆیی، هێڵی ستوونی، هێڵی لار.


**ب- هێڵە ناڕێکەکان:** هێڵە چەماوەکان، هێڵە کەوانییەکان، هێڵە داخزاوەکان.


**٢- هێڵە ئاوێتەییەکان**

**أ- لە سەر بنەمای هێڵی ڕێک دانراوە:** هێڵی شکاوە، هێڵی سەربەرانبەر، هێڵی هەرەمەکی.

**ب- لەسەر بنەمای هێڵی ناڕێک دانراوە:** هێڵی ئاڵۆزکاو، هێڵی لوولپێچی، هێڵی زەمبەلەکی.


**ت- لەسەر بنەمای هێڵی ڕێک و ناڕێک و تێکەڵە دانراوە:** هێڵی بادراو، هێڵی خاڵەکوتە، هێڵی یەکتربڕ، هێڵی تێکچڕژاو، هێڵی پچڕپچڕ، هێڵی ئازاد، هێڵی پێکڕاگەیشتوو، هێڵی ئەندازەیی، هێڵی ڕووبەڕوو.





چەند هێڵێکی جۆراوجۆر


## سێیەم: ڕەنگ Color


ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە

ئەگەر لە کونێکەوە تیشکی ڕۆژ بێتە ژوورێکی تاریکەوە بەر شووشەیەکی ئاوێزە بکەوێت، ئەوا تیشکەکە شیدەبێتەوە لە شەپۆلێکی پێچەوانەدا بە شێوەی گوززە ڕەنگ دەردەکەوێت، وە ئەگەر هەمان گوززە تیشک ئاراستەی دیوارەکە بکرێت، دەبینین لە سەرەوە ڕەنگی وەنەوشەیی، دواتر نیلی و شین و سەوزو زەرد و پرتەقاڵی و سوور دەردەکەون. ئەم ڕەنگانە هەمان ئەو ڕەنگانەن، کە لە وەرزی بەهاردا لە کاتی بارانبارین و دوای هەورو سامال لە شێوەی ‹‹پەلکەزێرینە›› دەردەکەون.

### ڕەنگە بنەڕەتییەکان

لەم ئەزموونکردنەدا بازنەی ڕەنگەکانی پێناساندین، کە ئەوانیش لە سێ بەش پێکدێن:




**یەکەم:** ڕەنگە ناوەندییەکان، یان دووانییەکان:

دەتوانین لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی بنەڕەتییەوە ڕەنگێکی ترمان دەستدەکەوێت:

زەرد + سوور = پرتەقاڵی


شین + زەرد = سەوز

شین + سوور = وەنەوشەیی



**دووەم:** ڕەنگە سیانییەکان

ئەو ڕەنگانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان ڕەنگە ناوەندییەکان و ڕەنگە بنەڕەتییەکاندا دەمێننەوەو لە بازنەی ڕەنگیدا خۆیان جێگیر دەکەن، ئەوانیش شەش ڕەنگن:



ڕەنگی بنەڕەتی و ناوەندی و سیانی

پرتەقاڵی + زەرد = پرتەقاڵی کاڵ

پرتەقاڵی + سوور= پرتەقاڵی تۆخ


سەوز + زەرد = سەوزی کاڵ

سەوز + شین = سەوزی تۆخ

وەنەوشەیی + سوور = وەنەوشەیی تۆخ


## ڕەنگە بێلایەنەکان

بریتین لە ڕەش و سپی. لە بواری فیزیکیدا بە دیاردە ناودەبرێن. واتە ‹‹شەوو ڕۆژ، یان ڕووناکی و تاریکی››. بە تێکەڵکردنی هەردووکیان ڕەنگی ڕەساسیمان بۆ دەردەچێت بە پلەی جیاواز. ڕەش و سپی بە ڕەنگە بێلایەنەکان ناودەبرێن و ناچنە باوەشی هیچ کام لەم گروپانەی ترەوەو هەوڵدەدەن لەگەڵ هەریەکێکیاندا خۆیان بگونجێنن.



## ڕەنگەکان دابەش دەبن بەپێی سروشت و ڕوخساری دەوروبەرمان

ئەمە بەهۆی کاریگەری ڕەنگ لەسەر دەروون و ئاکارمان ڕوودەدات، هەروەک لە ڕابردوودا باسمان کرد ڕەنگە گەرمەکان، گەرمیمان پێدەبەخشن و ڕەنگە ساردەکانیش، فێنکمان دەکەنەوەو ئاسوودەبەخشن، جا کاریگەری هەریەکێک لەم دوو جۆرە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سروشتی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵێت بەپێی سروشتی مرۆڤەکە. واتە مرۆڤ هەیە ئارەزووی هاوین دەکات و هەشە حەز بە زستان دەکات.




### ڕەنگە گەرمەکان

بە ڕەنگە ئاڵتونییەکان ناودەبرێن، هەروەها بە گەرمکەرەوەکانیش بانگدەکرێن، ئەم ڕەنگانە ڕەنگدانەوەی ڕۆژ و ئاگرن، کە لێیانەوە هەست بە گەرمی و گەرمبوونەوە دەکرێت. ئەوانیش سرووش لە ڕەنگی سوور وەردەگرن، کە لەهەموو ڕەنگەکانی تر گەرمترە و پاشان بەلای پرتەقاڵیدا ڕەت دەبن و دواتر بەلای زەردێکی سەوزباودا لە بازنەی ڕەنگیدا خۆیان جێگیر دەکەن.

### ڕەنگە ساردەکان

بە ڕەنگە زیوینییەکان ناودەبرێن و بەرکەوتەی لەگەڵ ڕەنگی ئاسمان و دەریاکاندا هەیە.

ئەوانیش سرووش لە ڕەنگی زەردێکی سەوزباو وەردەگرن، کە دوا ڕەنگی بازنەی ڕەنگییە لە زنجیرەی ڕەنگە گەرمەکاندا و سەرەتاو دەستپێکی ڕەنگە ساردەکانە.

## ڕەنگە هارمۆنییەکان، یان ڕەنگە گونجاوەکان Harmonic Colours

گونجاندن دیاردەیەکی فسیۆلۆجییەو جۆرێکە لە هەستکردن بە ئاسوودەیی و خۆویستی، وەک پەرچەکردارێک لە بەرانبەر ئەو ڕەنگە جوان و سەرنجڕاکێشانەدا دەنوێنرێت، کە لە سروشتدا، یان لە تابلۆیەکی هونەریدا تێکچڕژاون، یان تێکەڵبوون و لە کاتی بینینیدا مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و جۆرێک لە دڵخۆشی دەکات.



زۆرجار دیمەنێکی سرووشت مرۆڤ سەرسام دەکات (فۆتۆ: کازم عەلی)

**لەبەر ئەوە گونجاندن لە ڕێگەی دوو بنەمای سەرەکییەوە بەدەست دێت:**


**١: دیاردەی ڕەنگرێکی:**

ڕەنگرێکی جۆرێکە لە گونجاندنی ڕەنگ لەگەڵ یەکتریدا، بەتایبەت لە کاری هونەریدا، ڕەنگە ڕێکەکان ئەو ڕەنگانەن، کە لەکاتی کارپێکردندا لە تەنیشت یەکترەوە گونجاندن دروست دەکەن و لێکدەوەشێنەوە و هیچ دژیوییەک پیشان نادەن، بۆیە لێرەدا دەتوانرێت ڕەنگەکان بەپێی دابەشکردنێکی زانستی «گونجاندن» بەدەستبهێنرێت، وەک:

**ئەو ڕەنگانەی پەیوەندییان بە یەک ڕەنگەوە هەیە:**

❖ بنەچەیان دەچێتەوە سەر یەک ڕەنگ و لە بازنەی ڕەنگیشدا هاوسێن، وەک: شین و شینی پیرۆزی، کە سەرچاوەی سەرەکی هەردووکیان ڕەنگی شینە.

❖ بنەچەیان دەچێتەوە سەر یەک ڕەنگ، بەڵام بە زیادکردن و تێکەڵکردنی ڕەنگێکی تر، ئەوا پلەی ڕەنگی ڕوودەدات لە کاڵەوە بۆ تۆخ، یان بە پێچەوانەوە، بەتایبەت کاتێک ئەو ڕەنگە زیادکراوە ڕەنگی سپی، یان ڕەشە.



گونجاندن لە بنەچەی ڕەنگدا، بازنەی ڕەنگەکان وەک نموونە

**ئەو ڕەنگانەی پەیوەندیان بە هەمان ڕەنگی ناو بازنە ڕەنگییەکەوە هەیە:**


ئەو ڕەنگانە یەکسانن لەڕووی پلەو توندی ڕەنگییەوە، وەک کۆمەڵەیەکی ڕەنگی بنەڕەتی دەردەکەون لەگەڵ یەکتریدا، یان بە شێوەی ڕەنگی دووانی خۆ دەردەخەن، کە هەڵگری هەمان پلەو ڕیزبەندی ڕەنگییە لە بازنەی ڕەنگیدا.

### دەرکەوتنی ڕەنگە گەرم و ساردەکان:

ڕەنگە گەرم و ساردەکان لە تابلۆ هونەرییەکاندا پانتایی ناو تابلۆکە داگیر دەکەن و پشت بە ڕووناکی و تاریکی، یان سێبەرو گەشی دەبەستن لە دانانی ڕەنگەکاندا.

### ٢: دیاردەی جیاوازی ڕەنگی:

بریتییە لەو دیاردەیەی، کە ئاستی بینین هەستی پێدەکات و دواتر جیاوازییە ڕەنگییەکان شیدەکاتەوەو پاشان هەستیان پێدەکات. واتە ئەو جیاوازییە کاتێک هەستپێدەکرێت، کە ڕەنگێکی تۆخ بە تەنیشت ڕەنگێکی کاڵەوە دادەنرێت و لەهەمانکاتیشدا دژ بەیەکن. واتە سوور بە تەنیشت شینێکی کاڵ، یان سەوزێکی تۆخ بە کەمەر زەردێکی کاڵەوە، ئەمەش جیاوازی ڕەنگی توند دروست دەکات و دەبنە ڕەنگی دژ بەیەک. کەواتە ئەو جیاوازییە لە دوو ڕەنگی جیاوازەوەیەو لێک نزیک نین و پلەی ڕەنگیشیان لێکدوورە.



نموونەیەك لە ڕەنگە دژ بەیەکەکان

### جیاوازی ڕەنگیش لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەبن:

١- بازنەی ڕەنگی بەکاربهێنین بەمەبەستی دانانی:

- ❖ ڕەنگی سوور بە تەنیشت ڕەنگی سەوزەوە.
- ❖ ڕەنگی شین بە تەنیشت ڕەنگی پرتەقاڵییەوە.
- ❖ ڕەنگی زەرد بە تەنیشت ڕەنگی وەنەوشەییەوە.

بەو واتایەی ڕەنگە سەرەکییەکان بە تەنیشت ڕەنگە مامناوەندییەکانەوە دابنێین لە بازنە ڕەنگییەکەدا.

٢- بەکارهێنـــانی هەردوو ڕەنگـــی ڕەش و ســـپی لە تەنیشـــت یەکەوە بەمەبەستی دەرخستنی توندترین جیاوازی ڕەنگی لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی قوتابییەکان بە باشی لەوە تێبگەن، کە مەبەستمان لە جیاوازی ڕەنگی چییە؟

## ئامانجی تایبەتی لەم وانەیەدا

١. پێویستە خوێندکار بیرۆکەو دەستەواژە هونەرییەکان بزانێت و لێیان تێبگات.
٢. پێویستە خوێندکار پێکهاتەکانی نەخشەسازی لەکاری هونەریدا بەکاربهێنێت.
٣. پێویستە خوێندکار چێژ لە بەهای جوانی وەربگرێت لەڕێگەی ئەو نیگارو نەخشەسازییانەی دەیانکێشێت.

## چەمک و تەستەواژەکان

ئەرکی مامۆستایە ئەم چەمک و دەستەواژانە بگەیەنێتە خوێندکار، وەک: «سێبەرو ڕووناکی، پلەی ڕەنگی، بەهای ڕەنگی، گورزە ڕەنگ، ڕووگە، بۆشایی»

## شێوازی وانەگوتنەوەکە

ئەرکی مامۆستایە لەڕێگەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، کاری گروپکاری، فێربوونی بەکۆمەڵ وانەکەی ڕایی بکات. ئەمەش دوای خۆئامادەکردن بۆ وانەکەو نووسینەوەی ئامانجەکانی وانەکە لەسەر وایتبۆردەکەو بەستنەوەی بە وانەکانی ڕابردوو. لەهەمانکاتیشدا هەندێک پرسیار لە خوێندکارەکان بکە، وەک:

پێکهاتەکانی نەخشەسازی هونەری بژمێرەو چۆن پێوانەی پێکهاتەی تاریکی و ڕووناکی لەکارێکی هونەریدا دەکەین؟ ئایا دووری شێوەیەکی سێ ڕەهەندی چۆنە؟ ئەو کاریگەرییانە چین، کە پێویستن لەکارێکی هونەریدا هەبن؟

دواتر مامۆستا وەڵامەکان لەسەر وایتبۆردەکە دەنووسێتەوە.

لــە کۆتاییــدا مامۆســتا خوێنــدکارەکان دەکاتــە گــروپ گــروپ و هەرگروپێکیش ئـەرکێکی پـێ دەسپێرێت. بۆ نموونـەی **گرووپی یـەک**: کارێکی هونەری بکێشن بە ڕەنگە ساردەکان. **گرووپی دوو**: کارێکی هونـەری بکێشـن بە ڕەنگە گەرمەکان. **گرووپی سێ**: کارێک بکێشن بە بەکارهێنانی یەک ڕەنگ.


هەروەها مامۆستا دەتوانێت کۆمـەڵێک چالاکی تر ڕێکبخـات بەشـێوەی تـاک، یـان بـەگروپ بەمەبەسـتی بەخشـین و هەڵسـەنگاندنی زانیارییـەکان. بـۆ نموونە کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت، وەک:

١. ڕەنگ چییە؟
٢. ئایا دەتوانین ڕەنگەکان بژمێرین؟
٣. مەبەست لە پلەی ڕەنگی چییە؟

ئـەم تایبەتمەندییانـەی ڕەنـگ بناسـێنە: بـەهای ڕەنـگ، تونـدی ڕەنـگ، ڕەنگـە ناسراوەکان، پلەی ڕەنگی.

A. **بەهای ڕەنگ:** بەهای ڕەنگی فرەجۆرییە لە دەرخستنی پلەی ڕەنگی لـە ڕەنگێکـی کاڵـەوە دەسـتپێدەکات و بـە ڕەنگێکـی تـۆخ کۆتـایی پێـدێت. هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان سەوزێکی کاڵ و سەوزێکی تۆخدا.

B. **تونـدی ڕەنـگ:** بریتییــە لــە پلـەی پاکوخـاوێنی ڕەنـگ، تـا ئاسـتی تێربوون. بۆ نموونـە دەڵــێن ئــەو ڕەنگــە زۆر بەهێزە، یان ئـەو ڕەنگە زۆر لاوازە، یـــان ئـــەوڕەنگ پاکوخاوێنە، بەڵام ئەم ڕەنگە تێکەڵبووەو پیس بووە.




ڕەنگە ناسراوەکان و دەستنیشانکردیان

C. **ڕەنگـە ناسـراوەکان:** ئـەمیش تایبەتمەندییەکـــەو هـــەموو ڕەنگێک هەیـەتی. بۆ نموونـە ئــەم ڕەنگــە ســوورە، ئــەو ڕەنگە زەردە، وەک ئەم وێنەیە.

## زانیاری زیاتر بۆ مامۆستا

پێویسته شوێنه گشتییەکان، وەک قوتابخانەو نەخۆشخانەو فەرمانگەمیرییەکان...تد بە ڕەنگی سارد بۆیە بکرێن، تا مرۆڤەکان تووشی بێزاری نەکات، چونکە تاکەکان بەرکەوتەی زۆریان لەگەڵ شوێنە گشتییەکاندا هەیەو ڕەنگی سارد ئارام بەخشە.

## چوارەم: پانتایی، یان شێوە Shape



شێوەی جیاواز لە نێو کارێکی هونەری ڕووتەڵەکدا


بێگومان شێوە پانتایی داگیر دەکات و لەهەمانکاتیشدا بریتیشە لە یەکەی بنەڕەتی کاری هونەری، بە تایبەت ئەو شێوانەی پەیوەندی بە نەخشەسازی و ڕازاندنەوەوە هەیەو پانتاییەکانیان جیاوازییان هەیەو پێک ناچن لە ڕووی ژمارەو شێوەو ڕەنگ و قەبارەو شوێنەوە، ئەمانەش هەموو پێکەوە کاریگەریان بەسەر کارە هونەرییەکەوە هەیەو ئەوانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:

**ژمارەی پانتایی:** لەناو کارە هونەرییەکەدا دەردەکەوێت.

**قەبارەی پانتایی:** پەیوەستە بە گەورەیی و بچووکی قەبارەی کارە هونەرییەکە.

**شوێنی پانتایی:** پەیوەستە بە قەبارەی چوارچێوەی هەموو کارە هونەرییەکە.

**شێوەی پانتایی:** شێوەکانیان جیاوازن، خڕ لە چوارگۆشە ناچێت و سێگۆشە جیاوازە لە قوچەکی. بڕوانە تابلۆکەی هونەرمەندی کورد «ئاکۆ ئەحمەد».



قەبارەی جیاواز لەناو یەک پانتاییدا



شێوەی جیاواز لەنێو تابلۆیەکی هونەرمەندی کورد (ئاکۆ ئەحمەد)

**رەنگی پانتایی:** پلەی ڕەنگییەکانیان جیاوازیان هەیە، بۆیە زۆر ئەستەمە بتوانرێت پانتایی پلەی ڕەنگی هەر ڕەنگێک لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دیاری بکرێن، چونکە ئەوە هونەرمەندە دەتوانێت ئەم ڕەنگە بەسەر پانتاییەکەدا دابەش بکات و هاوسەنگیان بکات بە پشت بەستن بە پلەی ڕەنگی. بڕوانە تابلۆکەی هونەرمەندی کورد «کەریم ئەمین».



ڕەنگ سەرتاپای پانتایی تابلۆکەی داپۆشیوە، کارێکی هونەرمەندی کورد (کەریم ئەمین)

## دابەشکردنی شێوەکان


دەتوانرێت شێوەکان دابەش بکرێن بۆ دوو جۆر:

١. **شێوەی ڕووتەخت Shape:** بریتییە لە شێوەی دوو ڕوو، یان دوو ڕەهەندی لە ‹‹پانی و درێژی›› پێک دێت و ڕۆچوونی تێدا نییە، چوار دەوری بە هێڵ ڕوو دراوەو کاریگەریان لەسەر پانتایی و قەبارەی چێوەکەدا هەیە، بۆ نموونە: چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە، بازنە... کاتێک ئەم شێوە ڕووتەختانە بە سەر پانتایی نارێکوپێکدا دابەش دەبن، ئەوا پێیان دەگوترێت شێوەی نارێک، بەلاّم هاوسەنگن لەنێو پانتاییەکەدا. بڕوانە تابلۆی هونەرمەندی کورد «بەهائەدین».




دوو تابلۆی هونەرمەندی کورد (بەهائەدین)

٢. **شێوەی بەرجەستە Form:** بریتییە لە شێوەی سێ ڕوو، یان سێ ڕەهەندی و لە ‹‹پانی و بەرزی و درێژی›› پێک دێت و ڕۆچوونی تێدایە بۆ ناوەوە، وەک: چوارپالّوو، شەشپالّوو، قوچەکی،... ئەگەر ئەم شێوانە بەسەر ڕووگەو پانتاییەکی نارێکدا دابەش بن، ئەوا پێیان دەگوترێت شێوەی نارێک، بەلاّم هاوسەنگن. «وەک نموونەی ئەم تابلۆیە».



ڕەچاوکردنی شێوەی سێ ڕەهەندی لەناو دیمەنەکەدا

## پێنجەم: ڕووگە Texture:

ڕووگە تایبەتمەندییەکی دەرەوەی شتەکانە و بە شێوەو پێکهاتەکانی جیادەکرێتەوە لە یەکتر، بەتایبەت ئەوکاتەی سەیری دەکەین و هەستی پێدەکەین لەکاتی دەستلێداندا.

ڕووگە بەپێی جۆری کارە هونەرییەکە دابەش دەبێت بۆ:

### ڕووگەی ڕاستەقینە:

بەهۆی دەرچوونی شێوەی ڕووەکەوە لە ڕێگەی هەستی دەستلێدان و بینینەوە هەستی پێدەکرێت. هەروەها لە ڕێگەی دەستلێدانەوە شێوەکان دەناسرێنەوەو ئاستی زبری و لووسییان، یان ڕەقی و نەرمیان دیاری دەکرێن. هەروەها دەتوانرێت لە تابلۆی دوو ڕووشدا شێوەکان زەق بکرێنەوەو ڕووگەیان بەرز بکرێت و دەربچن لە تابلۆکەدا، بە تایبەت ڕووە تەختەکان. بڕوانە تابلۆی هونەرمەندی کورد «جەمشید پورئەوزان»[19].



دیمەنێکی کوردستان لەلایەن هونەرمەندی کورد (جەمشید پورئەوزان) کێشراوە

[19] هونەرمەندی شێوەکار «جەمشید پورئەوزان» لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤)ی شارۆچکەی ‹مەریوان›ی سەربە شاری ‹سنە›ی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و لەساڵی (١٩٧٦)ەوە کاری هونەری دەکات و خاوەنی شێوازێکی تایبەتە لە نیگارکێشاندا.

## ڕووگەی نادیار:

ئەو ڕووگانە دەگرێتەوە، کە خاوەنی دوو دوورین و تەنها دەتوانرێت لەڕێگەی بینینەوە هەستیان پێ بکرێت و هەستی دەستلێدان هیچ کاریگەرییەکی نییە لە دیاریکردنی ڕووەکەدا. هەروەها هەندێک جار ڕووەکان فریودەرن و چاو هەڵدەخەڵەتێنن و ڕاستەقینەنین و لەبەرگیراوەن (کۆپیکراون)، هەروەک ڕووی بەرد و گەچ و تەختە... بۆیە دەتوانرێت ئەم ڕووە دوو دوورییانە بەهۆی کۆمەڵێک وردەکاری و چارەسەری هونەرییەوە بەهۆی زیادکردنی پێکهاتەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی وەک: خاڵ و هێڵ و پانتایی و ڕەنگەوە چارە بکرێن. بڕوانە تابلۆی هونەرمەندی جیهانی «زدیزۆ بیکینسکی» https://culture.pl/en/artist/zdzislaw-beksinski. ئەم هونەرمەندە بە قووڵی دەچێتە ناو بابەتی کارەکانییەوە و دووری و پانی و قووڵیان پێدەبەخشێت.



تابلۆی هونەرمەند زدیزۆ بیکینسکی

## هەڵسەنگاندن

ئەرکی مامۆستایە هەڵسەنگاندن بۆ وانەکەی بکات لە کۆتایی هەر وانەیەکدا، چونکە دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە توانا ئەقڵی و لەشەکییەکانی خوێندکاران دیاری بکرێت و لە هەمانکاتیشدا توانا کارامەییەکانیان بزانرێت.

**ئامانج:** لە خشتەکە دیاریکراوە

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

پێویستە مامۆستا بۆ دیاریکردنی هەر ئاستێک ئاماژەیەک لەنێو خشتەکەدا بنێت بۆ زانینی ئاستەکە.

**تەوەر:** **وانە:**

| ژ | پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەنگە گەرم و ساردەکاندا. | | | |
| ٢ | شێوە دوورو نزیکەکان لێکجیا دەکاتەوەو دەیانناسێتەوەو دیارییان دەدات. | | | |
| ٣ | سێبەرو ڕووناکی لەکاری هونەریدا بەکاردەهێنێت. | | | |
| ٤ | لەکاتی نیگارکێشان و دانانی ڕەنگە توندەکاندا داهێنان دەکات. | | | |
| ٥ | لەکاتی نیگارکێشاندا دەتوانێت ڕووگە جیاوازەکان نیشانە بکات. | | | |

**تێبینی:**

جگە لە مامۆستا، ئەرکی سەرپەرشتیاری هونەرییە چاودێری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بکات، تا بزانێت کێشەی مامۆستاو خوێندکار چییە؟ بۆ ئەوەی دواتر چارەی گونجاو لەگەڵ مامۆستای بابەتەکە بدۆزنەوە، چونکە گومانی تێدانییە ئەم وانانە پێویستیان بە پشتگیریکردنی ئیدارە هەیە بۆ دابینکردنی کەرەستەو شمەکی وانەگوتنەوە.

**مامۆستای وانە:** **ڕۆژ:** / /

## وانەی دووەم

تەوەر: نەخشەسازی
بابەت: نەخشەسازی هونەری
وانە: بنەماکانی نەخشەسازی
کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

### ئامانجی بەدەستهاتوو

١. گەشە بەلایەنە هەستییەکانی خوێندکاران دەدات.
٢. خوێندکار چێژ لە هەستی بینین وەردەگرێت.
٣. لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەزمانی هونەری ڕاست و دروست گفتوگۆ دەکات.
٤. گیانی هاوکاری لەنێوانیاندا گەشە دەکات.

### یەکە و دەستەواژەی بەکارهاتوو

یەکێتی، هاوسەنگی، ڕیتم، یەکسانبوون، جووڵە، گونجاندن، سەروەری.

### یاسای کار

١. پێویستە خوێندکار ڕەچاوی کاتی وانەکە بکات و کات بەهەدەر نەدات لەکاتی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی مامۆستا بۆ بابەتەکە (مامۆستا پێشوەخت لەوبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات).
٢. پاکوخاوێن ڕاگرتنی شوێنکارەکەو لەهەمانکاتیشدا لەکاتی کارکردندا خوێندکار ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕێکی دەکات.

### خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە پێشوەخت پلان دادەڕێژێت بۆ بابەتەکەو لەهەمانکاتیشدا زانیارییەکانی ڕێکدەخات و پوختەیان دەکات بۆ کاتی پێشکەشکردن. هەروەها لە »خاڵ«ەوە دەستپێدەکات، کە چۆن ئەم خاڵە دەبێتە کارێکی هونەری، بەڵام پێویستە مامۆستا زیاتر تیشک بخاتەسەر «هێڵ» و «پلەی ڕەنگی» لە وانەکەدا. مامۆستاش وایتبۆردو داتاشۆ بۆ خستنەڕووی بابەتی وانەکە بەکاردەهێنێت.

# بنەماکانی نەخشەکێشان

لایەنی هەستییەکان دەگرێتەوەو لە ناخمانەوە هەستمان دەوروژێنێت و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونمان بەجێدەهێڵێت و پاشان هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکەین، بەڵام مەرج نییە هەموو کارێکی هونەری کاریگەری لەسەر بینەر بەجێبهێڵێت، چونکە ئەوە کاریگەری هونەرمەندە دەتوانێت ئەو نەخشە لەسەر هەستی بینەر دروست بکات و بیخاتە ئاستی چێژلێوەرگرتنەوە.

یەکەم: **یەکێتی Unit:**

پەیوەندی بە لێبەستنی هەموو شتەکانی ناو تابلۆکەوە هەیەو پێویستە شتەکان هاوسەنگ و لێکنزیک و تەبابن. واتە هەموو ئەوانە پەیوەستن بە یەکەوەو بنەمایەکی خوازراویان هەیە بۆ کارێکی هونەری جوان و سەنگین، بۆیە لێرەدا یەکێتی بە واتای:



یەکییەتی لە نەخشەکێشاندا – شێوەکان پێکەوە گرێدراون

**یەکێتی لە شێوەدا:** لەرێگەی لێکنزیکردنەوەی پارچەکانی ناو کارە هونەرییەکەوە بەدەستدێت.

**یەکێتی لە بیرۆکەدا:** چەندین بیرۆکە لێکدەبەستێت و پاشان لەسەر خەیاڵی بینەر ڕەنگدەداتەوە.

**یەکێتی لە شێوازدا:** لە ڕێگەی جێبەجێکردنەوە بابەت و شێوازی کارکردنە هونەرییەکە ڕووندەبێتەوە، کە بە یەک شێوازی هونەری کاری کردووە.

دەتوانین بڵێین جوانی کاری هونەری پەیوەستە بە یەکێتی بابەتەوە و هەموو پارچەکان پێکەوە دەبەستێتەوەو شێوەیەکی یەکگرتووی توندوتۆڵی لێ پێکدەهێنێت. بۆ یەکەمجار پێویستە پارچەکان پەیوەندیان پێکەوە هەبێت و دواتر دەبێت پێکیانەوە گرێ بدەین، ئەگەر نا کارێکی ناهەوسەنگی نا هونەریمان بۆ بەرهەم دێت.

دووەم: **هاوسەنگی Balance:**


بریتییە لەو دۆخەی، کە لەڕێگەی دابەشبوونێکی هاوسەنگی شێوەکانەوە دروست دەبێت لەناو کارە هونەرییەکەدا. مەبەست لە سەنگینی هەستکردنی بینەرە بە ئاسوودەیی و جێگیری لەکاتی بینین و سەیرکردندا. لێرەدا کارامەیی و توانای هونەرمەند دەردەکەوێت، کە تا چەند توانیویەتی ئەو هاوسەنگی و سەنگینییە بپارێزێت لەناو تابلۆکەدا. هەروەها بۆ کەسێکی نەخشەسازیش ئەوە گرنگە، هەروەک لەم وێنەیەدا دیارە.



ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لەکاتی نەخشەسازیدا

سێیەم: ڕیتم Rhythm:

بــــریتییە لە ڕێکخســـــتنی ئەو قەبـــارەو پێکهاتـــانەی لەنـــاو کـــارە هونەرییەکەدان و یەکەی بینین پێکدەهێنن.



ڕیتم لە نەخشەسازیدا – نموونەیەك لەکارێکی تەلارسازیدا



ڕیتم لەکارێکی هونەرمەندی جیهانی (سۆنیا دیلاونی)

دەتوانرێت ڕیتم لە کاری هونەریدا دابەش بکرێت بۆ:


A. ڕیتمـــی ڕێکخـــراو Regular rhythm:

بریتییە لەو بەریەککەوتنەی، کە لە نێــوان شــێوەو یەکە ڕەنگییەکانــدا ڕوودەدات لەکــــاتی دووبــــارە بــــوونەوەی شــــێوەو قەبــــارەو دووررییەکانـــدا بە شـــێوەیەکی ڕێکخراو.

B. ڕیتمی ڕێکنەخراو Irregular rhythm: بریتییە لەو شێوانەی، کە لەناو کارە هونەرییەکەدا ڕێکخراونین، تا دەگاتە ئاستی لێکچوونیان لە قەبارەو شێوەو دووریدا. هەروەها هەندێک جاریش لێکدەبنەوەو یەکدەگرنەوە.

C. ڕیتمی ئازاد Free rhythm: بریتییە لەو کارە هونەرییەی، کە شێوەو یەکەو دوورییەکانیان لێکترازاون، یان پێکەوەن لە کارە هونەرییەکەدا. واتە هونەرمەند ئازادە چۆن هاوسەنگی، یان ناهاوسەنگی کارەکە ڕادەگرێت.

D. ڕیتمی جوولاو Motor rhythm: بریتییە لەو کارە هونەرییەی، کە پڕە لە ڕیتمی جووولاو لە ڕێگەی دابەشبوونی پێکهاتەو شێوە جووڵاوەکان بە ڕاست و چەپی کارەکەدا، ئەمەش وا لە ڕوانینەکانی بینەر دەکات لە کارە هونەرییەکەدا لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر



ڕەچاوکردنی ڕیتم لەکارێکی هونەریدا

بچێت.

## چوارەم: یەکسانبوون[٢٠] :Proportion

بریتییە لە پەیوەندی نێوان پانی و درێژی. واتە هەموو ئەو پانتاییانە دەگرێتەوە، کە لەرێگەی پلەی رەنگییەوە پانتایی تابلۆکە داگیر دەکات بە شێوەیەکی پلانبۆدارێژراو، بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی، تا نەبێتە جێگەی دڵتەنگی و بێ ئارامی و دواتر لەکاتی روانینی بینەردا لە هێزی نەخشەسازی کارە هونەرییەکە کەم نەکاتەوە. هەندێک جار ئەم جۆرە کارکردنە بەهرەیەکی خۆرسکانەیە، یان پلانبۆدارێژراوە، یان پەیوەندی بە ئەزموونکردنی زۆری هونەری هونەرمەندەکەوە هەیە.

بۆیە لێرەدا یەکسانبوون جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاستی رێژەیی لە کارکردندا، چونکە رێژە پەیوەندی نێوان دوو شت دیاری دەکات، بەڵام یەکسانبوون گوزارشت لە پەیوەندی نێوان دووشت، یان زیاتر دەکات، بەتایبەت ئەوکاتەی هونەرمەند دنیابینی خۆی لە تابلۆکەدا روونەدەکاتەوە. زۆرجاریش نەخشەساز بۆ رێکخستنی شمەک بەکاری دەهێنێت، وەک ئەم دیمەنی ناو ئەم وێنەیە.




یەکسانبوون لە کاری نەخشەسازیدا

[٢٠] یەکسانبوون: هەرچەندە بە گونجاندن، هاورێژەکردن، هاوسەنگکردن، هاورێژە دێت، بەڵام بۆ ئەم شوێنەو بۆ ئەم مەبەستەی دەمانەوێت یەکسانبوونمان لا پەسەند بوو، چونکە لە کاری هونەری شێوەکاریدا زۆر پێویستمان بە یەکسانبوونی شێوەو قەبارەو دووری دەبێت، کە دواتر لە یاساکانی روانگەدا خۆی جێگیر دەکات و پاشان کاری پێدەکرێت. ئەم دەستەواژەیە لە بری (التناسب) ی عەرەبی و (Proportion) ی ئینگلیزی دانراوە.

## پێنجەم: جووڵە Movement:

جووڵـە، لـەڕووی فسـیۆلۆجییەوە واتـە: زینـدوویێتی، چـالاکی، گـورجی، ژیانکردن و پێشکەوتنە. ئیدی هەرلەبەر ئەوەشە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات لەڕێگەی چالاکییە پڕ جوڵەکانییەوە خواستەکانی بەدەستبهێنێت و زیاتر لە جیهـانی ڕاسـتیگەرایی نزیک دەبێتەوە. هەروەها هونەرمەندیش لەڕێگەی جووڵـەوە هەوڵـدەدات کـارە هونەرییەکـەی بـە نەمری بهێڵێتەوە، چونکە ژیـانی بـێ جووڵـە یەکسـانە بـە مـردن. بڕوانـە تابلۆکـەی هونەرمەنـدی ئیتـاڵی «جولیۆ ڕۆزاتی»[٢١]


سوارچاکی عەرەبی – جولیۆ ڕۆزاتی

### تێبینیکردن:

بڕوانـە لـە زۆرێـک لـە ناوەنـدە بازرگانییـەکان لەسـەر زەوی، یـان بـە دیوارەکانـەوە هێمـای ئاڕاسـتەکردن دانـراوە، ئەمـەش بـۆ ئاڕاستەکردنی کڕیاران، یان میوانەکان، کە ئەمـەش بـە پشتبەسـتن بـە چـاوە. چاو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و جووڵەو ڕووناکییەکان وەردەگرێت.

[٢١] «جولیۆ ڕۆزاتی» Giulio Rosati (1858– 1917) بایەخی بە شێوەو جووڵەی سوارچاکی دەدا، چونکە ‹ڕۆزاتی› نیگاری ئەو سوارچاکانەی بە جلوبەرکی ڕۆژهەڵاتییەوە دەکێشایەوەو بەشێوەیەکی زۆر جوان و پوخت و ڕێک، کە هەموو کارامەییەکی هونەری و هزری تێدا بەکارهێنابوو، لە هەمانکاتیشدا بایەخی بە ڕەنگ و ڕوخساری پیاوانی خانەدان و پیاوچاکانی وڵاتە عەرەبییەکان دەداو چەندین بابەتی مەجلیسی کەیفخۆشی و ئاهەنگی خانەدانەکانی کێشاوەتەوە.

## شەشەم: گونجاندن Harmony:

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی هونەرمەند پشتی پێدەبەستێت لە کاری هونەریدا بریتییە لە گونجاندن (هارمۆنی). لێرەدا هونەرمەند پێکهاتەکانی ناو کارە هونەرییەکە پێکەوە دەگونجێنێت و دەیخاتە خزمەتی بابەتی کارەکەوە لەڕێگەی «هێڵ و ڕەنگ و بابەت»ەوەو کارەکە تەواو دەکات. ئیدی لێرەوە کارامەیی هونەرمەند دەردەکەوێت، کە ئایا توانیویەتی هەموو پێکهاتەکانی ناو تابلۆکە پێکەوە گرێ بدات و لەگەڵ یەکتریدا بیانگونجێنێت؟ بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە کارێکی هونەرمەندو ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی نەمساوی ‹ئالفۆنس لیپۆڵد میلیچ›[٢٢]



فەرشفرۆشەکەی قاهیرە – ئالفۆنس لیپۆڵد میلیچ

[٢٢] ‹ئالفۆنس لیپۆڵد میلیچ› Alphons Leopold Mielich (1863– 1929)، خوێندنی هونەری لە ‹پاریس› و ‹لەندەن› و ‹میونخ› تەواوکردووە. لە ساڵی (١٨٨٩) یەکەم گەشتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێکردووەو لێرەوە بە جوانییەکانی ڕۆژهەڵات ئاشنا دەبێت و چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی جەنگی ساڵی (١٩١٤) هەڵبگیرسێت دەگەڕێتەوە بۆ میسرو یازدە جار سەردانی ئەو وڵاتە دەکات. شایانی باسە، سەردانەکانی ئەم هونەرمەندە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەبووە لەبواری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسیداو لە ناخەوە هەژاندویەتی، جا بۆیە زۆربەی کارەکانی لە بازنەی ڕۆژهەڵاتناسیدا دەخولێتەوەو تابلۆکانی بۆن و بەرامەی ڕۆژهەڵاتیان لێدێت. بۆ زانیاری زۆرتر بگەڕێوە بۆ کتێبی هونەری ئیسلامی – خەلیل عەلی، تەوەری حەوتەم.

حەوتەم: سەروەری Sovereignty:

هەموو کارێکی هونەری بیرۆکەیەکی سەرەکی، یان ئامانجێکی ڕوونی هەیە، هەتا ئەگەر کارەکە بە شێوازێکی هونەری پیشاندرابێت، یان نا! کە ئەمەش مەبەستی کاری نەخشەکێشانە لە کارە هونەرییەکەدا. هەرچەندە لەوانەشە بیرۆکەکە نەکەوێتە شوێنێکی دیاریکراوی کارە هونەرییەکە، لەوانەشە جیانەکرێتەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی تری ناو تابلۆکە! چونکە بینەر لەیەکەم نیگاوە تێکڕا سەیری تەواوی تابلۆکە دەکات و سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەتایبەت بابەتی تابلۆکە جێگەی تێڕامانەو بەیەکێک لەم شێوازانەش نمایش، یان پیشان دەدرێت:

١. سەروەری ڕەنگ:

- بۆ نموونە کارە هونەرییەکە پشت بە یەک ڕەنگ دەبەستێت.
- بۆ نموونە کارە هونەرییەکە پشت بە ڕەنگی گەرم دەبەستێت.
- بۆ نموونە کارە هونەرییەکە پشت بە ڕەنگە ساردەکان دەبەستێت.

٢. سەروەری هێڵ:

کاری هونەری پشت بە هێڵی ڕاست، یان چەند هێڵێکی ئەندازەیی پوخت و ڕێک و پاک دەبەستێت.

٣. سەروەری هونەری:

بەکارهێنانی هەندێک تایبەتمەندی باش و دیاریکراو.

**چالاکی:**

١. کارێکی هونەری بینراو لە دەوروبەری قوتابخانەکەت ئەنجام بدە لەگەڵ ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی ڕەنگە گەرمەکان.
٢. لە سەرچاوە جۆراوجۆرە هونەرییەکاندا بگەڕێ بەدوای کەرەستەو شمەکی تایبەت بە هونەری نیگارکێشان و نەخشەکێشاندا.

**پرسیار**

١. بنەماکانی هاوسەنگی لەکاری هونەریدا چین؟
٢. ئەم دەستەواژەیە ڕوونبکەوە: ڕیتم شێوازێکی هونەرییە، کە لەنێوان گونجاندن و هاوتابووندا یەکییەتی و فرەیی و گۆڕان کۆدەکاتەوە.
٣. جیاوازی بکە لە نێوان دەستەواژەی هاوتایی و پەیوەندی هونەریدا.

مامۆستای بەڕێز... دوای ئەوەی بابەتەکە بەباشی دەخوێنیتەوەو لە مەبەستی وانەکە تێدەگەیت، ئنجا هەوڵبدە هەندێک ئامانجی وانەکە لەسەر وایتبۆردەکە بنووسەو پاشان لەڕێگەی گفتوگۆی کراوەوە خوێندکارەکان بدوێنەو پرسیاریان لێ بکە بەم شێوەیە:

١. مەبەست لە نەخشەسازی چییە؟
٢. کاریگەری نەخشەسازی هونەری لەسەر تاک چییە؟
٣. ڕۆڵ و کاریگەری ڕەنگ لەسەر مرۆڤ چییە؟

دواتر هەوڵبدە هەندێک لە وەڵامە باش و گونجاوەکانی خوێندکاران لەسەر وایتبۆردەکە بنووسەوە، ئەگەر پێویستی کرد هەندێک زانیاری تر لەوبارەیەوە بە خوێندکارەکان ببەخشە لەڕێگەی پرسیارکردنیانەوە.

## زانیاری زیاتر، وەک:

مامۆستا هەندێک دەستەواژەی هونەری تر بە خوێندکارەکان دەناسێنێت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە هونەری نەخشەسازییەوە هەیە، وەک: «پۆستەر، پروشەر، لافیتە، پۆستەری بازرگانی... هەروەها تێکەڵکردنی نووسین و وێنە، یان خۆشنووسی و نیگار».

لەهەمانکاتدا پێویستە مامۆستاو خوێندکار ئەوە بزانن، کە ‹**ڕووتەڵەک**› بریتییە لە داماڵینی تابلۆ لە شێوەی ناسراو، یان تێکشکاندنی ئەم شێوانەو سادەکردنەوەیان بۆ چەند هێڵێکی سادەی هونەری، کە لەڕێگەی ڕەنگ و پلەی ڕەنگییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت. هەروەها کرداری ‹**گۆڕین**›یش بریتییە لە سادەکردنەوەی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوەیەک. واتە وێنەکە لە وێنەیەکی چڕی ئاڵۆزەوە بگۆڕدرێت بۆ هێمنکردنەوەی هێڵ و ڕەنگ و شێوەکانی ناو تابلۆکە. زۆرجار مرۆڤەکان لەماڵەوە زۆرشتیان هەیە، وەک تەلەفزیۆن، کەوەنتەر، مێز، دۆلاب، گوڵدان، کورسی، قەنەفە... بەڵام ناتوانرێت بەشێوەیەک ڕێکبخرێن، کە سەرنجی بینەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن و شێوەیەکی چێژبەخش پیشان بدەن. ئیدی هەموو ئەوانەش پەیوەندیان بە ئاستی تێگەیشتن و زانینە لە کاری نەخشەسازی، کە لەمەوپێش باسکرا.

گرنگترین کاریگەرییەکانی ناوەرۆکی نەخشەکێشان بریتین لە:

١. کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوو.
٢. شێوازی کارکردن. بڕوانە تابلۆی هونەرمەند «شوان ئەحمەد»[٢٣].
٣. بابەتی کارە هونەریەکە (ناوەرۆکی کارەکە چییە؟).
٤. ئامانج، یان مەبەست لە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکە.
٥. ئەزموون و کارامەیی (چەند ئەزموونت هەیە؟ چەند کارامەیت لە کارکردندا؟).




تابلۆی هونەرمەندی کورد (شوان ئەحمەد)

[٢٣] «شوان ئەحمەد» (هۆمەر) لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٥)ی شاری سلێمانیە و خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگەی پیرەمەگرون و خوێندنی قۆناخی ناوەندی لە ناوەندی ئەزمڕ لە سلێمانی تەواوکردوە. لە قۆناخی ناوەندیدا هونەرمەند (عەتا قەزاز) مامۆستای بووە. (سوود لە واڵی فەیسبووکی هونەرمەند ‹وەهبی ڕەسوڵ› وەرگیراوە) Wahby Rasul

## خستنەڕووی وانەکە

مامۆستای بەڕێز، ئەرکی ئێوەیە جارێکی تر ئەم چەمک و دەستەواژانە بەبیر خوێندکار بهێنیتەوە، وەک: «**سێبەرو ڕووناکی، پلەی ڕەنگی، بەهای ڕەنگی، گورزە ڕەنگ، ڕووگە، بۆشایی**»، چونکە هەموو وانەکە پێکەوە گرێدراون و زانیارییەکانیش لێکبەستراون و یەکتر تەواو دەکەن، جا لەبەر ئەوە سیستەمی لێکبەستن و تەواوکردنی زانیارییەکان فەرامۆش مەکە، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە لەگەڵ خوێندکارەکان بەردەوامبیت، ئەوا بێگومان زانیارییەکان دەگەنە جێی خۆیان. بۆ نموونە باسی کارەکانی هونەرمەندێکی جیهانی، وەک «فریدریک ئارسەر بریدگمان»[٢٤] بکە، کە چۆن بایەخی بە سێبەرو ڕووناکی و پلەی ڕەنگی و بەهای ڕەنگی داوە.



شازادەو سولتان خانم – فریدریك ئارسەر بریدگمان

[٢٤] «فریدریک ئارسەر بریدگمان» Frederick Arthur Bridgma، هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکییە (١٨٤٧-١٩٢٨) توانیوییەتی لەنێو تابلۆکانیدا ژیانی ڕۆژهەڵاتی بکێشێت، ئەم هونەرمەندە خوێندنی ئەکادیمی لە ‹نیۆرک› تەواو دەکات و دواتر سەردانی پاریس دەکات و سەرسام دەبێت بە هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتناسەکان و پەیمان دەدات شوێنپێیان هەڵبگرێتەوە، بۆیە سەردانی ‹میسر› و ‹جەزائیر› دەکات و بە جوانی ئەم دوو وڵاتە سەرسام دەبێت،

## ئەرکیماڵەوە

### چالاکی یەکەم

داوا لـە خوێنـدکارەکان بکـە هێڵکـاری بـۆ چـوار ڕیـانێکی شـەقامێکی شـارەکەیان بکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەنێو نەخشـەکێشانەکەشـیاندا ڕەچـاوی بنـەماکانی نەخشەکێشـان بکـەن لەگـەڵ لەبـەرچاوگرتنی ئـەم خاڵانـەی لای خوارەوە:

١. هێڵکاری جادەکە.
٢. هێماکانی هاتووچۆی سەر جادەکە.
٣. هێماکانی هاتووچۆی کەمەر جادەکە.
٤. دەستنیشانکردنی شوێنی پەڕینەوە.
٥. سوود وەرگرتن لە یاساو ڕێساکانی هاتووچۆ.

هـەروەها خوێنـدکار هەوڵبـدات نەخشەسـازی تـەواوی هێڵکارییەکـە بگۆڕێت. واتـە خوێنـدکار پشـت بـە بیرۆکـەو تێڕوانینـەکانی خـۆی ببەسـتێت لەکانی نەخشەکێشانەکەداو هەوڵبدات داهێنان لە ناوەڕۆکی بیرۆکەکەدا بکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساو پێوەرەکانی هاتووچۆ.

### کێشەو چارە

مامۆسـتای وانەکـە هەوڵـدەدات ڕەچـاوی جیـاوازی تاکایـەتی لـە نێـوان خوێندکارەکانـدا بکـات و ئـەم چالاکییـەش تـەنها چالاکییـە، کـە خوێنـدکار لەڕێگەیەوە بیردەکاتەوەو توانا تاکییەکانی خۆی تاقیدەکاتەوە.

هەروەها خوێندکار هەوڵبدات بەپێی ئەو کەرەستەو شمەکە هونەرییەی لەبەردەسـتیدایە دەتوانێـت چـی بکـات؟ یـان هەوڵبـدات لەڕێگـەی کەرەسـتە هونەرییەکانەوە بیرۆکەیەکی نوێ جێبەجێ بکات.

### هۆکاری فێرکاری

ئـەرکی مامۆسـتایە لەڕێگـەی داتاشـۆو وێنـەی ئامادەکراوو نیگـاری نـاو پڕۆگرامەکـە ئەرکەکـە بـۆ خوێنـدکارەکان شـی بکاتـەوە. لەهەمانکاتیشـدا پێویستە زانیارییەکان لەڕێگەی وێنەی ڕوونکارییەوە بە خوێندکارەکان ئاشنا بکرێت. خوێندکار هانبدە سـەیری گۆڤارە وێنەدارەکان بکات و لـە شـێوازی نەخشەسازییەکە، ئنجا نەخشەسازی بابەتی ناو وێنەکان ڕابمێنێت.

## چالاکی دووەم

مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات نیگارێک بکێشن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. نیگارێک بکێشە لەگەڵ ڕەچاوکردنی کاریگەرییەکانی خاڵ، ئنجا هێڵ لەناو نیگارەکەدا. بۆ نموونە دیمەنی ناوماڵەکەتان، یان دیمەنی باخچەکەتان، یان دیمەنی ژووری میوان، یان دانیشتن، یان پردێک...
٢. هەوڵبدە ڕووگەی شتە کێشراوەکە دەستنیشان بکەیت. واتە بایەخ بە هێڵکاری ڕووی شتە کێشراوەکە بدە، ئایا دیوارەکە لووسە، یان زبرە؟ ئایا پەردەکە گوڵدارە، یان سادەیە؟ ئایا فەرشەکە نەخشێنراوە، یان کاشییەکان ڕەنگاورەنگن؟ ئیدی بەم شێوەیە پێویستە خوێندکار هەوڵبدات جۆری ڕووگەی شتەکان بەبایەخەوە بکێشێت.
٣. لەناو نیگارەکەدا پێویستە بایەخ بە پلەی ڕەنگی بدرێت و ڕەنگەکانیش لە شوێن و جێگەی خۆیاندا دابنرێن.
٤. پێویستە جارێکی تر مامۆستا بەبایەخەوە ئەم بنەمایانە بەبیر خوێندکاربهێنێتەوەو خوێندکاریش لە نیگارەکەیدا ڕەچاویان بکات، وەک: «خاڵ، هێڵ، شێوە، قەبارە، سێبەرو ڕووناکی، ڕووگە، بۆشایی، ڕەنگ» جا لەبەر ئەوەی خوێندکار لەم قۆناخەدا هەستی پێزانینی زیاترەو گەشەی ئەقڵی و هەستەکانی باشترن، ئەوا بێگومان باشتر لە داخوازییەکانی مامۆستا تێدەگات بەومەرجەی مامۆستا بابەتەکەیان بۆ ئاسان بکات و مەبەستەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، وەک ئەم دیمەنە:



دابەشبوونی پێکهاتەی کاری هونەری لەناو ئەم وێنەیەدا

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** لە خشتەکە دیاریکراوە

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

لەم هەڵسەنگاندنەدا پێویستە مامۆستا تێبینی زۆرشت بکات لەناوپۆلدا، بەتایبەت ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خوێندکارەکان لەلایەک و ئەو ئەرکەی دراوە بەسەریاندا و ئەو زانیارییەی وەریانگرتووە. کەواتە پێویستە ڕەچاوی هەرسێ داواکاری بکرێت.

**تەوەر:** **وانە:**

| ژ | ئامرازی هەڵسەنگاندن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا بدەنەوە. | | | |
| ٢ | بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێن. | | | |
| ٣ | لە چالاکییەکاندا دەتوانن پێکەوە کاربکەن. | | | |
| ٤ | دەتوانن دابەشکاری هونەری لەناو کارەکەیاندا جێبەجێ بکەن (هاوسەنگی). | | | |
| ٥ | بنەماکانی نەخشەکێشان لێکدەدەنەوە. | | | |
| ٦ | توڕەنابن و کێشەی تاوگیریان نییە. | | | |
| ٧ | لەکاتی دیاریکراودا لە ئەرکەکەیان دەبنەوە. | | | |
| ٨ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکەیان دەکەن. | | | |
| ٩ | یاسای خۆپارێزی ڕەچاودەکەن. | | | |
| ١٠ | لەکاتی کارکردندا تێبینی و سەرنجی مامۆستا بەهەند وەردەگرن. | | | |

**ئەرکی مامۆستا**

پاراستن و دیکۆمێنتکردنی ئەم هەڵسەنگاندنە لە فایلێکی تایبەتدا.

**مامۆستای وانەکە/** **ڕۆژ / /**

# وانەی سێیەم

تەوەر: نەخشەسازی

بابەت: ڕوانگە Perspective

وانە: ڕوانگەی ڕەنگی

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

## ئامانجی بەدەستهاتوو

١. لە بنەما بنەڕەتییەکانی ڕوانگەی ڕەنگی تێدەگات و نیگار دەکێشێت.

٢. دەتوانێت چارە بۆ کێشە بینگەییەکان لەڕێگەی ڕوانگەوە بدۆزێتەوە.

٣. دەتوانێت لە بەهای کاری هونەری تێبگات و چێژی لێوەربگرێت.

٤. لە تایبەتمەندییە زانستی و ئەکادیمییەکانی کاری هونەری تێدەگات.

## یەکە و دەستەواژەی بەکارهاتوو

خاڵی ونبوون، چەقە ڕوانگە، هێڵ، ڕوانگەی ڕەنگی، هەڵخەڵەتاندنی چاو

## یاسای کار

١. پێویستە خوێندکار ڕەچاوی کاتی وانەکە بکات و کات بەهەدەر نەدات لەکاتی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی مامۆستا بۆ بابەتەکە (مامۆستا پێشوەخت لەوبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات).

٢. پاکوخاوێن ڕاگرتنی شوێنکارەکەو لەهەمانکاتیشدا لەکاتی کارکردنیشدا خوێندکار ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕێکی کارەکەی بکات.

## خستنەڕووی بابەت

مامۆستای وانەکە پێشوەخت پلان دادەڕێژێت بۆ بابەتەکەو لەهەمانکاتیشدا زانیارییەکانی ڕێکدەخات و پوختەیان دەکات بۆ کاتی پێشکەشکردن. هەروەها لە «خاڵ»ـەوە دەستپێدەکات، کە چۆن ئەم خاڵە دەبێتە کارێکی هونەری، بەڵام پێویستە مامۆستا زیاتر تیشک بخاتە سەر «هێڵ» و «پلەی ڕەنگی» و «خاڵی ونبوون» و «ڕوانگەی ڕەنگی» لە وانەکەدا. مامۆستاش وایتبۆردو داتاشۆ بۆ خستنەڕووی بابەتی وانەکە بەکاردەهێنێت.

## پیشکار

لەم وانەیەدا بەپێویست دەزانرێت لەبارەی ڕوانگەوە تەنها جەخت لە ڕوانگەی ڕەنگی بکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی چڕ خوێندکار ڕوانگە بخوێنێت لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێواندنی و نەتوانێت بەباشی بابەتەکە وەربگرێت (هەرس بکات). جا لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی وانەکان تێکبکەنەوەو بتوانرێت زنجیرەیەک دروست بکەن، پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر بابەتەکان لێکببەستێت و دواتر پێکیان بگرێت و ئنجا بە زنجیرە وانەیەک بیانخاتە ڕوو، وەک لە تەوەرەکەدا بۆی ڕێکخراوە.

## ڕوانگە:

ئەو شێوە بینراوە هەستپێکراوانەیە لەسەر ڕوویەکی ڕووتەخت، کە تابلۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا چاوی بینەر لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە و لە دووری و گۆشەی بینگە جیاوازەکانەوە هەستیان پێدەکات.

هەروەها دەتوانرێت بگوترێت ڕوانگە پێکدێت لە کۆمەڵێک بنەماو بناخەو چارەسەر، کەدوای ڕاهێنانێکی تەواو لەسەر هونەری شێوەکاری لەلایەن هونەرمەندەوە بەدەستدەهێنرێن.


بێگومان بەیارمەتی ئەم هونەرەوە دەتوانرێت دووری سێیەم، یان قووڵایی دیاری بکرێت بەو شێوەیەی، کە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت لەسەر ڕووبەرێکی ڕووپانی تەختی یەک ئاست و خاوەن دوو دووری یەکسان، کەپێی دەڵێن تابلۆ. هەروەها ڕوانگە، وەک ئەوەی مرۆڤ دەیبینێت دیاردەیەکی بینگەییەو لە پێناسەکردنیدا کۆمەڵێک کاریگەری فسیۆلۆجی و ڕووناکی ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەگێڕن.

کاتێک مرۆڤ لە بەرەبەیاندا هەڵدەستێت و تەماشایەکی گزنگی بەربەیان دەکات، وا هەست دەکرێت بە فلچە ڕەنگەکان تێکەڵ کراون و دیمەنەکە کێشراوەو ڕەنگەکان تێکچڕژاون و یەکتریان بڕیوە. هەروەها بۆ دیمەنی ڕۆژئاوابوونیش بەهەمان شێوە هەست بەو جوانییە دەکرێت و تا خاڵی ونبوون ڕوودەدات. بڕوانە وێنەی (ژمارە ١).




دوو دیمەنی جیاواز ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون وێنەی 1

هەروەک لەوانەی یەکەمدا گرنگی و بایەخی تیشکی خۆر لە دەرخستن و شیکردنەوەی ڕەنگدا ڕوونکرایەوە. جا ئەگەر لێرەدا بەشێوەیەکی هونەرییانەتر لە شیکردنەوەی ڕەنگ بڕوانرێت، ئەوا دەبینرێت کاتێک تیشکی خۆر دەردەکەوێت و بەر سروشتی کوردستان دەکەوێت، دەبینین ئەو تیشکەی بەر درەختە دوورەکان دەکەوێت وێنەکان ڕوون ناکات و لێڵن و قەبارەشیان بچووکە، بەڵام ئەو دارە نزیکانەی تیشکەکەیان بەرکەوتووە قەبارەیان گەورە دیارەو ڕەنگ و ڕووشیان ڕۆشنترو جوانتر دەرکەوتوون و بەئاسانی دەناسرێنەوەو ڕەنگەکانیشیان جوان و درەوشاوەن.



کاتێك تیشکی خۆر سروشت دەبڕێت. وێنەی 2 فۆتۆ: کازم عەلی

ئیدی لێرەوە هەست بە گرنگی و بایەخی تیشکی خۆر دەکرێت لە شیکردنەوەی ڕەنگەکاندا. هەروەک چۆن لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر- ڕێبەری مامۆستا بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی تەوەری دووەم، وانەی یەکەمدا ئەوە بەڕوونی بۆ ئەم قۆناخە ڕوونکراوەتەوە. بڕوانە وێنەی (ژمارە ٢).

## ڕوانگەی ڕەنگی لەڕووی توندییەوە

توندی ڕەنگی لەڕێگەی تێربوونی ڕەنگەکەوە ڕوودەدات، کە ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ڕوانگەی ڕەنگی دروست دەکات لەڕووی هەستکردن بە دووری و نزیکی شتە کێشراوەکەوە، چونکە ئەگەر ڕەنگەکە تۆخ و ڕەنگ لەسەر ڕەنگ دابنرێت ئەوا دیمەنەکە شێوەی تەمتومان و تەمومژاوی لەنێوان ڕەنگ و شێوەکە دروست دەکات و شێوەکەش لەبەرچاوان دوور دەخاتەوە. کەواتە ئەو ڕەنگانەی تێرن دیمەنەکان جوانتر دەردەخەن و دیمەنکانیش ڕوونتر دەردەکەون، بەڵام ئەو ڕەنگانەی بەرەو تاریکی، یان بەرەو کاڵبوونەوە دەچن ئەوا دیمەنەکان بەرەو قووڵی دەبەن و دووریان دەخەنەوە.

شایانی باسە، ئەو دیمەنانەی دوور دیارن ناڕوون و ناڕۆشنن. بۆیە دەتوانرێت ڕوانگەی ڕەنگی بەدەستبهێنرێت ئەگەر سوود لە بەهای ڕووناکی وەربگیرێت، وەک لەم تابلۆیەی هونەرمەندی کورد «عەزیز سەلیم»[٢٥]دا دیارە، وێنەی (ژمارە ٣).



چڕی ڕەنگی, بەهای ڕوناکی لەناو تابلۆکەی عەزیز سەلیمدا (دیمەنێك لە چیاکانی کوردستان) وێنەی ژمارە 3

[٢٥] «عەزیز سەلیم» ساڵی (١٩١٧) لە قەڵادزێ لە دایکبووە. ساڵی (١٩٣٢) یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەشاری سلێمانی کردۆتەوە. ساڵی (١٩٤٩) گەشتی وڵاتانی دەستپێکردوەو وڵاتانی (فەرەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فنلەندە، نەمسا، بەلجیکا، یوگسلافیا، مەجەڕ....هتد) گەڕاوەو پیشانگەی شێوەکاری تێدا کردونەوە. زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، روسی، ئەڵمانی) زانیووە. خاوەنی (٦٥٠٠) تابلۆیە. لە ٢٠٠٣/١/٥ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

ئەگەر سەیرێکی تابلۆکەی هونەرمەندی کورد «عەزیز سەلیم» بکرێت ئەوە هەستپێدەکرێت، کە هونەرمەند جۆرێک لە پلەی ڕەنگی جۆراوجۆری بەکارهێناوە. بۆ نموونە ڕەنگە توندو گەرمەکانی لەپێشەوە داناوەو شێوەکانی پێ دەرخستووە، هەتا بەرەو دوورتر بڕوانرێت دەبینرێت ڕەنگەکان بەرەو شینی کاڵ، کاڵتر دەبنەوە، تا دەبنە تەمومژو لە نێو شینی ئاسمانەکەدا دیمەنەکان ون دەبن، ئەمەش لە ڕابردوودا ناومان لێنابوو ڕۆچوون بەرەو قوڵایی و شێوەیەک لە دووری پیشان دەدات.

هەروەها ئەم جۆرە ڕەنگ و جووڵانە لەنێوکاری هونەریشدا بە فریودەری چاو دادەنرێن. لە هەمانکاتیشدا ئەگەر هونەرمەند زۆر وریاو زرنگ نەبێت ئەوا بێگومان ناتوانێت ئەو دووری و پلە ڕەنگییانە هاوسەنگ بکات و لە شێوەیەکی ڕوانگەییدا ڕێکیان بخات، چونکە «شوێن و کات» دوو پێکهاتەی کاری هونەرین و پێویست دەکات نیگارکێش، یان نەخشەساز بەوردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

لێرەدا بیری هونەرمەند لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان جێگەی تێڕامانە، چونکە ئەگەر ڕەنگی سپی دابنێت ئەوا سپی دەبێتە هۆی دەرخستنی تەواوی ڕەنگەکانی تر (واتە هاوکارە)، بەڵام بە دانانی ڕەنگی ڕەش ئەوا هەموو ڕەنگەکانی تر دەمژێت و لە جووڵەیان دەخات.

ئیدی هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانرێت ڕەنگەکان بکرێن بە دوو کۆمەڵەوە:

کۆمەڵەی یەکەم، ڕەنگە گەرمەکانن، بە بەرکەوتنمان هەست بە گەرمبوونەوە دەکەین، وەک سوورو پێکهاتەکانی... زەردو پێکهاتەکانی...

هەروەها کۆمەڵەی دووەمیش بە ڕەنگە ساردەکان ناسراون و بەبینینیان هەست بەفێنکی دەکەین و خاوەن چڕییەکی تایبەتن و لەدانانیاندا هەست بە دووری سێیەم دەکەین، چونکە ڕۆدەچێتە قوڵاییەوە، هەرچەندە خۆی لەسەر ڕوویەکی ڕووتەخت دادەنرێت، بەڵام بە جووڵەپێکردن و پلەی ڕەنگییەکەی دەتوانرێت هێزێکی قوڵتری پێببەخشرێت لەکاتی کارکردندا، وەک شین و پێکهاتەکانی...

لێرەدا هەمیشە چاو دەچێتە سەر ڕەنگە گەرمەکان پێش ڕەنگە ساردەکان و سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، چونکە ڕەنگە گەرمەکان مانەوەیان زیاترە، بەڵام ڕەنگە ساردەکان دوادەکەوێت لە گەیشتن بە چاو. ئیدی هەرئەوەشە وا دەکات چاوی بینەر زووتر بچێتە سەر ڕەنگە گەرمەکان. ئەگەر سەرنج بدەیتە دیمەنەکانی کوردستان لە وەرزی بەهاردا بەڕوونی ئەوە هەستی پێدەکرێت، کاتێک گوڵاڵە سوورەکان لەنێو گیا سەوزەکاندا سەردەردەهێنن و دەبنە جێگەی تێڕامانی چاو زیاتر لە گەڵا سەوزەکان. بڕوانە وێنەی دیمەنێکی کوردستان (ژمارە٤).




گوڵاڵە ڕەنگ سوورە گەرمەکان لەنێو ڕەنگە سەوزە ساردەکاندا دیارن وێنەی ژمارە 4 فۆتۆ: ئەحمەد مامکاک

ئەگەر کۆمەڵە ڕەنگێک بڕێژین لەسەر پانتاییەکدا ئەوا هەست بە ڕەنگە نزیک و دوورەکان دەکرێت و ڕەنگە سوورو زەردەکان زوو دەگەنە چاوو شین و سەوزەکەش وەک پاشینە لەدەوری ڕەنگە گەرمەکان دەمێننەوە. ئیدی لێرەوە بینەر ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کاتێک شێوە ڕەنگ گەرمەکان دەبینێت ئەوا ڕاستەوخۆ هەست بە نزیکیان دەکات و ڕەنگە ساردەکانیش دەبنە پاشینە.

## چالاکی یەکەم


داوا لە خوێندکارەکان بکە بازنەی ڕەنگەکان بکێشن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی ڕەنگی و ڕەنگە گەرم و ساردەکان. وێنەی (ژمارە ٥)



بازنەی ڕەنگەکان وێنەی ژمارە 5

## چالاکی دووەم

لەڕێگەی قەڵەم ماجیکەوە هەوڵبدەن شێوەی ئەندازەیی بکێشن، بەومەرجەی بۆ فریودانی چاوبێت، وەک وێنەی (ژمارە ٦).




دوو دیمەنی شێوە چاو هەڵخەڵەتێنەر وێنەی 6

## زانیاری نوێ


ڕوانگە خاوەنی کۆمەڵێک بنەمایەو بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زانستی هونەری دەژمێردرێت و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێشخستنی هونەری شێوەکاری و هەوڵیداوە بۆ پێشخستنی هەست و سۆزی هونەرمەند. هەروەها لە هەمانکاتیشدا بە خاڵێکی هاوکاری کار دادەنرێت لەپێشخستنی ژیانی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەسازی) ئەمەو ڕوانگە پەیوەندییەکی تەواوی بە زانستی (ئەندازەیی و وەرزشی)یەوە هەیەو بەبێ هونەری ڕوانگە ئەندازیار ناتوانێت نەخشەسازی تەلارێک ئەنجام بدات و جوانکاری تێدا بکات. لەهەمانکاتیشدا هونەرمەندی شێوەکاریش بەهەمان شێوە ناتوانێت بەبێ ئەم هونەرە ڕاهێنان لەسەر سەرجەم جۆرەکانی هونەری شێوەکاری ئەنجام بدات.

## چالاکی ماڵەوە ١

داوا لە خوێندکارەکان بکە ئەم تاقیکردنەوانە ئەنجام بدەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی دووری و نزیکی شێوەکان. وێنەی (ژمارە ٧) و (ژمارە ٨)



کاریگەری ڕوانگە لە نەخشەسازی تەلارسازیدا وێنەی ژمارە 7



کاریگەری ڕوانگە لە هاوسەنگکردنی شێوەدا   وێنەی ژمارە 8

## چالاکی ماڵەوە ٢

داوا لــە خوێنــدکارەکان بکــە دیمــەنی لادێیــەکی کوردســتان، یــان دیمــەنێکی سروشت بکێشنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی ڕەنگی و دووری و نزیکی شتە بینراوەکان، وەک دیمەنی (ژمارە ٩) و (ژمارە ١٠)


دیمەنێکی جوانی کوردستان – بۆیەی ئاوی  وێنەی ژمارە 9   هونەرمەندی کورد ئاکۆ غەریب



دیمەنێکی سروشتی کوردستان – بۆیەی ئاوی وێنەی ژمارە 10 هونەرمەندی کورد لاله عەبده

## ئەرکی مامۆستا


ئەرکی مامۆستایە لەکاتی خستنەڕووی بابەتەکەدا کۆمەڵێک هۆکاری فێرکاری بۆ خوێندکارەکان ئامادە بکات. بۆ نموونە ئامادەکردنی بۆیەی ئاوی تیوپ لە پۆلداو کارپێکردنی و لێکدانی ڕەنگەکان لەبەرچاوی خوێندکارەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە بەبیرهێنانەوەی هەنگاوەکانی تێکەڵکردن و لێکدان و دانانی ڕەنگەکان، چونکە ئەو لە قۆناخی بنەڕەتی خوێندوویەتی و ئێستە هەست بە گرنگی و بایەخی ئەم ڕەنگانە زیاتر دەکات لە کاری هونەریدا. بێگومان ئێستە خوێندکار لەڕووی ئەقڵی و لەشەکییەوە باشتر گەشەی کردووەو چاکتر لە مەبەستی کارەکە تێدەگات.

هەروەها پێویستە مامۆستای وانەکە لەڕێگەی داتاشۆوە سەرجەم وێنە ڕوونکارییەکان بۆ خوێندکاران پیشان بدات و لەهەمانکاتیشدا لەکاتی گفتوگۆو دەمەتەقێی نێوان خوێندکاران و مامۆستادا، پێویستە مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی خوێندکاران بکات. هەروەها هەندێک خوێندکار ئارەزووی گاڵتەو کەپی هەیە، بۆیە پێویستە ئەم جۆرە خوێندکارانە لەلایەن مامۆستای وانەکەوە نەشکێندرێنەوە بەومەرجەی خوێندکار سنوور نەبەزێنێ.

## چالاکی ماڵەوە ٣

مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات چەند شێوەیەکی چاوفریودەر بکێشـن بـە ڕەچـاوکردنی یاسـاکانی دووری سـێیەم، ئەمـەش دوای نمایشکردنی چەند وێنەیەک لەڕێگەی داتاشۆوە، ئنجا شێوەی کارکردن گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

ئەرکی مامۆستایە پێشوەخت چەند کارێکی ئامادەکردبێت و لەپۆلدا ڕاستەوخۆ پیشانی خوێندکارەکانی بدات، ئنجا بە مۆبایلەکەت بە ڤیدیۆ وێنەی بگرەو دواتر لێی بدەوە بزانە فێڵەکە چۆن کاری خۆی دەکات و چاو فریودەدات لەکاتی جوولانی ڤیدیۆکەدا.




## زانیاری نوێ

مامۆستای وانەکە بۆ بەخشینی زانیاری نوێ لە ئەرکیماڵەوەدا داوا لە خوێندکارەکان دەکات چەند ڕاهێنانێک لەبارەی پلەی ڕەنگی لەنێوان ڕەش و سپیدا تاقیبکەنەوە، وەک لە وێنەکاندا دیارە. بزانن ئایا دەتوانن:

١. ئایا دەتوانن جووڵەی نووکی قەڵەمەکەیان بەڕێکی دابنێن؟
٢. ئایا دەتوانن پلەی ڕەنگی جیاواز بەیەک ڕەنگ دروست بکەن؟
٣. ئایا دەتوانن لە پلەی ڕەنگی توندەوە بەرەو کاڵتر بچن و بەپێچەوانەوە؟
٤. ئایا توانای مانەوەو پشوودرێژیان لەسەر کارە هونەرییەکە چەندە؟

لەڕێگەی داتاشۆوە مامۆستا وێنەو دیمەنی تەواو بۆ خوێندکارەکان نمایش دەکات.



**چەند جووڵەیەکی پلەی ڕەنگی ڕەش و سپی**

## هەڵسەنگاندن


**ئامانج:** تا چەند زانیارییەکان گەیشتوون؟
**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن
**ئەنجامی فێرکاری:** تا مامۆستا لایەنە باش و خراپەکان هەست پێبکات و بتوانێت باشەکان باشتر بکات و خراپەکانیش ڕاست بکاتەوەو بەرەو باشتریان بەرێت. بۆنموونە خوێندکار لە بەهای ڕوانگە تێنەگەیشتووە، مامۆستا پلان دادەنێت بە کردارەکی ئەم دۆزە ڕوون بکاتەوە.
**تەوەر:** **وانە:**

| ژ | پێوانەکانی تێبینی کردن لەکانی خستنەڕوودا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | خوێندکارەکان لە پلەی ڕەنگی تێگەیشتوون؟ | | |
| ٢ | ئایا دەزانن فریودانی چاو چییە؟ | | |
| ٣ | ئایا دەتوانن هێڵ لەکاری هونەریدا بەکاربهێنن؟ | | |
| ٤ | ئایا دەتوانن خاڵی ونبوون دیاری بکەن؟ | | |
| ٥ | ئایا لەکاتی کارکردندا بیروڕا دەگۆڕنەوە؟ | | |
| ٦ | ئایا لە ڕوانگەی ڕەنگی تێگەیشتوون؟ | | |
| ٧ | ئایا جیاوازی دەکەن لەنێوان ڕەنگە گەرم و ساردەکاندا؟ | | |
| ٨ | ئایا دەتوانن ڕەچاوی بنەماکانی نەخشەسازی لەکاری هونەریدا بکەن؟ | | |
| ٩ | ئایا دەتوانن دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی دیاری بکەن لەکاری هونەری بینراودا؟ | | |
| ١٠ | ئایا دەتوانن بازنەی ڕەنگەکان بەتەواوی بکێشن؟ | | |
| ١١ | ئایا دەزانن هارمۆنی لەکاری هونەریدا چییە؟ | | |
| ١٢ | ئایا دەتوانن چڕی و تەنکی ڕەنگ بناسنەوە؟ | | |

**ئەرکی مامۆستا:**
مامۆستای وانەکە دوای هەڵسەنگاندن ئەم هەڵسەنگاندنە دیکۆمێنت دەکات.

**مامۆستای وانە:** **ڕۆژ:** / /

# تەوەری سێیەم




# هونەری کاردەستی Handcraft

تەوەر: کاردەستی
بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز
کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتییەکاندا

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... ئەرکی ئەمساڵت لە ڕابردوو قورستر دەبێت لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:

١. ئاستی گەشەی ئەقڵی و جەستەیی خوێندکارەکان لە ئاستێکدان، کە دەتوانن زووتر لە شتەکان تێبگەن.
٢. دەتوانن پرسیار بوروژێنن و هەرخۆشیان بەدوای وەڵامدا بگەڕێن.
٣. دەبێت مامۆستا لەڕووی زانیارییەوە باشتر خۆی ئامادە بکات، چونکە زۆر بەزەحمەت دەتوانێت خۆی قوتار بکات لە پرسیارەکانیان.
٤. خوێندکار دەتوانێت بیرۆکەی نوێ بەشێوەیەکی خێراتر لەجاران دابهێنێت، چونکە ئەزموونی زۆری هەیە لە ژیانکردن.

ئەمەو چەندین هۆکاری تر، کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەرکی مامۆستا قورستر بکەن. کەواتە مامۆستا پێشتر خۆی بۆ کارەکە ئامادە کردووەو بە کۆمەڵێک پێشنیارو بیرۆکەی نوێ دەچێتە پۆلەوە، بەڵام گرنگە مامۆستا لە خستنەڕووی بابەتەکەدا زیادەڕەوی نەکات و بزانێت هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە، چونکە چالاکی و زانیارییەکانی ئەم وانەیە دیاریکراون و ناتوانرێت لەوە زیاتر فشاری کار لەسەر خوێندکار دروست بکرێت.

## پێشنیار بۆ مامۆستا

١. خۆت بەدووربگرە لە ئەمرکردن، هەوڵبدە پێشنیار بکەیت.
٢. زمانی گفتوگۆت نەرمونیان بێت و خۆت بەدوور بگرە لە وشەی زبر.
٣. هەوڵبدە، وەک هاوڕێیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.
٤. ئەگەر ئەرکیماڵەوەی جێبەجێ نەکرد ئەوا کارئاسانی بۆ بکەو پێی بڵێ ئەمە قەرزێکەو پێویستە ئەم قەرزە بدەیتەوە. ئیدی کەی دەیهێنێت کێشە نییە، بەڵام هەردەبێت ئەنجامی بدەیت.

## وانەی یەکەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: دروستکردنی شێوە بە کەرەستەی جیاواز

وانە: هونەری پەیکەرسازی

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

---

### خستنەڕووی بابەت

سەرەتا مامۆستای وانەکە هەوڵدەدات کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی هونەری پەیکەرسازی بەبیر خوێندکارەکان بهێنێتەوە. بۆ نموونە لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر، لە پۆلی حەوتەمدا لە تەوەری یەکەم – مێژووی هونەر باس لە هونەری پەیکەرسازی کراوەو دوو جۆر پەیکەر خراوەتە ڕوو:

١. پەیکەری تەختەڕووی ڕووبەرز. (هونەری ئاشوورییەکان)

٢. پەیکەری خڕ. (هونەری میزۆپۆتامیا، میسری کۆن)

دوای ئەوەی خوێندکار شێوازی کارکردنی لە هونەری پەیکەرسازیدا بەبیر دێتەوە، ئنجا مامۆستا هەوڵدەدات شێوازی تازەی کارکردن ڕوون بکاتەوە، بەتایبەت کەرەستەی بەکارهاتوو. ئیدی بۆ ئەم کارەش کەرەستەی تێل هەڵبژێردراوە بۆ کارکردن، چونکە ئەرکی کەمەو زوو دەستدەکەوێت و شوێن پیس ناکات، بەڵکو خوێندکار تەنها پێویستی بە بیرۆکە دەبێت بۆ کارکردن.

### خۆئامادەکردن

مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات «تێل»ی فافۆن، یان نەرم پەیدا بکەن (ڕیسایکڵ) و لەگەڵ خۆیاندا ئامادەی بکەن. دواتر مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات بیرۆکەی دارشتنی کارێکی جەستەی مرۆڤ ئامادە بکەن، یان هەرشێوەیەک، کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، هەروەک لە چالاکییەکاندا ئاماژەی پێکراوە. دواتر مامۆستا بەپێی ئەو ڕێنماییانەی بۆ دیاریکراوە خوێندکارەکان ئاڕاستە دەکات.

## چالاکی یەکەم

سەرەتا مامۆستا لەڕێگەی داتاشۆوە چەند نموونەیەک لە کاری پێشنیارکراو بۆ خوێندکارەکان نمایش دەکات. دواتر مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات «تێل، پارچە نایلۆن، بەرگی بیبسی، سیمی ئەلەمنیۆم»، یان هەرشتێک سوودی دەبێت بۆ کارە هونەرییەکە ئامادەی بکەن (مامۆستا پێشتر خوێندکارەکانی ئاگادارکردۆتەوە) لەگەڵ ئامادەکردنی بنکەیەکی جێگیر. پاشان گروپەکان سەربەست دەکرێن شێوەیەکی خڕ دروست بکەن، وەک لە وێنەکەدا دیارە. چاودێری گروپەکان دەکات و ئاراستەیان دەکات.



### ئەرکی ماڵەوە

هەر لەوسۆنگەیەوە مامۆستا گروپەکان ڕادەسپێرێت لە ماڵەوە کارێک ئامادە بکەن و ئەو کەرەستەو شمەکانەی بەکاریان هێناوە دووبارەی بکەنەوە. واتە بەهەمان شێوە کاربکەنەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی شێوەیەکی هاوچەرخ لە کاری هونەریدا.

## جێبەجێکردن

سەرەتا پێویستە کۆمەڵێک هەنگاو بگیرێتەبەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە. بۆ نموونە:

١. دروستکردن و ئامادەکردنی بنکەیەک بۆ ڕاگرتنی کارەکە.
٢. کێشانی هێڵکارییەکی سادە، تا بزانرێت چ بیرۆکەیەک جێبەجێ دەکرێت. واتە گواستنەوەی بیرۆکە بۆ کارێکی هونەری.
٣. تیملیدەری هەر گرووپێک سەرپەرشتی گرووپەکەی دەکات، تا تێبینی و سەرنجی ئەندامانی گرووپەکە کۆبکاتەوەو لە بۆتەیەکی تەواو هونەریدا بۆچوونەکان ڕێکبخاتەوەو بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.
٤. ئەرکی تیملیدەرە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستای وانەکەدا بگرێت و داوای سەرنج و تێبینی لێبکات. بێگومان، ئەمەش بۆ دروستنەبوونی گێژاوە لەناو پۆلدا، چونکە پاراستنی بێدەنگی ئەرکی هەموانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساکانی کارکردن.
٥. دوای ئەوەی هەر گرووپێک لە کارەکەی دەبێتەوە دیبەیتێک بۆ کارەکان ڕێکدەخرێت و هەر گرووپێک کەسێک ڕادەسپێرێت، تا لەسەر کارە هونەرییەکە قسە بکات.
٦. لە کۆتاییدا هەموو کارەکان لەپۆلدا نمایش دەکرێن (پێشانگەی پۆل ڕێکدەخرێت).

## ئامانجی ئەم وانەیە

١. وا لە خوێندکار دەکات لە بەهای کاری هونەری تێبگات و هەر پێی وانەبێت کاری پەیکەرسازی هەربە شێوە هەڵچنینە ئەکادیمییەکە دەکرێت، بەڵکو دەتوانرێت شێوازی جیاواز بەکاربهێنرێت بۆ کاری پەیکەرسازی هەروەک چۆن لە پۆلەکانی بنەڕەتیدا کاری پێکردووە.
٢. خوێندکار جارێکی تر خۆی ڕێکدەخاتەوەو ئاستی کارەکانی بەرزتر دەکاتەوەو هێزی هونەرییان پێدەبەخشێت.
٣. توانای خەیاڵبازی فراوانتر دەکات و باشتر لەجاران بیردەکاتەوە.

## چالاکی دووەم

لە چالاکی دووەمدا مامۆستا داوا لە گرووپەکان دەکات هەر تاکێک لەناو گرووپەکاندا کاری سەربەستی خۆی ئەنجام بدات و دواتر لە ناوگرووپەکەدا بەشێوەی پرۆژە نمایش دەکرێت. واتە بۆ نموونە ئەگەر گرووپێک (٦) کەس بێت ئەوا شەش کار ئەنجام دەدەن و دواتر بەیەکەوە لەناو گرووپەکەدا نمایشی دەکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:







١. مەرج نییە کارەکان گەورەبن.
٢. خوێندکار ئازادە چی دەکات.
٣. مەرج نییە کارەکە بنکەی هەبێت.
٤. دەتوانن مورو، یان نقیمە، یان هەرشتێکی تر بەکاربهێنن، بەومەرجەی بچێتە خزمەتی کارەکەوە.
٥. تەنها تیملیدەر دەتوانێت پەیوەندی بە مامۆستاوە بکات.
٦. پێویستە دوای تەواوبوون گرووپەکە نمایشی کارەکەی بکات و کورتەیەک لەسەر پرۆژەکەی بخاتەڕوو.

### ئەرکی ماڵەوە

مامۆستا داوا لە تیملیدەرەکان دەکات کارێک لە چوارچێوەی پرۆژە لەناو گرووپەکانیاندا ئەنجام بدەن. واتە پێشوەخت لە خوێندنگە لەسەر پرۆژەیەک ڕێککەوتبن و دواتر جێبەجێی بکەن.

## چالاکی سێیەم



لەم چالاکییەدا خوێندکار ئازاد دەکرێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ واتە سەرەتا مامۆستا چەند وێنەیەک، یان چەند کارێکی هونەری بۆ خوێندکارەکان نمایش دەکات و شێوازی کارکردنیان لەلایەن مامۆستاوە بۆ ڕوونەکرێتەوە. ئیدی دواتر خوێندکار هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو کەرەستانە دەدات، کە خۆی بەلایەوە پەسەندە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:



١. پێویستە کارەکە سێ ڕەهەندی بێت.
٢. پێویستە، تا ئەوپەڕی جوانی کاری پوختی و ڕێکی و خاوێنی تێدا ڕەچاوکرابێت.
٣. گوزارشت لە شتێک بکات.
٤. کەرەستەی بەکارهاتوو ئازادە.



لێرەدا چەندین پڕۆژەی هونەری جۆراوجۆر لەو بوارە دەخرێتەڕوو، تا مامۆستاش وەک پێشنیار بیانخاتە بەرچاوی خوێندکارەکان و دواتر خۆی ئازادە چی دەکات؟ بەڵام پێویستە ئەم کارە لە ماڵەوە ئەنجام بدرێت.
وانەی دواتر کارەکان پێکەوە لە پێشانگەی پۆل نمایش دەکرێن و خوێندکاریش دەتوانێت قسە لەسەر کارەکەی بکات.

## یەکەم کاری پێشنیارکراو (پۆرترێت)


لــەم کــارە پێشــنیارکراوەدا خوێنــدکار کــارتۆن بــەکاردەهێنێت بــۆ دروستکردنی کارێکی هونەری لەسەر شێوازی هاوچەرخ. واتە خوێندکار پابەند ناکرێت بە هەندێک یاساو ڕێسای کارکردنی ئەکادیمییەوە، بەڵام مەرجە کارەکە پوخت و ڕێک و خاوێن بێت و بنەماکانی نەخشەکێشانی تێدا ڕەچاوکرابێت. بۆ نموونە هاوسەنگی.



## دووەم کاری پێشنیارکراو (کارتۆن، وەک یەکەی کاری هونەری)

لەم کارە پێشنیارکراوەدا مامۆستا پشت دەبەستێت بە کارتۆن، تا خوێندکار بتوانێت وەک یەکەیەکی کاری هونەری ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بتوانێت شێوەی جیاوازی پێدروست بکات، بەومەرجەی شێوەکان ڕووبەرز، یان خڕبن، وەک لە نموونەکاندا دیارە.

مامۆستا لەڕێگەی داتاشۆوە نموونەکان دەخاتەڕوو، لە شێوەی پێشنیار دەیخاتە بەرچاو، دواتر گفتوگۆ لەسەر کارەکان دەکەن.
















شایانی باسە، خوێندکار لەم تەمەنەدا هەوڵدەدات ئەو کارەی ئەنجامی دەدات باش و پوخت و خاوێن بێت، بەڵام مەرجە مامۆستاش هاوکارو پشتیوان بێت، چونکە ئەرکی مامۆستایە ڕێنمایی بدات و نابێت وا بیربکاتەوە، مادام ئەوانە گەورەن، واتە دەزانن کاربکەن، نەخێر ئەم بۆچوونە هەڵەیەو پێویستە هەموو کاتێک ڕێنمایی و زانیاری بە خوێندکاران بدرێت، تا ئەنجامی باش و تاقیکردنەوەی بەسوود ئەنجام بدەن.


## زانیاری نوێ

لەگەڵ خستنەڕووی وانەکەدا مامۆستای وانە دەتوانێت هەندێک زانیاری پێویست لەکات و ساتی خۆیدا بخاتە ڕوو، تا خوێندکارەکان بتوانن زانیاری وانەکە ببەستنەوە بە زانیارییە تازەکە، کە ئەمەش هاوسەنگی لەنێوان هەردوو بابەتدا دروست دەکات و خوێندکاریش بەرکەوتەی لەگەڵ زانیارییە دەرەکییەکان پەیدا دەکات، وەک ڕێبازی کوبیزم.

ڕێبازی کوبیزم، یان «ئاوێنەی شکاو» یەکێکە لە ڕێبازە هونەرییەکان و جۆرێک لە شێوەی تێکشکاوی ڕووتکراوە دەبینرێت، کە ئەم شێوە کارکردنەش لە ساڵی (١٩٠٨) لەلایەن هەردوو هونەرمەندی جیهانی «پاپلۆ بیکاسۆ» و «جۆرج براک»ەوە کاری پێکراوەو داهێنراوەو دواتریش گەشەی پێدرا.

لە ڕاستیدا ئەم هونەرە، هونەرێکی ڕووتەڵەکییە و دیمەنی بابەتەکانیش شێوازێک لە نەخشەسازی لەخۆگرتووە، کە لە سروشتەوە، یان لە وێنەی زەینی و شتی ترەوە وەرگیراوە. ئەم ڕێبازە پشت بە خەیاڵ و نامۆیی و ئازایەتی هونەرمەند دەبەستێت و لەهەمانکاتیشدا پشت بە هەستکردن بە جوانی و چێژو زانینی وێنەکێشان و هەستی دراماو توانای پێکهێنان و بیناکردن دەبەستێت.

بڕوانە ئەم پێگەیە: kubisme art





دوو کاری هونەرمەند پاپلۆ بیکاسۆ


مامۆستای وانە، لەڕێگەی داتاشۆوە هەندێک تابلۆو کاری هونەرمەندانی کوبیزم نمایش دەکات و دواتر لەڕێگەی پرسیارکردنەوە گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکارەکان دەکات و ڕاوو سەرنجیان وەردەگرێت، ئەمەش زیاتر بۆ ئاشناکردنیانە لەسەر شێوازی کاری ئەم ڕێبازە هونەرییە.























چەند کارێکی
کوبیزمی

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** لە خشتەکە دیاریکراوە
**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

پێویستە مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەدا چاودێری خوێندکارەکان بکات ودوای تەواوبوونی وانەکەش ئەم خشتەیە پڕبکاتەوە، تا بەشێوەیەکی گشتی ئاست و توانا کارامەییەکانی خوێندکاران هەڵبسەنگێنێ.

**تەوەر:** **وانە:**

| ژ | ئامرازی جێبەجێکردن | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا گروپەکان دەتوانن کەرەستە بەدەستبهێنن؟ | | |
| ٢ | گروپەکان ناتوانن لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن. | | |
| ٣ | خوێندکار لە مەبەستی کار تێدەگات. | | |
| ٤ | دەتوانن کەرەستەو شمەکە هونەرییەکان بەکاربهێنن. | | |
| ٥ | ناتوانن بەشێوەیەکی وردو پوخت کاخەزو کارتۆن ببڕن. | | |
| ٦ | ئایا بەدوای بیرۆکەی نوێدا دەگەڕێن؟ | | |
| ٧ | ئایا بیرۆکە لەیەکتر وەردەگرن؟ | | |
| ٨ | ئایا دەتوانن لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کارەکە تەواو بکەن؟ | | |
| ٩ | ئایا گروپەکان بەئاسانی ئاڕاستە دەکرێن؟ | | |
| ١٠ | ئایا ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکەیان دەبن؟ | | |
| ١١ | ئەرکی ماڵەوە جێبەجێ دەکەن. | | |
| ١٢ | لە واتای دەستەواژەکان تێدەگەن. | | |

### ئەرکی مامۆستا

پێویستە مامۆستای وانەکە لە کۆتاییی هەر وانەیەکدا ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات و لە کۆتاییشدا هەڵسەنگاندنەکە لە فایلێکدا هەڵدەگرێت.

**مامۆستای وانە:** **ڕۆژ:** / /

## وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: لکاندن و لێکبەستن

وانە: دروستکردنی کارتی پیرۆزبایی

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### ئامانج لەم وانەیە

دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ بەمەبەستی دروستکردنی کارتی پیرۆزبایی بۆ ئەوکەسانەی خۆشمان دەوێن. جا ئەم کارتانە بەشێوەی دیاری پێشکەش دەکرێن و وەک یادگاری لە بیرەوەریدا دەهێڵدرێنەوە و جۆرێک لە پەیوەندی خۆشەویستی پەرەپێدەدات.

### خستنەڕووی بابەت

مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات قوماشی مەتاتی ئامادەبکەن، لەگەڵ ئەم کەرەستانە: مقەست، سیکۆتینی ڕوون، قردێلەی ڕەنگاوڕەنگ، لبادی ڕەنگاوڕەنگ، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، دەزووی ڕەنگاوڕەنگ.

هەروەها خوێندکارەکان دەتوانن لەکاتی کارکردن، یان لەپێش کارکردندا کەرەستەو شمەکەکانیان بەپێی پێویست لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە، تا فرەیی و جۆراوجۆری لە کەرەستەکاندا ڕووبدات و لەڕووی خەرجیشەوە داهات بۆ خوێندکار بگەڕێتەوە.

### شێوازی کارکردن

١. خوێندکار دەتوانێت بە گروپ کار بکات و لەناو گروپەکەیدا لەسەر نەخشەسازییەک ڕێک بکەون و دواتر لە پرۆژەیەکدا بیخەنە ڕوو.
٢. خوێندکار دەتوانێت بەتەنیا کار بکات و خۆی نەخشەسازی بۆ کارەکانی ئەنجام بدات.
٣. مامۆستا ڕێنمایی بە گروپ، یان بە خوێندکار دەدات و لە هەڵەکانیان ئاگاداریان دەکاتەوە، بەڵام دەست لەکاروباریان وەرنادات.
٤. پێویستە کارەکان خاوێن و پوخت و ڕێک بن.

## نموونەی چالاکییەکان

مامۆستای وانەکە ئەم وێنانە لەڕێگەی داتاشۆوە بۆ خوێندکارەکان نمایش دەکات و دواتر لەسەر شێوازی کارکردن زانیاری پێویستیان پێ دەدات.
دواتر ئەرکی ماڵەوە بە خوێندکارەکان دەسپێرێت.














## وانەی سێیەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: لکاندن و لێکبەستن

وانە: تێکەڵکردنی ڕەنگ و کەرەستەی جیاواز Mix

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

### ئامانج لەم وانەیە

مامۆستا هەوڵدەدات پشت بە بیرۆکەی خوێندکارەکان ببەستێت و توانا کارامەییەکانیان تاقیبکاتەوە. ئیدی لێرەوە جارێکی دی خوێندکار هەست بەتوانا بەخۆزانییەکانی دەکات و هەستی هاریکاری باشتر جێدەگرێت.



ڕەنگکردنی دیمەنێکی نەخشەبۆکێشراو     وێنەی 1




لکاندن و ڕەنگکردنی شێوەیەکی دیاریکراو     وێنەی 2

### خستنەڕووی بابەت

سەرەتا مامۆستا بیرۆکەی کارەکە بۆ خوێندکارەکان ڕوون دەکاتەوە بەمجۆرە:


١. دابینکردنی کارتۆن، مقەست، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، کەتیرەی وشک، ماجیک، وێنەو دیمەنی جۆراوجۆر (گۆڤاری ماوە بەسەرچوو).

٢. خوێندکارەکان شێوەیەک لەسەر کارتۆنەکە دەکێشن و دواتر بە مقەست دەیبڕن و شێوەکە دەردەهێنن. بۆنموونە کەللەسەری مرۆڤ، یان هەرشتێک خوێندکار ئارەزووی بکات.

٣. بە ماجیکەکە بەشێک لە دیمەنەکە ڕەنگ دەکەن (وێنەی ١) و دواتر دیمەن و وێنە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی هونەری و هاوسەنگ دەلکێنن بە کارتۆنەکەوە، وەک (وێنەی ٢).

## ئەرکی ماڵەوە

مامۆستای وانەکە دوای ئەوەی چەند دیمەنێکی ئامادەکراوی کاردەستی خۆی بۆ خوێندکارەکان نمایش دەکات و دواتر لە ڕێگەی داتاشۆوە چەند تابلۆیەکی هونەری پیشان دەدات، ئەوا خوێندکاران ڕادەسپێرێت نەخشەسازی بۆ کارێکی هونەری بکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێکهاتەکانی نەخشەسازی و بنەماکانی نەخشەسازی، تا کارێکی هونەری دەربچێت، وەک ئەم نموونانەی نمایش کراون. (مەرج نییە ئەوانە کۆپی بکرێنەوە، بەڵکو مەرجە خوێندکار پشت بەتواناکانی خۆی ببەستێت).






پێویستە مامۆستا بەرلەوەی ئەرک بداتە خوێندکارەکان، چەند کارێکی ئامادەکردبێت و ئەم کارانەش بچنە خزمەتی بیرۆکەی خوێندکارەکانەوە، تا بزانن چی دەکەن؟ چۆن دەکەن؟ بەچی دەیکەن؟

## زانیاری نویٚ


ڕێبازی سوریالیزم Surrealism، ئەم ڕێبازە دوایین وێستگەی خولقێنەرەکانە لەنێو هونەری مۆدێرندا. هەروەها چەمکی سوریالیزم جەنگێکە دژی ئەو یاساو ڕێسایانەی، کە هزری مرۆڤی دەخنکاند. ئیدی بۆئەمەش پێویست بوو جارێکی دی واز لە ڕاستیگەرایی بێنن و خۆیان لە چاودێری ئەقڵی ڕزگار بکەن و بە هەمان شێوە خۆیان لەهەموو فەرمانێکی



ئاکاری و ئایینی و ستاتیکی قوتار بکەن و پەنا بەرنە بەر ئاڵۆزی خەیاڵ و ئەفسونی خەونی بەرفراوان و هەوڵ بدەن بەهۆی خەیاڵەوە جیهانێکی بابەتی دابمەزرێنن، کە مەنتیقی بێهودەیی زاڵە بەسەریدا. هەروەها ڕێبازی سوریالی تەنها بزاڤێکی هونەری نییە، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا بزاڤێکی ئەدەبیشەو لە زۆربەی دۆخەکانیشدا کاریگەری هەبووە لەسەر دەربڕینخوازە هونەرییەکان.

لەهەمانکاتیشدا نیگارکێشانی ئەو بیرو ئەندێشە سەیرو خەیاڵیانەیە، کە لە خەون و خەیاڵی هونەرمەندەکەو لە جیهانی ناوەوەیدا هەستی پێدەکات، کە سوودیان لە زانستە دەروونییەکان وەردەگرت بەبێ ئەوەی حساب بۆ بارە سروشتیەکانی بکەن، کە ڕەشبینی و قوولیەکی ئاڵۆز دەبینرێت لە بەرهەمەکانیانداو هەندێک لە هونەرمەندەکانیشی شتە واقیعیەکانیان لە داڕشتنێکی ناواقیعیدا دادەڕشتەوەو لە بووندا نەدەبینران. ئەم ڕێبازە بۆ یەکەمجار «ئەندرێ بریتۆن» لە شیعردا بەکاریهێنا، پاشان لە نیگارکێشان و بەشە هونەریەکانی تردا و لە دوایشدا بە هەموو جیهاندا بڵاوبۆوەو لە گرنگترین هونەرمەندەکانی ئەم ڕێبازەش بریتی بوون لە:

«ماکس ئارنست، هانز ئارپ، پۆل کلی، خوان میرۆ، بیکاسۆ، سلڤادۆر دالی...». بڕوانە ئەم پێگە ئەلکترۆنییە: surrealism art



چەند دیمەنێکی جووڵە سوریالی هونەرمەندی جیهانی سلڤادۆر دالی

دوای ئەوەی مامۆستا لەبارەی هونەری میکسکردن زانیاری دەداتە خوێندکارەکان، ئەوا لەهەمانکاتیشدا بە شێوەی لێکبەستن و تێکەڵکردنی زانیارییەکان لەگەڵ هونەری سوریالی کۆمەڵێک زانیاری نوێ دەدات بە خوێندکارەکان، وەک: سوریالییەکان چۆن کاریان کردووە؟ بیروباوەڕیان چۆن بووە؟ لەکارەکانیاندا چ بابەتێک زۆرتر ڕەنگی داوەتەوە؟ ئاستی خەیاڵبازییان چۆن بووە؟ جا مامۆستا ئەم دیدە نوێیە بە خوێندکارەکان ئاشنا دەکات و دواتر داویان لێدەکات ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن.



چەند تابلۆیەکی سوریالی

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** لە خشتەکە دیاریکراوە
**ئامرازی** هەڵسەنگاندن: خشتەی هەڵسەنگاندن

لێرەدا مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ وانەی دووەم و سێیەم دەکات و جیاوازییەکانیان دەخاتە بەرچاو لەگەڵ شێوازی ڕەفتارکردن.

**تەوەر:** **وانە:**

| ژ | ئامرازی هەڵسەنگاندن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | توانای دانانی بیرۆکەی نوێیان هەیە. | | | |
| ٢ | بیرۆکە بۆیەکتر پێشنیار دەکەن. | | | |
| ٣ | نەرمونیانی دەنوێنن لە دۆزینەوەی چارەسەرو بیرۆکەی جێگرەوەدا. | | | |
| ٤ | ڕەخنەگرتن پەسەند دەکەن. | | | |
| ٥ | وردەکارن لە هونەری لکاندندا. | | | |
| ٦ | داهێنان دەکەن لە نەخشەسازیدا. | | | |
| ٧ | چێژی هونەری بەکارەکە دەبەخشن. | | | |
| ٨ | لە چەمک و دەستەواژەکان تێدەگەن. | | | |
| ٩ | جیاوازی دەکەن لەنێوان شێوەی کوبیزم و شێوەی سوریالیدا. | | | |
| ١٠ | دەتوانن ڕەنگە جیاوازەکان پێکەوە بگونجێنن و پلەی ڕەنگی دروست بکەن. | | | |

### ئەرکی مامۆستا

پێویستە مامۆستای وانەکە لە کۆتاییی هەر وانەیەکدا ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات و لە کۆتاییشدا هەڵسەنگاندنەکە لە فایلێکدا هەڵدەگرێت.

**مامۆستای وانەکە:** **ڕۆژ:** / /

## وانەی چوارەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: لکاندن و لێکبەستن

وانە: مۆزائیک mosaic

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

---

### پێشکار

سەرەتا مامۆستا کورتەباسێکی مێژوویی لەبارەی هونەری مۆزائیک بۆ خوێندکارەکان باس دەکات، کە لە کۆنەوە مرۆڤ کاری مۆزائیکی کردووە، وەک سۆمەری و بابلی و ئاشوورییەکان خشتی سوورکراوەیان بۆ ڕووپۆشکردنی ژوورو ڕاڕەوەکان بەکارهێناوە. هەروەها میسرییە کۆنەکانیش بەردی جۆراوجۆریان بۆ داپۆشینی ڕێگاو کۆشک و تەلارەکان بەکارهێناوە، تا دەگاتە یۆنانی و ڕۆمەکان، ئنجا ئەم هونەرە گواسترایەوە بۆ ڕازاندنەوەی کۆشک و تەلارەکان و دیمەنی جۆراوجۆریان پێدروستکرد، وەک ڕازاندنەوەی کەنیسەکان لەسەردەمی ڕۆمەکانیشدا بە وێنەی مەسیح و مریەم و دروستکردنی کەشی ئاییني جۆراوجۆر لەڕێگەی شووشەو بەردی گرانبەهای ڕەنگاوڕەنگەوە.

### خستنەڕووی بابەت

دوای ئەوەی مامۆستا کورتەباسێکی پێشکەشکرد، ئنجا شێوازی کارکردن بەوشێوازە بۆ خوێندکارەکان ڕوون دەکاتەوە، وەک دەتوانرێت کاری مۆزائیک بەم کەرەستانە بکرێت: «شووشە، مورو، کاشی، بەرد، کەلا (هەڵمات)...»، جا ئەگەر ئەم کەرەستانە ڕەنگاوڕەنگ بوون باشترە، ئەگەرنا پێویستە ڕەنگ بکرێن و دواتر بلکێنرێت بەو بنکەیەی بۆی ئامادەکراوە.

کەرەستەی بەکارهاتوو:

١. شووشە، مورو، کاشی، بەرد، کەلا، نقێمە... (بڕوانەی وێنەی ٣)



کەرەستەی بەکارهاتوو لە مۆزائیکدا

وێنەی 3

٢. سیکۆتین، یان هێلم (غەڕە)، چیمەنتۆی سپی.
٣. چوارچێوەیەکی دروستکراو لە تەختە.
٤. ڕەنگی تۆزی جۆراوجۆر.
٥. پلایس، یان گازی تایبەت بۆ شکاندنی شووشەکان.
٦. فڵچە بۆ بڵاوکردنەوەی هێلمەکە لەسەر ڕووی تەختەکە.

## ئامانجی وانەکە

١. دەستەواژەو بیرۆکەی نوێ فێربن.
٢. بتوانن کارێکی هونەری بەشێوەیەکی سادە بە مۆزائیک ئەنجام بدەن.
٣. شوێنکارەکەی خۆی بەپاکوخاوێنی ڕابگرێت.

دەستەواژەی وانەکە

مۆزائیک، مۆزائیکی زەوی، مۆزائیکی دیواربەندی، چیمەنتۆی سپی

## خۆپارێزی

١. لەکاتی کارکردندا دەستکێش لەدەست بکەن.
٢. وریابن لەکاتی شکاندن و پارچە پارچەکردندا.
٣. لەکاتی پارچەکردنی بەردو شووشەدا چاویلکە لەچاو بکەن.

## خستنەڕووی زانیاری

سەرەتا مامۆستا جۆرەکانی مۆزائیک بۆ خوێندکارەکان ڕووندەکاتەوە بەوەی، کە هونەری مۆزائیک دەکرێت بە دووبەشەوە:

یەکەم: مۆزائیکی زەوی/ ئەمجۆرە مۆزائیکە بۆ ڕووپۆشکردن و جوانکردنی هۆڵ و ڕاڕەوەکان لە ڕێگەی بەردی مەرمەڕی فرە ڕەنگ و جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت. هەروەها زیاتر نەخشی گیایی و ئەندازەیی و ئاژەڵی بەکاردەهێنرێت و خۆدەپارێزرێت لە بابەتی ئایینی.

دووەم: مۆزائیکی دیواربەندی/ ئەمجۆرە مۆزائیکی بۆ ڕازاندنەوەی دیوارو کۆڵەکە بەکاردەهێنرێت لەڕێگەی شووشەی ڕەنگاوڕەنگەوە.

## یەکەم هەنگاوی مامۆستا بۆ کارکردن

١. دروستکردنی چەند گرووپێک لەناوپۆلدا.
٢. چەند کارێکی مۆزائیکی لەڕێگەی داتاشۆوە نمایش دەکات.

## هەنگاوەکانی کارکردن

١. داوا لە خوێندکارەکان بکە بەردی پانکیلەو خڕی ڕەنگاوڕەنگ کۆبکەنەوە.

٢. کۆکردنەوەی کەلا، یان قۆپچەو نقێمەی ڕەنگاوڕەنگ.

٣. ئەگەر ئەوانەش نەکرا دەتوانرێت شووشەی ڕوون بۆیە بکرێت بە ڕەنگی جۆراوجۆرو دواتر بە پلایس بشکێنرێن، یان بەکارهێنانی کاشی ئامادەی تایبەت بە کاری مۆزائیک. (وێنەی ٤)



کاشی و شووشەی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە مۆزائیک وێنەی 4

٤. ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی تەختە، تا کارەکەی لەناودابنێین.

٥. نەخشێک هەڵدەبژێردرێت بۆ کارکردن. واتە هەرگروپەو کارێک ئەنجامدەدات. (وێنەی ٥)



هەر گروپێك نەخشەسازییەك بۆ کارەکەی دەکێشێت وێنەی 5


٦. دوای نەخشەسازییەکە ئەندامانی گروپ ڕێکدەکەون چۆن ڕەنگەکان دابەش بکەن بەسەر شێوەکەدا؟ ئنجا دەستدەکەن بە کارکردن.

٧. لە قاپێکدا هێلم خۆشدەکرێت بەئاو، دواتر بەفڵچە لەسەر شوێنە دیاریکراوەکە دەدرێت هەنگاو بە هەنگاو لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

٨. دواتر شووشە، یان کاشییەکە لەسەر هێلمەکە جێگیر دەکرێت.
٩. دوای وشکبوونەوە (رۆژێک دواتر) چیمەنتۆی سپی بۆ دەگیرێتەوەو بەسەر کارەکەدا دەکرێت بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەلێن و درزەکان، ئنجا بە پارچە قوماشێکی وشک دەتوانرێت چیمەنتۆ زیادەکە بسڕێتەوەو تابلۆکە پاک بکرێتەوە.

## بیرۆکەی کارکردن

پێویستە مامۆستا گروپەکان سەرپشک بکات لە شێوازی هەڵبژاردنی کاری هونەری، چونکە ئەوە گروپەکانن کارەکە جێبەجێ دەکەن. جا ئەگەر مامۆستا بتوانێت لەپێش چاوی گروپەکان کارێک ئەنجام بدات و تابلۆیەک ساز بکات، ئەوا بێگومان دەبێتە جێگەی تێڕامانی باشتری خوێندکارەکان و دواتر خوێندکارەکان ڕابسپێرێت بۆ کاری هاوبەش، چونکە خوێندکار باشتر لەمەبەستی داواکاری مامۆستا تێدەگات و دواتر دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ هەروەها چۆن جێبەجێی دەکات؟ کە ئەمەش مەبەستی کارەکەیە.



کارێکی مۆزائیکی لە شووشە دروستکراو

نموونەی چەند کارێکی مۆزائیکی:



## خستنەڕووی نموونەکان

دوای ئـەوەی مامۆسـتا ئـەم کـارە هونەرییانـە بـۆ خوێنـدکاران لەڕێگـەی داتاشۆوە نمایش دەکات، ئەم پرسیارانە ئاڕاستە دەکات:

١. ئەو کەرەستانە چین، کە لەکاری مۆزائیکدا بەکاردێن؟
٢. مۆزائیک چییە؟
٣. سوودی مۆزائیکی سەرزەوی چییە؟

## لێکبەستن و پێکگرتن

مامۆستای وانەکە بەبیر خوێندکارەکانی دەهێنێتەوە، کە لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەت- تەوەری دووەم- وانەی حەوتەم کاری مۆزائیکی ئەنجام داوە، وەک ئەم نموونانە:



**ئایا دەتوانن ئەمکارە ئەنجام بدەنەوە؟**

# هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** لە خشتەکە دیاریکراوە
**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

مامۆستا سەرنج دەداتە ڕەفتارو کاری خوێندکارەکان.

**تەوەر:** **وانە:**


| ژ | ئامرازی هەڵسەنگاندن | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا دەتوانن سوود لە بیرۆکە کۆنەکان وەربگرن؟ | | |
| ٢ | ئایا دەتوانن کەرەستەکان Mix بکەن؟ | | |
| ٣ | ئایا دەتوانن ڕێکی و پوختی و پاکی لەکارەکەیاندا پەیڕەو بکەن؟ | | |
| ٤ | ئایا توانیویانە سوود لەکەرەستەی بەکارهاتوو وەربگرن؟ | | |
| ٥ | ئایا لەکاتی کارکردندا بیرۆکەی نوێی بۆدێ؟ | | |
| ٦ | کەرەستەکانی بڕین و شکاندن بەوریایی بەکاردەهێنن؟ | | |
| ٧ | ئایا ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکەیان دەکەن؟ | | |
| ٨ | ئایا ڕەچاوی ئاسایش و خۆپاریزی دەکەن؟ | | |

## ئەرکی مامۆستا

پێویستە لەسەر مامۆستا دوای هەڵسەنگاندن، خشتەی هەڵسەنگاندنەکە دیکۆمێنت بکات.

**مامۆستای وانەکە:** **ڕۆژ:** / /

# تەوەری چوارەم




# هونەری ئەبرو Ebru Art

## پێشکار

لەم تەوەرەدا هونەری ئەبرو دیاریکراوە، تا خوێندکار لەم پرۆگرامەدا، وەک دوا بابەت بیخوێنێت. ئیدی ئەرکی مامۆستایە یەکەم، زانیاری پێویست لەسەر ئەو هونەرە بداتە خوێندکارو دووەمیش، پێویستە مامۆستا هەموو پێداویستییەکی کارکردن دابین بکات بۆ وانە کردارەکییەکە.

## کورتەباسێک

وەک ئاشکرایە بۆیەکەمجار میسرییە کۆنەکان توانیان کاخەزی پاپیرۆس دروستبکەن و دواتریش چینییەکان توانیان کاخەزی ڕاستەقینە لە ساڵی (١٠٥پ.ز) دروست بکەن و ئەو بارگرانییە لەکۆڵ نووسەران و خوێنەران بکەنەوە، چونکە کاخەز سووک و ئاسان بەکاردەهات. ئیدی دواتر چینییەکان بۆیەکەم جار دەرمانیان لەکاخەزدا، تا مێروو و مۆرانە لەکاخەزەکە نەدەن و تەمەندرێژبێت و لەهەمانکاتیشدا پارێزراوبێت، کە ئەمەش بەیەکەم جۆری ڕەنگکردنی کاخەز دادەنرێت لەمێژوودا.

هەروەها دواتر میللەتانی ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەت لە سەردەمی خێزانی تەیموری لە شاری هیرات (ئەفغانستانی ئێستە) توانیان کاخەزەکانی نووسینیان بۆیە بکەن و دواتریش لەڕێگەی بازرگانییەوە گواسترایەوە بۆ لای تورک و فارس و تاجیک و هیندو یابانییەکان جۆرێک لە هونەری ئەبرویان داهێنا. شایانی باسە، هونەری ئەبرو بەمەبەستی جوانکردنی ڕووپۆشی کاخەزی نووسین بەکاردەهات، یان وەک ڕووپەڕی ڕازاوەی نێو کتێبەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. هەروەها تورکەکان توانیان گەشە بەو هونەرە بدەن و بیکەنە پاشینەی بابەتە خۆشنووسەکانیان و دواتریش میللەتانی ئێران بەبایەخەوە لەو هونەرەیان ڕوانی و جۆرێک وەک پاشینەی کاری خۆشنووسین بەکاریان هێناو مامەڵەیەکی مینیاتۆریان لەگەڵدا کرد، کە ئەمەش بە جوانترین جۆرەکانی ئەم هونەرە دادەنرێت لەو بوارەدا، بەڵام تورکەکان بایەخی زۆرتریان پێداو تا ئێستەش وەک هونەرێکی سەربەخۆی کاری جوانکاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هونەرمەندان پەرەی پێدەدەن، وەک یەکەیەکی کاری هونەری.

**بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بگەڕێوە بۆ کتێبی هونەری گرافیک و هونەری ئیسلامی، لە نووسین و لێکۆڵینەوەی خەلیل عەلی.**

تەوەرە: هونەری ئەبرو

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت

سەرەتا مامۆستای وانەکە کورتە باسێک لەبارەی «هونەری ئەبرو»[٢٦] باس دەکات و دواتر ئەو کەرەستەو پێداویستییانەی گرنگن بۆ کارکردن دەخاتە بەردەست خوێندکارەکان، بەڵام پێویستە سەرەتا مامۆستا باسی بەهای جوانی ئەم هونەرە بکات و چەند نموونەیەکی ئامادە لە پۆلدا نمایش بکات.

## کەرەستەو پێداویستی

١. تەشتێکی گەورە، یان سینییەکی قووڵ، یان تەشتێکی تایبەتی دروستکراو لە زنگ بۆ ئەو مەبەستە.

٢. کاخەزی سپی قەبارە (A4) کە بە کاخەزی ئارت ناسراوەو لووسە.

٣. قامیش (قەسەب)، یان فڵچەی باریکی ڕەق.

٤. ترومپای قەترە (وەک ترومپای قەترەی چاو).(وێنەی ١)




ترومپیاو بۆیەی ئەبرو    وێنەی 1

[٢٦] ئەبرو، (ئەبر) لە بنەڕەتدا وشەیەکی فارسییە بەواتای هەورو غوباردێت و (ئەبرو)ش بەواتای برۆی سەرچاو دێت. هەروەها هونەری نیگارکێشانی سەرئاویشی پێدەگوترێت. بە تورکی و کوردیش هەر واتای برۆیە. هەروەها تورکەکان ئەم دەستەواژەیەش بۆ کاخەزی پێچانەوەی دیاری بەکاردەهێنن. هەروەها بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان مێژوونووسان پێیان وایە پێش هەزار ساڵ لەلایەن بازرگانەکانەوە ئەم هونەرە لە تورکمانستانی باکوری چین دۆزراوەتەوەو دواتر لەڕێگەی بازرگانییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و دواتر گەیشتۆتە میللەتای ئێران و لەوێشەوە هەر لەڕێگەی بازرگانەکانەوە گواستراوتەوە بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. (خەلیل عەلی)

٥. بۆیەی تایبەت بە هونەری ئەبرو. واتە بۆیەیێک بێت بە ئاو بتوێتەوە (تۆزبێت)، بەڵام لەناو ئاوەکەدا لێکهەڵنەوەشێت (بڵاونەبێتەوە). جا لەبەرئەوە بۆیەی گیایی، یان کیمیایی بەکارناهێنرێت. بۆیەی ئامادەش لەبازار چنگ دەکەوێت. (وێنەی ٢) هەروەها دەتوانرێت بۆیەی چاپخانەش بەکاربهێنرێت و بە تەنەر شل بکرێتەوە، ئنجا بخرێتە سەرئاوەکەو بە تێلێک، یان بە فڵچەیەکی ڕەق بە نەرمی یاری پێبکرێت. (وێنەی ٣)



بۆیەی ئامادەی ئەبرو وێنەی 2



بڵاوکردنەوەی بۆیە لەسەر ئاو وێنەی 3

٦. ئـاو (ئـاوی قـورس)، بـەڵام پێویسـتە ئاوەکـە «تـۆوی کـەتان» و «بەهێ»ی تێبکرێت لەگەڵ زەیتی سابونی ڕەقی، کە بە ‹زەیتی غار› ناسـراوەو بۆمـاوەی (١٢) کـاتژمێر بەجێبهێڵـدرێت بـۆ ئـەوەی ئاوەکـە قورس بکات و جار جارەش بەنەرمی تێکوەردەدرێت.

## شێوازی کارکردن

دوای ئەوەی مامۆستای وانەکە کەرەسـتەو شـمەکەکانی ئامادەکردووە بۆ کارکردن، ئنجا خـۆی هـەنگاوەکانی کـارکردن لەبـەرچاوی خوێندکارەکان ئەنجام دەدات بەم شێوەیە:




دانانی ڕەنگ لەسەر ئاوو دواتر یارییێکردنی لەڕێگەی فلچەی تایبەتەوە وێنەی 4

١. سەرەتا بۆیەکە دەگرێتەوەو لەڕێگەی ترومپاوە بەپێی ئەو نەخشـەیەی ئامادەی دەکات ڕەنگەکان دروست دەکات. (وێنەی ٤)
٢. دوای ئەوەی بۆیەکە لەناو ئاوەکەدا بڵاودەکاتەوەو شـێوەیەکی جوانی هونەری لێدروست دەکات، ئنجا کاخەزە ئاڕتە[٢٧] تەنکەکە بۆماوەی (٥

[٢٧] کاخەزی ئاڕت، کاخەزێکی لووسی شێوە چەورە بۆ چاپکردنی ڕەنگاوڕەنگ بەکاردێت و ناخوسێتەوەو ڕەنگەکان وەک خۆی دەپارێزێت و بەهایان لەدەست نادات.

بـۆ ٦چركـه) بەهێواشـی دەخاتـە سـەر ئاوەكـەو هـەر بەهێواشـی و بەنـەرمی لەگۆشـەیەكەوە كاخەزەكـە بـەرزی دەكاتـەوە بێئـەوەی بـەر لێواری سینییەكە، یان تەشتەكە بكەوێت. (وێنەی ٥)



شێوازی بۆیەكردن و نەخشاندن و چاپكردن لە هونەری ئەبرودا    وێنەی 5

٣. دوای چـاپكردن و لـەئاودەرهێنان پێویسـتە كاخـەزە چاپكراوەكـە ڕابخرێـت لەسـەر قوماشـێك، یـان هێڵـەكێك تـا بۆیەكـە نەشـێوێت و نەچۆڕێتەوە. (وێنەی ٦)



دانای كاخەزی چاپكراو لەسەر هێڵەكی ئامادەكراو، تا بۆیەكە نەچۆڕێتەوە    وێنەی 6

٤. هـەروەها دەتوانرێـت جگـە لـە کاخـەز ئـەم جـۆرە چاپکردنـە لەسـەر شـمەکی تـریش ئـەنجام بـدرێت، وەک گـۆزە، دیـزە، گوڵـدان، یـان هەرشتێک خۆت پێت باشبوو. (وێنەی ٧)



دەتوانرێت لەسەر شمەکی تریش چاپکردن ئەنجام بدرێت وێنەی 7

## پێشنیار

بەپێی ئەو ئەزموونەی هونەرمەندانی کوردیش، کە لـەم بـوارەدا کاریـان کردووەو هەندێک گۆڕانکاری وردیان لەم هونەرەدا کردووە، چونکە هەنـدێک لـەو شـمەکانەیان دەسـتنەکەوتووە، کـە پێویسـت بـوون بـۆ هونـەری ئـەبرو (ئـەبرۆ).[٢٨] جـا لەبـەر ئـەوە بـۆ ئـەوەی ئاوەکـە قـورس بکـەن کـەتیرەیان لـە ئاوەکـەدا تواندۆتـەوە، یـان زراوی گۆلکیـان تێکـردووە، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی بۆیەکـە بـەجوانی بنووسـێت بـە کاخەزەکـەوەو چۆڕاوکـە دروسـت نـەکات. لەهەمانکاتیشدا بۆیەی ئاوی تیوپیان بەکارهێناوە، کە ڕەنگێکی جوانی گەش بەکارەکە دەبەخشێت، بەڵام پێویستە بۆیەکە لە قاپێکدا بە ئاو خۆشبکرێت، ئنجا کاری پێبکرێت و پێویستیشە زۆر شل نەکرێتەوە.

---

[٢٨] بۆ نموونە، خۆشنووسی کورد «سەید حیسامەدین سەید مستەفا» ئەم گۆڕانکارییانەی لەم هونەرەدا تاقیکردۆتەوە.

## هۆکاری فێرکاری

مامۆستای وانەکە هەندێک کاری ئامادەکراو نمایش دەکات. لەهەمانکاتیشدا لە ڕێگەی داتاشۆوە نموونەی کاری ئەبرو پیشان دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆخۆیشی کارێک لەبەرچاوی خوێندکارەکان ئەنجام دەدات.

چەند نموونەیەکی کاری هونەری ئەبرو:



نموونەی چەند جووڵەیەکی گرنگ لە هونەری ئەبرودا:

ئەم جووڵانە گرنگن بۆ کاری ئەبرو، چونکە پێویستی بە وریایی و لێوردبونەوەو ئەزموونکردن دەبێت، تا کارێکی جوان و پوخت و خاوێن بەرهەمبێت.









## چالاكی

مامۆستای بەڕێز... لەكاتی ئامادەكارییەكان بۆ ئەنجامدانی چالاكیدا لەوانەیە هەندێک كێشەتان بێتە ڕێگە، وەک چۆنییەتی ئامادەكردنی ئاوی قورس، یان ڕژاندنی بۆیە لەسەر ئاوەكە، یان چۆنییەتی دانانی كاخەز لەسەر ئاوەكەو دواتر هەڵكێشانەوەی. ئیدی ئەمانەش هەمووی ئاساییبن و پێویست بە دڵتەنگی ناكات، چونكە ئەوەی گرنگە بۆ ئەم پرۆسەیە ئەزموونكردنی ئەم هونەرەیەو لە هەنگاوەكانی كاركردندا كێشەكانت بۆ دەردەكەوێت و دواتریش دەتوانێت بەسەر كێشەكاندا زاڵبیت و چارەی گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە، ئنجا لەپێش چاوی خوێندكارەكان چالاكییەكە ئەنجام بدە، بەڵام گرنگە ئەم كێشانەی دێتەبەردەمت بۆ خوێندكارەكانیشی باس بكەیت و ئەوانیش هەمان ئەزموون لەماڵەوە دووبارە بكەنەوە.



سەرەتا پێویستە مامۆستا هەموو ئەو کەرەستەو شمەکانەی پێویستن بۆ ئەم چالاکییە ئامادەیان بکات، وەک: ئاوی قورس، کەتیرە، کاخەزی ئارتی تەنک، شانەی لەبزمار دروستکراو، بۆیەی تیوپی ئاوی، فلّچەی زبر، تەشت.

## هەنگاوەکانی کارکردن

سەرەتا ئاوەکە دەکاتە ناو تەشتە تەنکەکە، یان سینییەکە، ئنجا ڕێژەیەک کەتیرە دەگرێتەوە بەئاوو دەیکاتەوە ناو ئاوەکەوەو باش دەیشلّەقێنێت، تا بەباشی ئاوێتەی یەکتر دەبن، یان تۆوی کەتان و بەهێی تێدەکات بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر، ئنجا بە شانە تیلەکە ڕاست و چەپێک بە ئاوەکە دەکات، ئنجا بۆیە تیوپە ئاوییەکە لە قاپی چکۆلەدا دەگرێتەوەو ئامادەی دەکات بۆ پرژاندن بەسەر ئاوەکەدا (وێنەی ٨).



شێوازی پرژاندنی ڕەنگ لەسەر ئاو وێنەی 8

دواتر بە بزمارێک، یان شتێکی باریک یاری بە ڕەنگەکان دەکەین، وەک ئەوەی دەمانەوێت، وەک (وێنەی ٩).


یاریکردن بە ڕەنگ لەناو ئاوەکەدا وێنەی 9

بەڵام دەشتوانرێت بە هێمنی بە شانە بزمارەکە ڕەنگەکان لێکبدرێت. واتە جارێک شانەکە بەناو ڕەنگەکاندا دەبەیت، ئنجا بە بزمارەکە شێوە دروست دەکەیت، وەک (وێنەی١٠)


رابەڵەکردن بە شانە وێنەی 10

دوای ئەوەی لەئامادەکاری ڕەنگەکە دەبیتەوە، ئەوا کاخەزەکە ئامادە بکەوبەهێواشی لەلای ڕاست، یان چەپەوە لەناو ئاوەکەی ڕابخە بۆ ماوەی (٥بۆ٦) چرکە بیهێڵەوەو دواتر بەهێواشی لەئاوەکە دەریبهێنە. (وێنەی ١١)



شێوازی دانان و هەڵگرتنی کاخەز لەسەر ئاو وێنەی 11

لەکاتی ئەم چاپکردنەدا پێویستە هێمنی خۆت بپارێزیت، تا بتوانیت بە شێوەیەکی جوان و بێ لەرزین چاپەکە ئەنجام بدرێت، ئەگەرنا هەر خزینێک ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دیمەنە دروستکراوەکە دروست دەکات و شێوە ڕاستەقینەکە تێکدەدات.

لـه کۆتاییشـدا پێویسـتە کاخەزەکـە لەسەرپشـت ڕابخرێـت، تـا نەچۆڕێتـەوە. (وێنەی١٢)



داناني تابلۆكان لەسەرپشت, تا نەچۆڕێنەوە    وێنەی 12

## پێشانگەی پۆل

دوای ئەوەی مامۆستا لە تـەواوی چاپکردنەکە دەبێتـەوەو کارەکانیش وشک دەکرێنەوە، ئنجا دەتوانێت لە ڕۆژێکی دیاریکراودا پێشانگەی پۆل سازبکرێت، تا خوێندکارەکان کارە هونەرییەکان لە پڕۆژەیەکدا ببینن.

## ئەرکی ماڵەوە

مامۆسـتا دەتوانێـت بەشـێوەیەکی لاوەکـی (ئیجبـاری نـەبێت) خوێنـدکارەکان ڕابسـپێرێت بـۆ کـارکردن لەماڵـەوەو ئـەم تاقیکردنەوەیـە ئـەنجام بـدەن و لـە ئاکامەکەی ئاگاداری بکەنەوە.

## کەرەستەو شمەکی چاپکردن

مامۆستا دەتوانێت چگە لە کاخەز لەسەر شووشەو گۆزەو دیزەو قوماشیش چاپکردن ئەنجام بدات.

## فەرهەنگۆک

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Stability | إستقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Simplification | تبسيط | ئاسانکردن |
| Familiar | مألوف | ئاسایی، باو، ئاشنا |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | أخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن، پێشەکی |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Attitudes | الاتجاهات | ئاراستەکان |
| Tendency | ميل، أسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Prism | المنشور (نشور زجاجي) | ئاوێزە |
| Consciousness | الوعي | ئاگامەندی |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل، تصور | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| ،Envy Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |
| Conventional | تقليدي | باو |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Promotion | ترويج، تعزيز | برەوپێدان، پێشخستن |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |

| | | |
|---|---|---|
| Basics of Design, Principies of Design | أسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Self conscious | واع ذاته، الوعي الذاتي | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Visible | قابل للرؤية | بەربین (بەرچاو) |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەک |
| Voluntary Reaction | الاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Seek | التماس | بەرکەوتن، گەڕان |
| Perception | المدرک الحسي | بەرهەست |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، احداث، تقليد، تخليد | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خلاق | بەهرەدار |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعليم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | أصباغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | أصباغ الجواش | بۆیەی گواش |
| Water color | أصباغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | أصباغ أكريليك | بۆیەی ئەکریلیک |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار، فكرة | بیرۆکە |

| | | |
|---|---|---|
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Optic | البصري | بینەوەر |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Blocks | كتل | پارچە، تۆپەڵ |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي، الادخار المتأخر | پاشبینی |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعمق | پتەوکردن، بەهێزکردن، ڕاهێزان |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية الديناميكية | پڕجووڵە، کەسییەتی پڕجووڵە، جرپن |
| Forget it | فزولي | پرسن، کونچکاو (لەبیری بکە) |
| Project | مشروع | پرۆژە |
| Program | برنامج | پرۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برنامج تعليمية | پرۆگرامی فێرکاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Educational Plan | الخطة التعليمية | پلانی فێرکاری |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن |
| Education | تربية | پەروەردە |
| Spectrum Colors | الوان الطيف | پەلکەزێڕینە |
| An example | مثال | پەند، نموونە |

| | | |
|---|---|---|
| Curiosity | حب الاستطلاع | پەیدۆزی (لەدووگەڕان) |
| High Relief | نحت البارز | پەیکەری بەرزەڕوو، پەیکەری هەڵتۆقیوو |
| Low Pictorial | نحت مبسط | پەیکەری تەختەڕوو |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزونزم |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقڵانە |
| Artisan | حرفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکییەکان |
| Artistic elements | عناصر الفنية | پێکهاتە هونەرییەکان |
| Structure | تركيب، بنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Rebuilding | ترميم | پینەکاری، دەستپێداهێنان |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری، زانستخوازی |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیۆلۆجییەکان، زیندەکی |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Low Relief | نحت نافر | تاشینی دیار (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری(هەڵچوون بۆ ئەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەستەواژەیە بەکارنایەت، چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێک گیردەبێت) |
| Emotions | إنفعالات | تاوگیرییەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Fear | خوف | ترس |
| Flat | منبسط | تەخت |
| Translation | ترجمة | تەرجومە (وەرگێڕان) |
| Architecture | العمارة، هندسة معمارية. فن معماري، أسلوب بناء | تەلار، ئەندازیاری تەلارسازی، هونەری تەلارسازی، شێوازی تەلارسازی |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای خۆگونجاندن، توانای ڕاهاتن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینەوەرییەکان، پێکهاتە بینەوەرییەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Irradiation | اشعاع | تیشکدان |
| Rivalry | تناحر | تێکبەربوون |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |

| | | |
|---|---|---|
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێگەیشتن |
| Mix | خلط | تێکەلاوکردن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم الجمال، جمالي | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, Contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| World | العالم | جیهان |
| Globalization | العولمة | جیهانگیری |
| Print With a Fingerprint | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | شتێک) |
| Ream | غصن | چڵ |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمک، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق (الذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |
| Point Faded | نقطة تلاشي | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Purity | صفاء | خاوێنی |
| schedule | جدول | خشتە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الاحلام | خەون، خەونبینی |
| Fantasia | التخيل | خەیاڵبازی، فەنتازیا |
| Habit | عادة | خوو |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص نت الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان، خۆتاوانبارکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆچاککردن |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسک) |
| Self denial | إنكار الذات | خۆنایاندن، نکۆڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | أنانية | خۆویستی (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الاسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریک کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Invention | إبداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Innovation, Invention | ابتكار | دروستکردن، دروستکردنێکی داهێنەرانە |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستکردنی هێما |
| .Mental bygiene | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، |

| | | |
|---|---|---|
| Psychological health | | دروستی دەروونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| contradiction | تناقض | دژبەیەک |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Stupid (Moron) | الغبي (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژک، کەودەن، گەوج |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوکڵە، دەرپەڕین |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيءفي باطن الذات | دەروونزا |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| Handmade | يدوى | دەستکرد (بەدەست دروستکراوە) |
| Artificial | اصطناعي | دەستکرد، دروستکراو |
| body | هيئة | دەستە |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندی |
| Mental retardation | التأخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Repeatability | التكرار | دووبارەبوونەوە |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |

| | | |
|---|---|---|
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕاڕا، دوودڵ |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زخرفة | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنمیچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێک بڕازێنینەوە) |
| Lavish | زخرفة | ڕازاندنەوە، نەخشاندن |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | حقيقي، واقعي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێک |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين | ڕاهێنان |
| Yarn and textile | غزل و النسيج | ڕستن و چنین |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان، تەواوکاری |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتاربڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتارییەتی، ڕەوشتایەتی |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Instinct | غريزة | ڕەمەک |
| Daltonism Achromatism | عمى الالوان، عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ، بۆیە |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |

| | | |
|---|---|---|
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بەشێوەی هونەری |
| Cool color | الالوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Warm color | الالوان الحارة | ڕەنگە گەرمەکان |
| Pastel color | لون الباستل | ڕەنگی پاستیل |
| Tempra color | الوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Fresco color | ألوان الفريسكو، ألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Water color | الالوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليک | ڕەنگی ئەکریلیک |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Artistic Vision, Technical vision | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕووتەڵەک (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕووخاندن، سەرنەکەوتن |
| Lot, Platform | مسطح | ڕووتەخت |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Optical Contactor | الملامس البصرية | ڕووگە بینەوەرییەکان |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Rhythm | إقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | إقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Rule | قاعدة | ڕێسا، یاسا |

| | | |
|---|---|---|
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Regulator | منظم | ڕێکخەر، |
| Labial/ Orally | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان. زارۆک: بەکرمانجی یاتی منداڵ. خانە: بەهەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانوو. زارۆخانە، کتومت لەبری وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمانگرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زمانناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، الحضارة | ژیاری، شارستانییەت |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Simplicity | بساطة | سادەبوونەوە |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Naturalism | المذهب الطبيعي | سروشتگەرایی |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |
| coin | عملة | سکە (دراوی کانزایی) |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، |

| | | |
|---|---|---|
| | | لێوردبوونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیە، لێزانی |
| Comb | مشط | شانە، شە |
| Agitation, disturbance | إضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Spectrum | طيف | شەبەنگ، تارمایی، پلەی ڕەنگی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Light and Lysiss | تحليل الضوء | شیکردنەوەی ڕەنگ، شیکردنەوەی ڕووناکی |
| Style, method, manner, way, mode, technique | اسلوب، نمط، سلوک، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگە |
| Direct style | اسلوب مباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال الهندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Wide | واسع، عريض، شاسع | فراوان |
| Abundant | كثير، الوافر | فرە |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |
| Polychrome | متعدد التلوين | فرەڕەنگ |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ، جۆراوجۆر |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Porcelain | بورسلين | فەفوری، پۆرسەلین |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |

| | | |
|---|---|---|
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Charming, Revis | رائع | قەشەنگ |
| armor | درع، صفائح معدنية واقية | قەڵغان |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Pyramid | هرم | قووچەک |
| Graph paper | ورقة الرسم البياني | کاخەزی بەیانی، کاخەزی وێنەی بەیانی، کاخەزی میلیمەتری |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێک کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێککردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجرائات، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پراکتیکی |
| Practical | عملي | کردارەکی، کردەیی |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، دۆخ، دۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵکوەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵەکەبوون، چوونەسەریەک (بۆشێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |

| | | |
|---|---|---|
| Drilling | حفر | کۆڵین |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە، گرفت |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Humour, Funny mock | سخرية، سخر | گاڵتە: بابەتێکی هونەری، یان ئەدەبی، کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Winged ox | ثور مجنح | گای باڵدار |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسوولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Pottery, Crockery | فخار | گڵجۆشی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیک |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناک، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| tour | جولة، سفرة، زيارة | گەشت |
| Professional tour | جولة الفنية | گەشتی هونەری |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجووڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالیری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Consistency | التناسق | گونجاندن |
| Color Scheme | نظام الالوان | گونجاندنی ڕەنگی |

| | | |
|---|---|---|
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Cemetery | مقبرة | گۆڕستان |
| Modulation | تحوير | گۆڕین (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا، |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێک پەنگ بخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | إنعزال إجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Skewness, deviation | إنحراف | لادان |
| Refraction | إنحراف، إنكسار | لادان، شکانەوە |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، إنحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكات | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Profile | جانبي | لاوەکی |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفائة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتوویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەکیەکبوون |
| Polished | أملس، صقيل | لوس، ساف |
| Proceedings, procedure, steps | إجرائات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Development | تطوير | لێزیادکردن، پەرەپێدان |
| Convergence | التقاء، نقطة التقاء، تجمع | لێکنزیکردنەوە |
| Investigation | إستقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، متفنن | لێهاتوو |

| | | |
|---|---|---|
| Muscle | عضلة | ماسوولکه |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەتبوون |
| Backward child | طفل متخلف | منداڵی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |
| Mongolism (Down Syndrome) | المنغولية (تلازمة داون أو تناذر داون) | مەنگۆلی (داون سیندرۆم) |
| Seal | ختم، علامة، طابع | مۆر (وەک مۆری فەرمی دەوڵەت) |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Midi | ميدي | میدی، میدییەکان |
| History | تأريخ | مێژوو |
| Art History | تأريخ الفن | مێژووی هونەر |
| Mesopotamia | بلاد مابين النهرين | میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار |
| Brain | دماغ | مێشک، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر (نەشیاو) |
| Agnosticism | اللاايرادية | نازانکاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناکۆکی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | إغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشڕۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری، بێبەهرە |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Price | سعر، ثمن | نرخ، بەها |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Assessment | إضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشەکاری بە دەرزی و |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەزوو، دەزووکاری، دەرزیکاری |
| Deep Engraving | نقش غائر | نەخشی چاڵ (لێگرتن) |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Software | البرمجيات (الحاسوب) | نەرمەبەرنامە |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت) |
| Dissonant | متنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Fillet | زخرفة ناتئة ضيقة | نەخشاندنی تەنک |
| Secret | سر | نهێنی |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرک |
| Oil painting | رسم بألوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الاطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Proportionality | تناسب | هاوتایی، هاوڕێژەیی |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدێرن، نوێ |
| Balance | توازن | هاوسەنگ |
| Poising, Pond | اتزان | هاوسەنگی |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Teenager | المراهق | هەرزەکار |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆنەکردن |
| Consciousness | إحساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | إحساس | هەستکردن |
| Sensory Perception | الادراک الحسي | هەستکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Feelings | الاحاسيس | هەستەکان |
| Sense of Accomplishment | الاحساس بالانجاز | هەستی بەجێهێنان |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Portfolio | حقيبة | هەگبە |
| Educational bags | الحقائب التعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Relief | بارز، نافر | هەڵتۆقیو، ڕووبەرز (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Cavalletto, Stand | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، إتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Clay | صلصال، طين | هەویر، هەویری قوڕکاری |
| Art | الفن | هونەر |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artistic | فني | هونەری |
| Art Printing | الفن الطباعة | هونەری چاپگەری |
| The art is the language of communication | الفن هو لغة التواصل | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | فن تجريدي | هونەری ڕووتەڵەک |
| Graphic arts | فن جرافيک (الفنون التصويرية) | هونەری گرافیگ |
| Modern art | الفن الحديث، الفن المعاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Practical Hall | قاعة عملية | هۆڵی فرەمەبەست، هۆڵی کردارەکی، ئەزموونگە |
| Line | خط | هێڵ |
| Drawing | تخطيط | هێڵکاری |
| Lines | خطوط | هێڵەکان |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستوونی |

| | | |
|---|---|---|
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| symbolism | رمزية | هێماگەرایی |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆک، کرۆک |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | إثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | إستجابة مرجأة، رد متأخر | وەلامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | خيال، تخيل | وێناکردن، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صورة ذهنية، صورة العقلية | وێنەبیرییەکان |
| Pictorial Relief | التجسيم التصويري الاغاثة التصويرية | وێنەی بەرجەستەکراوی |
| Illustration | رسوم الايضاحية | وێنەی ڕوونکاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Monochrome | أحادية اللون | یەکڕەنگی، یەکڕەنگ |
| Proportionality | التناسب | یەکسانبوون، هاوتایی |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە، وشەکانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەکەی زمان، یەکە، وشە |

## سەرچاوە كوردییەكان

- تاهر، عبدالستار. قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- كوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء ، بەغدا، ١٩٨٥.
- خاڵ، شێخ محەمەد. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- سەعید، فایەق، دیداكتیك- مۆدێل و میتۆدەكانی وانەگوتنەوە، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چ١، تاران، ٢٠١٩.
- سوبحانی، جەلال مەحمود عەلی. ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
- عبداللـه، مجید. فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی-كوردی، چ٢، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- عمر، محمد. فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی-كوردی، چ٢، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- عەبدول، جەمال. فەرهەنگی زاراوە هونەرییەكان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.
- عەلی، خەلیل. بنەماكانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاكان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤
- محەمەد، مەسعوود- زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١
- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەكانی هونەر، ئینگلیزی-كوردی، چ٢، لەبڵاوكراوەكانی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

## سەرچاوە عەرەبییەكان

- ابراهيم، أسعد ميخائيل، مشكلات الطفولة و المراهقة، دار الافاق، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.
- أبو غزالة، هيفاء. دليل المرشد التربوى، عمان، ١٩٨٥.
- البعبع، شوقي، الفنون المنزلية، مطبوعات عبود، عمان، ١٩٩٥.

- البهامر، سعدية محمد علي، سيكولوجية المراهقة، دار البحوث العلمية، الكويت، ١٩٩٩.
- جانسون هورست و ماجنسون دورا، تأريخ الفن – العالم القديم، ت: عصام تل، دار النشر: شركة الكرمل للاعلان، ١٩٩٥.
- جودت سعادة. تعليم المفاهيم للموضوعات المختلفة، دار الكتاب، بيروت، ١٩٨٧.
- جيلام سكوت، روبرت، أسس التصميم، ت: عبدالباقي و محمد يوسف، دار نهضة مصر للنشر والتوزيع، ط٢، القاهرة، ١٩٨٠.
- حافظ، نور، المراهق، دار الفارس للنشر، ط٢، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.
- الحسنات، هدى عبدالله، الفسيفساء، وزارة التربية والتعليم، مديرية الهامة للمناهج، ط١، الصف التاسع، عمان، ١٩٩٥.
- حمودة، يحيى، نظرية اللون، عمان، ١٩٨١.
- رابح، تركي، أصول التربية والتعليم، ط١، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ١٩٨٩.
- رياض، عبدالفتاح. التكوين فى الفنون التشكيلية، ط١، (د.م) دار النهضة، ١٩٧٤.
- الزعبي، أحمد محمد. مشكلات الاطفال الفنية و السلوكية و الدراسية (أسبابها و علاجها)، دار الفكر، ٢٠٠٥.
- زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل –الدار الوطنية الجديدة، الرياض.
- زهران، حامد عبالسلام. التوجيه والارشاد النفسى، جامعة عين الشمس، ١٩٧٧.
- زهران، حامد عبدالسلام، علم النفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ط٥، عالم الكتاب، القاهرة، مصر، ١٩٩٥.
- سلامة، ياسر. الألعاب الحركية و العقلية للمدارس، دار عالم للثقافة، ٢٠١١.
- سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسى، رمزى حليم، ط١، المكتبة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.

- السيد، فؤاد ذهبي، الاسس النفسية للنمو في الطفولة الى الشيخوخة، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ١٩٩٥.
- صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – دار المعارف، القاهرة – ١٩٨٥.
- عبدالحميد، جابر. الاشراف والاستشارة، القاهرة، ١٩٧٨.
- عبدالستار ابراهيم و محمد فرغولي. السلوك الانساني، نظرية علمية، دار الكتب الجامعية، القاهرة، ١٩٧٤.
- عبدالفتاح رياض. التصوير الملون. ط١، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥.
- عبدالكريم، احمد محمد على. نظم تصميم الفنون البصرية، ط٢، اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، الجيزة، ٢٠١٣.
- عبدالله، عبدالكريم. الاساليب والدوافع الفنية، كتاب بعنوان (فنون الانسان القديم)، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٧٣.
- عبدالمجيد، مروان، النمو البدني والتعلم الحركي، دار العلمية الدولية للنشر والتوزيع، ط١، الاردن، ٢٠٠٢.
- عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال - دار المعارف، مصر: ١٩٩٥.
- عزت، دري حسن. الطب النفسي، الكويت، ١٩٨٩.
- علاوي، محمد حسن، سيكولوجية النمو للمربي الراياضي، ط١، مركز الكتاب للنشر، القاهرة، مصر، ١٩٨٨.
- عمر، محمد ماهر محمود. المقابلة فى الارشاد والعلاج النفسي، الاسكندرية، ١٩٨٥.
- عويسى، عفاف أحمد. التعامل مع الاطفال علم، فن، موهبة، الناشر: مكتبة الزهراء، القاهرة، ١٩٩٤.
- فتح الباب، عبدالحليم و رشدان، حافظ أحمد، التصميم في الفن التشكيلي، دار العام الكتب، القاهرة، ١٩٨٥.
- فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.
- فليب فنكس. فلسفة التربية، ت: محمد النجيحي، دار ماكروهيل، فرانكلين، القاهره،١٩٨٥.

- قاسم، عبير، فن الفسيفساء الروماني، ملتقى الفكر بمصر، ١٩٩٩.
- الكعبى، فاضل. الابداع و أثره فى ثقافة الطفل، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.
- الكعبي، فاضل. الطفل والهوية الثقافية، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.
- لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه، ت: سامى جمال و يوسف قطف، مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.
- مجاهد، عبدالمنعم. دراسات فى علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة، ١٩٩٠.
- محاسنة، عمر موسى. مناهج التربية المهنية و أستراتيجيات تدريسها و تقويتها، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- محمد الحمحامي و أمين الخولي، أسس بناء البرامج التربية البدنية و الرياضية، ط٢، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ١٩٩٨.
- محمد الحيلة. مهارات التدريس الصفى، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠٠٢.
- محمد طيطي و آخرون. أنتاج و تصميم الوسائل التعليمية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- محمد، على عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الازرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.
- محمد، مصطفى حنفي. مجالات فى التربية الفنية، دار المفردات، ١٩٩٧.
- مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفه الفن –دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٩.
- ممادى، شوقي. أساليب تعديل السلوك الصفي فى المرحلة الآبتدائية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٤.
- مهدى، محمد عبدالفتاح. مستويات النفس، الناشر: الملتقى المصري للابداع و التنمية، ٢٠٠٢.
- المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٣.

- نشواني، عبدالمجيد. علم النفس التربوي، دار الفرقان، عمان، ١٩٨٥.
- هانى، وليد عبدالبنى. أستخدام و توظيف تقنيات التعليم فى الحصة الصفيه، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- هاني، وليد عبدالبني. أنشطة و تطبيقات فى صعوبات التعلم، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
- وزارة التربية والتعليم، مديرية العامة للمناهج، دليل المعلم التربية الفنية للصف العاشر، ط١، عمان، ٢٠٠٦.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Arheim, Rudolf, Art and Visual Perception, universi, California Press. 1954.
- Ausubel, D. (1968): Educational Psychology- A Cognitve View. Holt, Rinehart and Winston of Canada Ltd.
- Bousquet, Monique. Curso De Ceramica, Editorial El Drac, S.L. Spain. 2000.
- Bozeman. W,C, Educational Technology: Best Practices from Americanc Schools, N J: Eye on Education. 1996.
- Brown, et. Al. AV Instuction: Techology, Media and Methods, New York: McGraw- Hill Book Company. 1977.
- Casey, Carl, "Incorporating Cognitive Apprenticeship in Multi- Media". Education Technology Research and Development, 44(1),71-83. 1996.
- Charlotte-Hug. Margo Veillon.N.P.N.D.
- Cosentino, Peter. The Ecyclopedia of Pottery Techni Ques, Running Press Book Publisheres, Pennsylvania. 1990.

- Edwin Moore. Flona Mackenzie Moore. Concise Dictionary of Art and Literature.N.P.N.D.
- Gage and Beryline, "Education  Psychology Chicago Ran McNally. 1996.
- Hill, Simona. Folk art Gifts, Lorenz Books, Published in the U.S.A by- New York. 1999.
- Jurgen weineck.Biologie de sport. Edition vigot. Paris. France .1997.
- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43.
- Korte.sport de competition. Edition vigot. Paris.france.1997.
- la dislave.H. entrainement de foot balle. Edition group Esc.lyon. france.1984.
- Lendal Haskell. Art in Early Childhood Year.N.P.N.D.
- Leo Carles Daley, Philosophy of Education, N.Y: College Notes, Inc., 1966.
- Meyer, H, "Unterrichtsme thoden, I, Therorieb and Comelese Frank fort am Main. 1991.
- Newman, F, M, "Higher Order Thinking in High School Social Studies" An Analysis of Classrooms, Teachers, Students. 1988.
- Piccirllo Michele. The comins of the Decapolis. Franciscan printing Press Jerusalem 1988.

- Shertzer, B, and Stone, S, Fundamentals of Guidance, Houghton Mifflin, Co, 1981.
- The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985.
- Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996.
- Travers, Essemtial of Learning, N.Y. MacMillan, 1977.
- Wilson Brent and Wilson Marjory, "Teaching Drawing From Art, Davis Publication, Inc, U.S.A.
- Wolff. Th.F.and Geahigan, G.Art Criticism and Education. USA: The University of IIlinos.1997.
- Wood, D.Drawing Research and Development (Art & Design Education). USA: N.P.1992.
- Zelanki, P.and Fisher, M.P.The Art og Seeing. USA: NJ. Prentice-Hall.1994.